وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان: دۆخەکە زۆر مەترسیدارەو نەخۆشیی کۆرۆنا بە خێرایی بڵاو دەبێتەوە

وەزیری تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، دۆخەکە لە ئێستادا زۆر مەترسیدارە و نەخۆشیی کۆرۆنا بە خێرایی بڵاودەبێتەوە، تاکە چارەسەریش، خۆپارێزی و پابەندبوونە بە رێنماییەکان و بەکارهێنانی ماسک، بۆیە پێویستە هاوواڵتیان ئاگادار بن و زیاتر خۆیان بپارێزن. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

ژیان

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5958) دووشەممە 22ی حوزەیران 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

پێویستە بەغدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان بگاتە رێککەوتن

سەرکردەیەکی سوننەکان باس لەوە دەکات، کەشوهەوای سیاسیی لە نێوان هەرێم و بەغدا لەبارە بۆ ئەوەی بگەنە رێککەوتن، بۆیە فشارێکی زۆری دەرەکیش لەسەر عێراق هەیە بۆ ئەوەی بگەنە رێککەوتن و، ئەمجارە من دڵنیام هەردوولا دەگەنە رێککەوتن، چونکە سەردانی ئەمجارەی سەرۆکی هەرێم دەستپێشخەرییەکی باشە و دەگەنە رێککەوتن.
(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

سەرۆکی هەرێمی کوردستان: کاتی ئەوەیە بگەینە تێگەیشتنێکی هاوبەش و هەموو دۆسیەکان یەکلا بکەینەوە





سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ هەرسێ سەرۆکایەتی و سەرکردە و لایەنە عێراقییەکان، کێشە و بەرپرسیاریێتییەکانی بە هاوبەش بۆ هەموو عێراقییان لە قەڵەم دا و گوتی: هەموومان یەک چارەنووسمان هەیە و کێشەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان کێشەی هەموو عێراقییەکانە، دووپاتیشی کردەوە دوای ئەزموونی تاڵی چەندین ساڵی گرفت و کێشەی نێوان هەردوولا، ئیتر دەبێ نەچینەوە سەر ڕابردوو، بەڵکوو ئێستا کاتی ئەوەیە بگەینە تێگەیشتنێکی هاوبەش و بە ڕێککەوتنێکی گشتگیری جێی ڕەزامەندیی هەردوولا کە ئارامی و سەقامگیری، دادپەروەری و پێشکەوتن بۆ ئێستا و داهاتووی هاوبەشمان دابین بکات، کێشەکان بە یەکجاری چارەسەر بکەین.

بەڕێزیان دۆخەکە و تەحەدییەکانی بە سەخت لە قەڵەم دا و گوتی: دەکرێ قەیرانەکان بکرێنە دەرفەت بۆ هاوکاری و پێکەوەکارکردن، بەرەنگاربوونەوەی سەختی و قەیرانەکانی ئێستای ووڵاتیش بەرپرسیاریەتیی هاوبەشی هەموانە و بەردەوامیی کێشەکان لە بەرژەوەندیی هیچ لایەنێکدا نییە، هەموومان پێکەوە بە هاوکاری، دەتوانین بگەینە تێگەیشتنێکی هاوبەش لەسەر شێوازێکی بەڕێوەبردنی باشتری وڵات تا خزمەت بە هەموو هاوواڵتیان بکرێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

ئەنجوومەنی وەزیران چەندین بڕیار دەربارەی خۆگونجاندن لەگەڵ دۆخی دارایی ئێستای هەرێم دەدات

میکانیزمی هاتوو لەم بڕیارە، ڕێکارێکی کاتییە و تەنیا بۆ مووچەی ئەمجارەیە کە دابەش دەکرێت

دوێنێ یەکشەممە 2020/6/21 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیران و بەشداریی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیران، لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی ئەنجامدا.

لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ دەربارەی دۆخی دارایی ئێستای هەرێم و هەوڵەکانی حکومەت بۆ دابینکردنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان کرا. لە دوای ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران چەندین کۆبوونەوەی ئەنجامدا بە ئاراستەی هەرچی زوو دابینکردنی شایستە دارایییەکانی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی دیراسەکردنی سەرجەم ئەگەر و دەرفەتەکان و بە ڕەچاوکردنی ئەو داهاتەی کە ئێستا لەبەردەستی وەزارەتی دارایی و ئابووریە کە بەراورد بە خەرجییەکانی مووچە و شایستەی دارایی مووچەخۆران، کورتهێنانێکی بەرچاوی تێدایە، بۆیە بە مەبەستی خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو کورتهێنانە کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتنی نارەسمی بەشە بودجەی هەرێم لەلایەن حکومەتی فیدراڵی و لێکەوتە دارایی و ئابوورییەکانی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کە سەرتاسەری جیهانی گرتەوە بە هەرێمی کوردستانیشەوە، ئەمە سەرەڕای دابەزینی نرخی نەوت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



ئەو نەخۆشەی لە کۆرۆنا رزگاری بووە قسە بۆ میدیاکان دەکات

هاوکار ڕەشید کە یەکێکە لەو گەنجە چالاکوانانەی لە کاتی قەدەغەی هاتوچۆدا لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێیدا سەرقاڵی ئەنجامدانی کاری خێرخوازی بوون بۆ دابەشکردنی یارمەتی و هاوکاری بەسەر لێقەوماواندا، بەتایبەت لەو ماوەیەدا کە هەندێک لە هاووڵاتیان بەهۆی داخستنی بازاڕ و دووکانەکانەوە بێکارمابوونەوە و نانی ڕۆژانەیان بە ئەستەم دەستدەکەوت.
(**زیاتر لە ل11 بخوێنەوە**)

کۆمیتەی ئەمەریکا بۆ ئازادییە ئاینییەکان هێرشەکانی تورکیا ئیدانە دەکات

کۆمیتەی ئەمەریکا بۆ ئازادییە ئاینییەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی USCIRF ئۆپەراسیۆنە لەشکرییەکانی تورکیا ئیدانەدەکات و داوا لە سەرۆکی تورکیا دەکات هێرشە ئاسمانییەکان و ئەو تۆندوتیژیانەی ناوچەکانی خەڵکی سیڤیل دەگەنە ئامانج ڕابگرێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

پەرلەمانی کوردستان دەست بە دانیشتنەکانی دەکاتەوە

دوای دوو هەفتە لە هەڵپەساردنی دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان بەهۆی بوونی چەند حاڵەتێکی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، بڕیارە پەرلەمانی کوردستان دەست بە دانیشتنەکانی بکاتەوە.
(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

عێراق

ماوەی هەڵپەساردنی گەشتە ئاسمانییەکانی تا یەکی تەممووز درێژکردەوە

بەڕێوەبەری گشتیی دەسەڵاتی فڕۆکەوانیی عێراق، دووریەد یەحیا جاسم لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاشکرای کردووە، پشت بەستن بە بڕیار و ڕاسپاردەکانی لیژنەی باڵای تەندروستیی و سەلامەتی نیشتمانیی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، ماوەی هەڵپەساردنی گەشتە ئاسمانییەکان تا یەکی مانگی داهاتوو، درێژکراوەتەوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

هەرێمی کوردستان.. دیاردەی خۆرگیران

کاتژمێر حەوت و 40 خولەکی بەیانی دوێنێ یەکشەممە، دیاردەی خۆرگیران لە هەرێمی کوردستان دەستپێکرد و بەپێی زانیارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کەشناسی بوومەلەرزەزانیی هەرێمی کوردستان، دیاردەیەکە ماوەی زیاتر لە دوو کاتژمێری خایاندووە. ئەم دیاردەیە کاتێک ڕوو دەدات کە مانگ دەکەوێتە نێوان خۆر و زەوی، بەم شێوەیە سێبەری مانگ دەکەوێتە سەر بەشێک لە گۆی زەوی و تاریکی دەکات و دیمەنێکی سەرنجڕاکێش پێشکەش بە هۆگرانی سروشت دەکات.

نرخی گەنمی هەرێمی کوردستان دوو هێندی نرخی گەنمی جیهانە

بەڕێوەبەری سایلۆی هەولێر بە وەکالەت ئاماژە بەوە دەکات کە ساڵانە بڕی 300 هەزار تۆن گەنمی جووتیاران وەردەگیرا و ئەمساڵیش بڕەکەی بۆ 350 هەزار تۆن زیادکراوە و لەم ڕێژەیەش بڕی 110 هەزار تۆن گەنم لە سنووری پارێزگای هەولێر لە جووتیاران وەردەگیرێت و ڕۆژانە جووتیاران گەنمەکانییان لە پەنەرەکانی سایلۆ بەتاڵ دەکەن. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیامێکی بڵاوکردەوە

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سوپاسی هەموو ئەو هاوواڵتییانەی کرد کە لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە پرسیاریان ئاراستەکردووە و ڕایگەیاند، لە دوای پۆلێن کردنی پرسیارەکان بەجۆرێک وەڵامەکانی ڕێکدەخاتەوە کە بتوانێ وەڵامی زۆرینەی پرسیارەکان بداتەوە. لە پەیامێکدا کە لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاویکردووەتەوە، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەخت دەکاتەوە، دەیان هەزار پرسیار لە دەرەوە و ناوخۆی هەرێمی کوردستان پێم گەیشتووە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە هاوواڵتیان بە پەرۆشن ئاشنای پلانی حکوومەت بن، بۆیە هەوڵ دەدەم دوای پۆلێنکردنیان وەڵامی زۆرترین ڕێژەی ئەو پرسیارانە بدەمەوە.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:


سوپاسی زۆرم بۆ هەموو ئەو هاوواڵتیانەی کە بە ڕێگای سۆشیال میدیا پرسیاری جۆراوجۆریان ئاراستەی ئێمە کردووە. بە دەیان هەزار پرسیارم لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات پێگەیشتووە. خۆزگەم دەخواست بتوانم یەک بە یەک وەڵامی گشت خۆشەویستان بدەمەوە، بەڵام ڕێژەی پرسیارەکان لەڕادەبەدەرن و ئەمەش نیشانەی پەرۆشیی هاوواڵتیانمانە بۆ زانینی پلان و بەرنامەکانی حکوومەت. خۆشبەختانە زۆربەی هاوواڵتیانمان پرسیارەکانیان لەبارەی چەند پرس و بابەتێکی دیاریکراوە، بۆیە لەدوای پۆلێنکردنیان بە جۆرێک وەڵامەکانم ڕێک دەخەمەوە، کە بتوانم وەڵامی زۆرینەی پرسیارەکان بدەمەوە.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

– جێی باسە پێشتر سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی لە هەژماری خۆی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لە پۆستێکدا داوای لە هاوواڵتییان کردبوو پرسیاری لێبکەن بۆ ئەوەی وەڵامیان بداتەوە. مەسرور بارزانی لە پۆستەکەیدا کە لە هەردوو تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک و ئینستاگرام، بە هەریەک لە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزیی بڵاویکردبووەوە، داوایکردبووە لە ڕێگەی هاشتاگی #لێم_بپرسە پرسیارەکانی ئاڕاستە بکرێت و نووسیبووی "هەوڵ دەدەم لە ماوەیەکی نزیکدا بەڕێگەی ڤیدیۆ وەڵامی هەندێک لە پرسیارە باوەکان بدەمەوە".

ئەنجومەنی وەزیران چەندین بڕیار دەربارەی خۆگونجاندن لەگەڵ دۆخی دارایی ئێستای هەرێم دەدات





دوێنێ یەکشەممە 2020/6/21 ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و بەشداریی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیران، لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی ئەنجامدا.

لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ دەربارەی دۆخی دارایی ئێستای هەرێم و هەوڵەکانی حکومەت بۆ دابینکردنی موچەی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان کرا.

لە دوای ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران چەندین کۆبوونەوەی ئەنجامدا بە ئاراستەی هەرچی زوو دابینکردنی شایستە داراییەکانی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی دیراسەکردنی سەرجەم ئەگەر و دەرفەتەکان و بە ڕەچاوکردنی ئەو داهاتەی کە ئێستا لەبەردەستی وەزارەتی دارایی و ئابووریە کە بەراورد بە خەرجییەکانی موچە و شایستەی دارایی موچەخۆران، کورتهێنانێکی بەرچاوی تێدایە، بڕیە بە مەبەستی خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو کورتهێنانە کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتنی نارەدکردنی بەشە بودجەی هەرێم لەلایەن حکومەتی فیدراڵی و لێکەوتە دارایی و ئابووریەکانی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کە سەرتاسەری جیهانی گرتەوە بە هەرێمی کوردستانیشەوە، ئەمە سەرەڕای داهەزینی نرخی نەوت. لە کاتێکدا ئەنجومەنی وەزیران پێزانینی خۆی دەردەبڕێت بۆ تێگەیشتنی موچەخۆران لەم بارودۆخە داراییە سەختە و بەتایبەتیش پزیشک و کارمەندانی تەندروستی کە لە هێڵی پێشەوەی جەنگن لە دژی ڤایرۆسی کۆرۆنا، هەروەها هێزەکانی ئاسایش و ئاسایشی ناوخۆ و پێشمەرگەش، ئەنجومەنی وەزیران لە دوای دیراسەکردنی گشت ئەگەرەکان بڕیاریدا بە:

یەکەم:

ا: تەمویلکردنی ڕێژەی 79٪ (لە سەدا حەفتا و نۆی) خەرجییەکانی موچەچۆرانی گشت وەزارەت و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت و سەرجەم سەرۆکایەتی و دامەزراوەکانی هەرێم.

ب: ڕاگرتنی تەمویلکردنی ئەو ڕێژەی 21٪ (لە سەدا بیست و یەکەی) دەمێنێتەوە لەلایەن وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە بە شێوەیەکی داڤپەروەرانە لەسەر سەرجەم موچەخۆران جێبەجێ دەکرێت بە ڕەچاوکردنی زۆریی و کەمیی شایستەی دارایی موچەخۆر.

ج: خەرجکردنی تەواوی 100٪ (لە سەدا سەدی) شایستەی دارایی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی و کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت و ئەو موچەخۆرانەش کە شایستەی دارایی (300) سێسەد هەزار دینار و خوارترە.

د: خەرجکردنی تەنیا ڕێژەی 50٪ (لە سەدا پەنجای) شایستەی دارایی ڕاسپێردراوان بە خزمەتی گشتی و خاوەن وەزیفە بالاکان و پلە تایبەتەکان لە (سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکانیان و ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرەکان و ئەوانەی بە پلەی ئەوانن و بەرێکارەکانی وەزارەت و ئەوانەی بە پلەی ئەوانن و ئەوانەی موچەچۆری بریکاری وەزارەت وەردەگرن و خاوەن پلە تایبەتەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی دادوەری و دادگای پێداچوونەوە و سەرجەم دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و گشت ئەو کەسانەی بەپێی خشتەی کارپێکراوی موچە، موچەو و دەرمالّەی هەردوو پلە بالاکی (ا) و (ب) وەردەگرن لەسەر میلاکی شارستانی و سەربازی و ئەنجومەن و دەزگای ئاسایش و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ).

هـ: برگەی سەرەوە ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە بەو پلە و وەزیفانە خانەنشین کراون یا لە دوای جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە شایستەی موچەچۆی خانەنشینی دەبن بەو وەزیفە و پلانە.

دووەم:

أ : پێویستە وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێنمایی دارایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەربکات.

ب : میکانیزمی هاتوو لەم بڕیارە، ڕێکارێکی کاتییە و تەنیا بۆ موچەی ئەمجارەیە کە دابەش دەکرێت .

ج : گشت وەزارەت و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت و سەرجەم سەرۆکایەتی و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بڕگەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لەبەر ڕۆشنایی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری و پێویستە بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەربکات.

سێیەم:

ڕاسپاردنی لیژنەی بالای دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ گەیشتن بە ئەنجام بە ئاڕاستەی دابینکردنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان.

چوارەم:

ڕاسپاردنی وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ وەرگرتنی ڕێکاری پێویست بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی ژمارە (2)ی ساڵی 2020کە لە سەرەتای مانگی تەمموزی 2020دا دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

پەرلەمانی کوردستان دەست بە دانیشتنەکانی دەکاتەوە



دوای دوو هەفتە لە هەڵپەساردنی دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان بەهۆی بوونی چەند حاڵەتێکی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، بڕیارە پەرلەمانی کوردستان دەست بە دانیشتنەکانی بکاتەوە. بەڕێوەبەری بەشی ڕاگەیاندن لە پەرلەمانی کوردستان، سامان ئەحمەد لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە داوە، دوای تۆمارکردنی چەند حاڵەتێکی تووشبوون بەڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لەناو پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکایەتی پەرلەمان بە پێویستی زانی بۆ سەلامەتی سەرجەم پەرلەمانتار و فەرمانبەرانی بۆماوەی دوو هەفتە دانیشتنەکانی خۆی ڕابگرێت.

بەڕێوەبەری بەشی ڕاگەیاندن لە پەرلەمانی کوردستان ئەوەیشی خستوەتەڕوو کە خۆشبەختانە ئەو کەسانەی تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون، دوای وەرگرتنی چارەسەر گەڕاونەتەوە ماڵەوە و تەندروستییان زۆرباشە. سامان ئەحمەد لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیەندراوەکەیدا ئاماژەی بە دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان کردووە و ڕایگەیاندووە "کاری لە پێشینەی پەرلەمان بریتی دەبێت لە دۆخی تەندروستیی لە هەرێمی کوردستان، دۆخی دارایی هەرێم، زۆری جموجۆڵی داعش لە ناوچەکێشەلەسەرەکان و بابەتە هەنووکەییەکانی ناوخۆ و هەرێمیی".

ئەمە لە کاتێک دایە کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر ژمارەیەک حاڵەتی تووشوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە پەرلەمانی کوردستان دەستنیشانکران و بەهۆیەوە ماوەی دوو هەفتە پەرلەمانی کوردستان دانیشتنەکانی هەڵپەسارد.

کۆمیتەی ئەمەریکا بۆ ئازادییە ئاینییەکان هێرشەکانی تورکیا ئیدانە دەکات

هێرشەکانی تورکیا نزیک بوون لەو شارۆچکە و کەمپانەی خێزانە ئێزدییەکان پەنایان بۆ بردوون

دەنگی ئەمەریکا/

کۆمیتەی ئەمەریکا بۆ ئازادییە ئاینییەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی USCIRF ئۆپەراسیۆنە لەشکرییەکانی تورکیا ئیدانەدەکات و داوا لە سەرۆکی تورکیا دەکات هێرشە ئاسمانییەکان و ئەو تۆندوتیژییانەی ناوچەکانی خەڵکی سیڤیل دەکەنە ئامانج ڕابگرێت.

کۆمیتەکە لە ڕاگەیاندنێکدا کە لەسەر ماڵپەڕەکەی بڵاویکردووەتەوە، نووسیویەتی کۆمیتەکەیان ئیدانەی هێرشە ئاسمانی و زەمینییەکانی ئەم دواییانەی تورکیا دەکات کە لە نزیک ناوچە سیڤیلییەکان لە باکووری عێراق ئەنجامی داون.

خانم گەیڵ مەنشن سەرۆکی کۆمیتەکە دەڵێت: USCIRF داوا لە تورکیا دەکات دەستبەجێ هێرشە ئاسمانییە دژندانەکانی بۆ سەر شنگال ڕابگرێت و هەر هێزێکی زەمینی کە زیادبوونی تۆندوتیژییەکانی لێدەکەوێتەوە بکشێنێتەوە لەو ناوچەیە کە بۆ خۆی لە مەترسی دایە. ئەو کردارانە بە تایبەتی جێی هەڕەشەن بۆ سەدان خێزانی لێقەوماوی ئێزیدی ئەوانەی دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ شنگاڵ و هەروەها بۆ ئەو خەڵکە سیڤیلانەی دیکەی دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ باکووری عێراق، هیچ کام لەوانە شایەنی ئەوە نین بخرێنە بەردەم مەترسییەوە لەلایەن هاوپەیمانێکی ناتۆوە.


ئەم کۆمیتەیە کە دەزگایەکی سەربەخۆی حکوومەتی فیدراڵی ئەمەریکایە، لە دریژەی ڕاگەیاندنەکەی دەڵێت حکوومەتی تورکیا کە بانگەشە دەکات ئەم کردارانەی هەرە نوێترین لە نێو زنجیرەیەک لە ئۆپەراسیۆنی هاوشێوەی لە شنگال لەوەتای ساڵی 2017وە، بە ڕووالەت پارتی کرێکارانی کوردستان دەکەنە ئامانج. بەڵام ئەو ئۆپەراسیۆنە کەمینە ئاینییە بێ پشت و پەناکان لە باکووری عێراق و هەروەها لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا لە بەرامبەر ئۆپەراسیۆنە لەشکرییە هەڕەمەکییەکانی تورکیا.




کۆمیتەکە هەروەها نووسیویەتی، لەوەتای ساڵی 1984ـەوە تورکیا جەنگێکی دەمدەمی لە دژی پارتی کرێکارانی کوردستان ئەنجام دەدات کە ڕێکخراوێکی جوداخوازی کوردە و ئەمەریکا وەک گروپێکی تیرۆرستی ناودێری کردووە. گەلێک جار لەشکری تورکیا هێرشی کردووەتە سەر ئەو شوێنانەی دەڵێت هی پەکەکەیە یان ئەو گروپانەیە کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە پەکەکەوە هەیە لە عێراق و سووریای دراوسێ. لەو شاڵاوە گەورەیە، تورکیا ئیدیعا دەکات لە 500 میلیتان زیاتری داوە لەو ناوچانەی کە تیایاندا هیچ ئامانجێکی نییە بۆ دانانی پلان یان ئەنجامدانی هێرش لە دژی تورکیا. جارێکی دیکە تورکیا گوێ پێنەدانی خۆی پیشان دەدات لە بەرامبەر کەمینە ئاینی و نەژادییە بێ پشت و پەناکانی لەو ناوچانە دەژین یان پەنایان بۆ بردوون.

لە کۆتایی ڕاگەیاندنەکە کۆمیتەی ئەمەریکا بۆ ئازادییە ئاینییەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی USCIRF دەڵێت لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا، وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکای ڕاسپاردووە تورکیا بخاتە نێو لیستی چاودێری تایبەتی خۆی بەهۆی تێوەگلانی یان چاوپۆشیکردنی لەو پێشێلکارییە گەورانەی بەرامبەر ئازادی ئاینی دەکرێن.

www.xebat.net
دووشەممە 2020/6/22 ژمارە (5958)









سەرۆکی هەرێمی کوردستان: کاتی ئەوەیە بگەینە تێگەیشتنێکی هاوبەش و هەموو دۆسیەکان یەکلا بکەینەوە

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ هەرسێ سەرۆکایەتی و سەرکردە و لایەنە عێراقییەکان، کێشە و بەرپرسیارییەتییەکانی بە هاوبەش بۆ هەموو عێراقییان لە قەڵەم دا و گوتی: هەموومان یەک چارەنووسمان هەیە و کێشەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان کێشەی هەموو عێراقییەکانە، دووپاتیشی کردەوە دوای ئەزموونی تاڵی چەندین ساڵی گرفت و کێشەی نێوان هەردوولا، ئیتر دەبێ نەچینەوە سەر ڕابردوو، بەڵکو ئێستا کاتی ئەوەیە بگەینە تێگەیشتنێکی هاوبەش و بە ڕێککەوتنێکی گشتگیری جێی ڕەزامەندیی هەردوولا کە ئارامی و سەقامگیری، دادپەروەری و پێشکەوتن بۆ ئێستا و داهاتووی هاوبەشمان دابین بکات، کێشەکان بە یەکجاری چارەسەر بکەین.

بەڕێزیان دۆخەکە و تەحەدییەکانی بە سەخت لە قەڵەم دا و گوتی: دەکرێ قەیرانەکان بکرێنە دەرفەت بۆ هاوکاری و پێکەوەکارکردن، بەرەنگاربوونەوەی سەختی و قەیرانەکانی ئێستای وڵاتیش بەرپرسیاریەتیی هاوبەشی هەمووانە و بەردەوامیی کێشەکان لە بەرژەوەندیی هیچ لایەنێکدا نییە، هەموومان پێکەوە بە هاوکاری، دەتوانین بگەینە تێگەیشتنێکی هاوبەش لەسەر شێوازێکی بەڕێوەبردنی باشتری وڵات تا خزمەت بە هەموو هاوواڵتیان بکرێت.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی جەختیشی لەوە کردەوە کە هەرێمی کوردستان ئامادەیە تەواوی کێشە و دۆسیە هەڵواسراوەکان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ لەسەر بنەمای دەستوور و بە ڕەچاوکردنی سیستمی فیدراڵی و ماف و ئەرکەکان و ئەولەوییەتی باری هەنووکەیی ژیان و بژێوی هاوواڵتیان چارەسەر بکات، ڕۆڵی سەرکردە و هێز و لایەنە سیاسییەکانی عێراقیشی بۆ پشتگیری لە گفتوگۆ و چارەسەر و گەیشتن بە ڕێککەوتن بە گرنگ و پێویست و ئەرکی هەموان زانی.

لای خۆیانەوە سەرکردە و لایەنە عێراقییەکان وێڕای پشتگیریان لە بۆچوونەکانی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، سەردانەکەیان لەم کات و دۆخەدا بە پەیامێکی ئەرێنی و هەنگاوێگی دروستی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بەغدا و پەرۆشی و جدییەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە قەڵەم دا و خۆشحاڵییان بە ئامادەیی هەرێمی کوردستان بۆ گفتوگۆ و چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکان و گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ دەربڕی.

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پاش ئەوەی پێرێ لە یەکەم ڕۆژی سەردانیدا بۆ بەغدا بە ئامادەبوونی بەڕێزان جێگرانی سەرۆک لەگەڵ هەر یەک لە بەڕێزان سەرۆک وەزیران، سەرکۆمار، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران و نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق کۆبوونەوە، دوێنێ یەکشەممە 21/6/2020 لە بەردەوامیی سەردانەکەیدا لەگەڵ بەڕێزان عەمار ئەلحەکیم، سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی، هادی ئەلعامری، سەرۆکی لیستی فەتح، نووری ئەلمالکی، سەرۆکی هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا و بەڕێزان لە دەستەی سیاسیی ڕەوتی سەدر کۆبوونەوەکە.

لە کۆبوونەوەکاندا پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی عێراق و هەوڵەکان و گفتوگۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان، دۆخی ئێستای وڵات و دەستبەکاربوونی حکوومەتی تازەی فیدراڵ، قەیرانی دارایی و لێکەوتەکانی پەتای قایرۆسی کۆرۆنا، مەترسییەکانی تیرۆر و فراوانبوونی جموجووڵ و هێرشەکانی داعش لە عێراق، گرنگیی هاوکاری و هەماهەنگیی پێشمەرگە و سوپای عێراق و بەردەوامیی پشتگیریی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش، ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، پاراستنی سەروەری و سنوورەکانی وڵات و بڕەودان بە پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، ناوچەکە و جیهان لەسەر بنەمای ڕێزگرتن و بەرژەوەندیی هاوبەش، تاوتوێ کران.

شایەنی باسە، دوای سەردانێکی دوو ڕۆژی بۆ بەغداو دیدارو کۆبوونەوە لەگەڵ هەرسێ سەرۆکایەتی و لایەنە سیاسییەکانی عێراق، ئێوارەی دوێنێ یەکشەممە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەڕێزان جێگرانی سەرۆک گەیشتنەوە هەولێر.

وەزیری تەندروستی:

دۆخەکە زۆر مەترسیدارەو نەخۆشیی کۆرۆنا بە خێرایی بڵاو دەبێتەوە



وەزیری تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، دۆخەکە لە ئێستادا زۆر مەترسیدارە و نەخۆشیی کۆرۆنا بە خێرایی بڵاودەبێتەوە، تاکە چارەسەریش، خۆپارێزی و پابەندبوونە بە ڕێنماییەکان و بەکارهێنانی ماسک، بۆیە پێویستە هاوواڵتیان ئاگادار بن و زیاتر خۆیان بپارێزن.

د. سامان بەرزنجی، بە مانگرتنی ڕاگەیاندووە: بە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان، لە ئێستادا دۆخەکە زۆر مەترسیدار بووە و پێویستە خەڵکی هەرێمی کوردستان زۆر وریای خۆیان بن و خۆیان بپارێزن، هەروەها ڕێگە نەدەن بەرکەوتن و دەرچوون هەبێت و بەردەوامیش ماسک دانێن، ئەگەر نا نەخۆشییەکە بە زوویی تەشەنە دەکات.

سامان بەرزنجی گوتیشی: لە ئێستادا پلانی ئێمە ئەوەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشیی کۆرۆنا خەڵک هۆشیار بێت و زیاتر خۆیان بپارێزن و ڕێنمایە تەندروستییەکانیش جێبەجێ بکەن، بۆ ئەوەی تووشی ئەو نەخۆشییە نەبن، چونکە دۆخەکە خراپە و پێویستە هاووڵاتیان ئاگادار بن، بۆیە خۆپارێزی و پابەندبوون بە ڕێنماییەکان و دانانی ماسک، تەنها چارەسەرە بۆ دووربوون لە نەخۆشییەکە.

وەزیری تەندروستی حکوومەتی هەرێم باسی لەوەش کرد: سەبارەت بەو دەرمانەی لە ڕووسیا دۆزراوەتەوە و بۆ چارەسەری کۆرۆنا بەکاردێت، ئێمە بەردەوام لەگەڵ وەزارەتی تەندروستیی عێراق لەسەر هێڵێن تا دەرمانەکە بهێنرێتە عێراق، هەر کاتێکیش گەیشت، ئێمەش بۆ چارەسەر بەکاری دێنین.

عەلا مەکی: ئاسۆی سەردانی نێچیرڤان بارزانی ڕوونە

پێویستە بەغدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان بگاتە ڕێککەوتن



سەرکردەیەکی سوننەکان باس لەوە دەکات، کەشوهەوای سیاسیی لە نێوان هەرێم و بەغدا لەبارە بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتن، بۆیە فشارێکی زۆری دەرەکیش لەسەر عێراق هەیە بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتن و، ئەمجارە من دڵنیام هەردوولا دەگەنە ڕێککەوتن، چونکە سەردانی ئەمجارەی سەرۆکی هەرێم دەستپێشخەرییەکی باشە و دەگەنە ڕێککەوتن.

د. عەلا مەکی ئەندامی هاوپەیمانی نیشتیمانی عێراقی بە سەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی، پەیوەست بە سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا، بە مانگرەی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستپێشخەرییەکی زۆر باشە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و، ئەو قەیرانانەشی لە عێراق هەیە، بۆ ئەوەی بتوانن کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن و، هەرێمی کوردستان هاوکاری عێراق بکات لە تێپەڕاندنی کێشەکان و ئەو قەیرانانەی ئێستا ڕووبەڕووی عێراق بوونەتەوە. د.عەلا مەکی گوتیشی: کەشوهەوای ئێستای نێوان هەرێم و بەغدا، ئیجابییە و چاوەڕێ دەکرێت کێشەکان چارەسەر بکرێن و فشارێکی زۆریش لەسەر حکوومەتی عێراق هەیە، کە پێویستە بەغدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان بگاتە ڕێککەوتن و، چیتر ڕێگە نادەن کێشەکان بەوشێوەیە بەردەوام بن و، پێویستە چارەسەر بکرێن، بۆیە ئەمجارە ئاسۆ ڕوونە و کێشەکان چارەسەر دەکرێت.

عێراق ماوەی هەڵپەساردنی گەشتە ئاسمانییەکانی تا یەکی تەموز درێژکردەوە



دەسەلاتی فڕۆکەوانی مەدەنیی عێراق ڕایگەیاند کە ماوەی هەڵپەساردنی گەشتە ئاسمانییەکان تا یەکی مانگی داهاتوو، درێژکردووەتەوە. لەوبارەیەوە بەڕێوەبەری گشتیی دەسەلاتی فڕۆکەوانیی عێراق، دوریەد یەحیا جاسم لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاشکرای کردووە، پشت بەستن بە بڕیار و ڕاسپاردەکانی لیژنەی باڵای تەندروستیی و سەلامەتی نیشتمانیی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، ماوەی هەڵپەساردنی گەشتە ئاسمانییەکان تا یەکی مانگی داهاتوو، درێژکراوەتەوە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، بڕیارەکە گەشتە ئاسمانییە ناڕاساییەکان بۆ گەڕاندنەوەی ئەو عێراقییانەی کە لە دەرەوە گیریان خواردووە، یارمەتییەکانی تەندروستیی، فڕیاگوزاری و کارگۆ ناگرێتەوە.

جێی باسە ڕۆژی شەممە بەڕێوەبەری ڕایگەیاندنی دەسەلاتی فڕۆکەوانی مەدەنیی، جیهان دیوان ڕایگەیاندبوو کە دەستپێکردنەوەی گەشتە ئاسمانییەکان لە فڕۆکەخانەکانی عێراق، پەیوەستە بە بڕیار و ڕێنماییەکانی شانەی قەیرانەکان و لیژنەی باڵای تەندروستیی و سەلامەتی نیشتمانییەوە. بەپێی دوایین ئاماریش تاکو ئامادەکردنی ئەم هەواڵە، 29 هەزار و222 کەس لە عێراق تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و لەو ژمارەیەیش هەزار و 13 کەس گیانیان لەدەستداوە و13 هەزار و 212 کەسیش چاکبوونەتەوە.



پیران ئەمیر

نێچیرڤان بارزانی لە بەغدا

وەک ئاشکرایە هەتا ئەو ساتەوەختەش هەرێمی کوردستان وابەستەی دەوڵەتی عێراقە و بەغداش چەقی سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی و ئابووریی عێراقە، لە ڕابردوودا و تەنانەت لە سەروەختی ڕیفراندۆمیشدا سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان جەختیان لەسەر هەماهەنگی و لێکتێگەیشتی نێوان هەولێر و بەغدا کردووەتەوە و گفتوگۆیان بە تاکە ڕێگەچارەسەری کێشەکان داناوە.

ئێستا کە داعش دەستی بە جموجۆڵ کردووەتەوە و کۆرۆناش شەپۆلی دووەمی هێناوە، سەردان و گفتوگۆی سیاسییەکان وەستاون و زیاتر گرنگی بە دیداری ئۆنلاین و گفتوگۆی ڤیدیۆ کۆنفرانس دەدرێت، بەڵام نێچیرڤان بارزانی بە مەبەستی دیالۆگ و چارەسەری کێشەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەدییەکانی ئەم قۆناغە سەردانی بەغدای کرد.

بێگومان سەردانی نێچیرڤان بارزانی لە ساتەوەختێکی گرنگ و چارەنووسساز دایە، وەک باسکرا بوونی هەڕەشەی پاشماوەکانی داعش و ڤایرۆسی کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوت و داتەپینی ئابووری ئەو وڵاتانەی نەوت سەرچاوەی سەرەکی ئابووریانە، هەروەها تێپەڕانی وڵاتانی دراوسێ و دەستێوەردانی سەربازی هەڕەشەی جدین و پێویستییان بە گفتوگۆی ڕووبەڕوو و چارەسەری بەپەلە و هەماهەنگی زیاترە.

لە لایەکی ترەوە مافە دەستوورییەکانی هەرێم و خاڵی گرنگی گفتوگۆی نێوان سەرۆکی هەرێمە لەگەڵ دەسەلاتە فیدراڵییەکان ئەوەش بەپێی بەندی یەکەم لە ماددەی سێیەمی یاسای کاراکردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، تەنیا لە دەسەلاتی سەرۆکی هەرێم دەبێت، بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی دەستکەوتی سەردانەکانی ڕابردووی نێچیرڤان بارزانی کە لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی ئەنجامی داوە و چەندینجار هەرێمی کوردستانی لە لێواری هەڕەشەی جدی پاراستووە و ئابلۆوقەکانی کۆتایی پێهێناوە، دەکرێ بگوترێ ئاسۆی ڕوون و داهاتووی گەش لەو سەردانەدا وەدی دێت و ئەنجامەکەشی لەسەر ئاستی دیپلۆماسی لە چەند کاتژمێری داهاتوودا دەردەکەون و لەسەر ئاستی کردەیی و پەیوەست بە ژیان و گوزەرانی خەڵکیش دوای سەردانی وەفدی حکوومەتی هەرێم بۆ ڕێککەوتن لەسەر مافە داراییەکانی هەرێم بۆ بەغدا کە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەنجام دەدرێت، وەردەگرینەوە.

هەر وەک لە ڕابردووشدا سەلمێنراوە کە کارەکتەری نێچیرڤان بارزانی لەڕووی دیپلۆماسییەتەوە بەهێزە و توانای قەناعەت پێهێنانی بەرامبەری هەیە لەسەر مێزی دانوستاندن و لێکتێگەیشتن بۆ چارەسەری کێشەکان، نێچیرڤان بارزانیش ئەو کارەکتەرە سیاسییەیە کە پشوودرێژانە سیاسەت دەکات و لە قەیرانەکاندا فاکتەری بەهێزی چارەسەر و لە ئاڵوگۆڕییەکانیشدا ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە ڕەخساندنی زەمینە ئاشتەوایی.

فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا بەڵێننامە بە گەشتیارانی عێراقی پڕدەکاتەوە

بەپێی زانیارییە میدیاییە عێراقییەکان، فڕۆکەخانەی بەغدا بەڵێننامەکە بەو گەشتیارانە پڕدەکاتەوە، کە دەیانەوێ لە عێراق دەربچن.

بەڵێننامەکە بریتییە لەوەی گەشتیارە عێراقییەکە بەڵێن بدات تا کاتی کۆتاییهاتنی پەتای کۆرۆنا، نەگەڕێتەوە عێراق و ئەگەر بەڵێننامەکە پڕنەکاتەوە، ئەوا ڕێگای پێنادرێ گەشتی دەرەوە بکات.



عێراق.. هێرشێکی داعش کوژرانی دوو چەکداری حەشدی شەعبی لێکەوتەوە



لە ئاکامی هێرشێکی تیرۆریستانی داعش بۆسەر هێزێکی حەشدی شەعبی لە باشووری پارێزگای سەلاحەددین باکووری عێراق، دوو چەکداری حەشدی شەعبی کوژران. سەرچاوەیەکی ئەمنی بە میدیاکانی خۆجێی ڕاگەیاندووە کە تیرۆریستانی داعش، هێرشیانکردووەتە سەر هێزەکانی لیوای 35ی حەشدی شەعبی لە ناوچەی زلاییە سەربە ناحیەی مکێشیفە باشووری سەلاحەددین.

بەگوتەی سەرچاوەکە لە میانی هێرشەکەدا، شەڕ و پێکدادان لەنێوان هێزەکانی حەشدی شەعبی و تیرۆریستانی داعش ڕوویداوە کە لە ئاکامدا دوو چەکداری حەشدی شەعبی کوژراون و چواری دیکەیش بریندارببوون، هەروەها ژمارەیەک تیرۆریستی داعیشیش کوژراون و بریندارببوون. لای خۆیەوە ڕاگەیاندنی حەشدی شەعبی لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە داوە کە هێزێکی لیوای 35ی سەربە حەشدی شەعبی لە ناوچەی زلاییە باشووری سەلاحەددین، بەرپەرچی هێرشێکی تیرۆریستانی داعیشی داوەتەوە کە لە میانیدا شەڕ و پێکدادان لەنێوان هەردوو لادا ڕوویداوە. لە ڕاگەیەندراوەکە ئاماژە بە زیانە گیانییەکانی شەڕ و پێکدادانەکە نەدراوە.

ئەڵمانیا تیرۆریستێکی عێراق ڕادەستی فەرەنسا دەکاتەوە



حکوومەتی پاریس چاوەڕوانی گەیشتنی پەنابەرێکی تیرۆریستیی عێراقیە لە ئەڵمانیاوە، دوای ئەوەی بەر لە چەند ڕۆژێک لە باکووری فەرەنساوە بەرەو هەرێمی باڤاریای ئەڵمانیا ڕایکردبوو.

پەنابەرە عێراقییەک ساڵی 2018 لەلایەن دادگایەکی فەرەنساوە بە ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی لە عێراق تۆمەتبار کرا و خرایە زیندانەوە، بەڵام دوای دوو ساڵ و ئازادکردنی بە مەرج، ڕایکردووەتە ئەڵمانیا.

دوێنێ یەکشەممە ئاژانسەکانی هەواڵی فەرەنسا باڵاویان کردەوە کە ئەحمەد حەمدان عەیاش هاوینی 2016 وەکو پەنابەر گەیشتووەتە فەرەنسا، لە 2017دا مافی پەنابەریەتی وەرگرتووە، لە 2018شدا لە باکووری ڕۆژئاوای فەرەنسا دەستگیر کرا و تۆمەتی ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی و تاوانی جەنگی درایە پاڵ کە لە عێراق ئەنجامی داببوو، بەم هۆیەوە خرابووە زیندانەوە.

دواتر لە مانگی ڕابردوودا لە زیندان هێندرایە دەرەوە و خرایە ژێر چاودێری دادوەری، بەڵام ئەو دەمودەست بەرەو ئەڵمانیا ڕایکردبوو، دوای چەند ڕۆژێک لە هەرێمی باڤاریا لەلایەن پۆلیسی ئەڵمانیەوە دەستگیر کرایەوە و بڕیارە بە زووترین کات ڕەوانەی فەرەنسا بکرێتەوە.

بەرپرسێکی پۆلیسی عێراقیش ڕایگەیاندووە کە عەیاش تیرۆریستێکی گەورەی داعشە و ساڵی 2014 بەشداری لە کوشتنی 1700 سەرباز و پۆلیسی عێراقدا کردووە، بۆیە داوایان لە فەرەنسا کردووە ڕادەستی بەغدای بکاتەوە.

بەریتانیا.. دوای خۆپیشاندانێکی دژبە نەژادپەرستی سێ کەس بە چەقۆ کوژران

لە شارۆچکەی ریدینگ سەربە شاری لەندەن پایتەختی بەریتانیا، پەلامارێکی چەقۆوەشاندن ڕوویدا. بەگوێرەی هەواڵێکی کەناڵی Sky News پەلامارەکە دوابەدوای خۆپیشاندانێکی دژبە نەژادپەرستی ڕوویداوە، بەڵام هیچ زانیارییەک نەخراوەتەڕوو لەبارەی هۆکاری پەلامارەکە و ئەوەی ئایا قوربانییەکان لە بەشداربووانی خۆپیشاندانەکە بوون یان نا. کەناڵی BBC لە هەواڵێکدا، ئەوەی خستوەتەڕوو کە پەلامارەکە لە و ناوچەیەدا ڕوویداوە کە خۆپیشاندانەکەی لێ ساز کرابوو.


ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی شارۆچکەی ریدینگ، جاسەن بروک لە ئاگادارییەکدا کە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بڵاوی کردووەتەوە داوای لە هاوڵاتییان کردووە لە ناوەندی شارۆچکەکە دوور بکەونەوە چونکە پۆلیس سەرقاڵی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیە لە ڕووداوێکی گرنگ. لەو گرتە ڤیدیۆییانەشدا کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکراونەتەوە ئەوە خراوەتەڕوو کە هێزەکانی پۆلیس و تیمەکانی تەندروستیی، سێ بریندارە پەلامارەکە دەگەیەنن نەخۆشخانە.

ئامارەکانی کۆرۆنا لە بەڕازیل و مەکسیک

ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بەردەوامە لە بڵاوبوونەوە بە وڵاتانی جیهاندا. بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی وەزارەتی تەندروستیی بەڕازیل بڵاوی کردوونەتەوە تەنها لە 24 کاتژمێردا، هەزار و 22 تووشبووی دیکەی ڤایرۆسەکە گیانیان لەدەستداوە و ژمارەی ئەو کەسانەی تا ئێستا لەو وڵاتە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گیانیان لەدەستداوە گەیشتووەتە 49 هەزار و 976 کەس. هەروەها 36 هەزار و 666 حاڵەتی نوێی تووشبوون بە ڤایرۆسەکە تۆمار کراون و ژمارەی تووشبووان گەیشتووەتە، یەک ملیۆن و 67 هەزار و 579 کەس. زۆرترین حاڵەتەکانیش لە شاری ساو پاولۆ ناوەندی بازرگانیی بەڕازیل تۆمار کراون کە بریتین لە 215 هەزار و 793 حاڵەتی تووشبوون و 12 هەزار و 494 حاڵەتی گیانلەدەستدان. دوای ساو پاولۆش، شاری ریو دێ جانیرۆی پایتەخت دێت کە 95 هەزار و 537 حاڵەتی تووشبوون و هەشت هەزار و 824 حاڵەتی گیانلەدەستدانی تیادا تۆمار کراوە. بەپێی ئامارەکانی ماڵپەڕی Worldometer بەڕازیل لەڕووی زۆری ژمارەی گیانلەدەستدان و تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، دوای ئەمەریکا لە ڕیزبەندی دووەمی جیهان و ڕیزبەندی یەکەمی ئەمەریکای لاتین دایە.

بەهەمان شێوە لە مەکسیکیش ژمارەی تووشبووانی ڤایرۆسەکە لە هەڵکشان دایە. بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی وەزارەتی تەندروستیی مەکسیک بڵاوی کردوونەتەوە لە 24 کاتژمێردا، 387 تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گیانیان لەدەستداوە و بەمەیش ژمارەی ئەو کەسانەی تا ئێستا بەهۆی ڤایرۆسەکەوە لەو وڵاتە گیانیان لەدەستداوە گەیشتە، 20 هەزار و 781 کەس. هەروەها چوار هەزار و 717 حاڵەتی نوێی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ تۆمار کراون و ژمارەی تووشبووان گەیشتووەتە، 175 هەزار و 202 کەس. 131 هەزار و 686 کەسیش دوای تووشبوونیان بە ڤایرۆسەکە چاکبوونەتەوە.





سوپاسالاری یۆنان بۆ تورکیا:

هەموو ئەوانە دەسووتێنین کە پێیان بخەنە نێو خاکەکەمان

قوستەنتینۆس فلۆرۆنس، سوپاسالاری یۆنان ئامادەباشی وڵاتەکەی بۆ وەڵامدانەوەی هەر هەنگاوێک کە لەلایەن تورکیاوە بنرێت ڕاگەیاندو هەڕەشەی ئەوەشی کرد هەموو ئەوانە دەسووتێنن کە پێیان بخەنە نێو وڵاتەکەیانەوە. لەمباریەوە کەناڵی Open تەلەفزیۆنی یۆنان لەسەر زاری سوپاسالاری سالاری یۆنان ڕایگەیاندووە، بەڵەوەی دڵنیا ببنەوە کە کێیە و هەرکەسێک پێی بخاتە نێو خاکی یۆنان ئەوا دەیسووتێنن.

هەروەها فلۆرۆنس بە دووری نەزانی ململانێی سەربازی لەگەڵ تورکیا ڕووبدات ئەگەر ئەنقەرە هێڵی سوور ببەزێنێ. گوتیشی: ململانێی سەربازی پێشبینیکراوە و کەس ناتوانێ ئەم پێشبینییە بەهەند وەرنەگرێت، ئەگەر لەکاتێکدا هەر شتێکی لەم بابەتە ڕوویدا، ئەمە لەسەر یەک خاڵ ناوەستێتەوەو کاردانەوەی خێرای دەبێت.

سوپاسالاری یۆنان جەختیشیکردەوە کە هەر کەسێک پەلاماری هێزە چەکدارەکانی یۆنان بدات باجێکی زۆر گەورە دەدات و دراوسێکانیش ئەمە باش دەزانن، ئەگەریش پەلامار بدرێن، ئەسینا دەزانێ چۆن وەڵام بداتەوە.

شایانی باسە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو یۆنان لەوکاتەوە گرژی زیاتری بەخۆیەوە بینیوە کە تورکیا سنووری ئاویی لەگەڵ حکومەتی ویفاق وەتەنی لە تەرابلوس وێناکردۆتەوە کەشتی گەورەی بۆ دۆزینەوەی نەوت بۆ ئەو ناوچانە ڕەوانە کە یۆنان بە ناوچەی خۆی دەزانێ.

وەزارەتی تەندروستیی عێراق: زیادبوونی ژمارەی تووشبووان بە کۆرۆنا پێشبینیکراو بوو

هۆکاری زیادبوونی ژمارەی تووشبووان بۆ پابەند نەبوونی هاووڵاتییان بە ڕێوشوێنەکانی خۆپارێزیی دەگەڕێتەوە



بەریەکاری وەزارەتی تەندروستیی و ژینگەی عێراق، حازم جومەیلی ڕایگەیاند کە زیادبوونی ژمارەی تووشبووان و گیانلەدەستدان بە قایرۆسی کۆرۆنای نوێ بەم دواییانە لە عێراق، پێشبینیکراو بوو.
حازم جومەیلی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: هۆکاری زیادبوونی ژمارەی تووشبووان و گیانلەدەستدان بە قایرۆسی کۆرۆنا، بۆ پابەند نەبوونی هاووڵاتییان بە ڕێوشوێنەکانی خۆپارێزیی دەگەڕێتەوە کە ئەوەیش پێشبینیکراو بوو.
بەریەکاری وەزارەتی تەندروستیی و ژینگەی عێراق، حازم جومەیلی هۆشداری دا لە زیادبوونی ژمارەی قوربانییان بە قایرۆسی کۆرۆنا لە عێراق دا و گوتی: ئەگەر ژمارەی تووشبووان و گیانلەدەستدان بە قایرۆسی کۆرۆنا لە عێراق زیاد بکات، ئەوا ڕەوشی کەرتی تەندروستیی دەکەوێتە مەترسییەوە.
جێی باسە بەپێی دواینی ئامارەکان تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە، 29 هەزار و222 کەس لە عێراق تووشی قایرۆسی کۆرۆنا بوون و لەو ژمارەیەیش هەزار و13 کەس گیانی لەدەستداوە و 13 هەزار و 212 کەسیش چاکبوونەتەوە.

ڕووسیا.. ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا 584 هەزاری تێپەڕاند



ژووری ئۆپەراسیۆنی تایبەت بە بەرنگاربوونەوەی بڵاوبوونەوەی قایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە ڕووسیا لە ڕاگەیەندراوێکدا ئەوەی بڵاوکردەوە کە لە24 کاتژمێردا، حەوت هەزار و 728 حاڵەتی نوێی تووشبوون بە قایرۆسی کۆرۆنای نوێ تۆمار کراون و ژمارەی تووشبووانی قایرۆسەکە گەیشتووەتە، 584 هەزار و 680 کەس.
هەروەها 109 حاڵەتی نوێی گیانلەدەستدان تۆمارکراون و ژمارەی ئەو کەسانەی لەو وڵاتە بە قایرۆسی کۆرۆنای نوێ گیانیان لەدەستداوە گەیشتووەتە، هەشت هەزار و 111 کەس.
لە مۆسکۆی پایتەختیش ژمارەی تووشبووان بۆ کەمتر لە هەزار کەس دابەزی و لە 24 کاتژمێردا، 968 حاڵەتی تووشبوون بە قایرۆسی کۆرۆنای نوێ تۆمار کران و ژمارەی تووشبووان گەیشتووەتە 213 هەزار و 946 کەس، هەروەها 32 تووشبووی دیکەی قایرۆسەکە گیانیان لەدەستداوە و ژمارەی ئەو کەسانەی تا ئێستا بەهۆی تووشبوونیان بە قایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە مۆسکۆ گیانیان لەدەستداوە گەیشتووەتە، سێ هەزار و 597کەس.
جێی باسە یەکەم حاڵەتی تووشبوون بە قایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە ڕووسیا لە 31ی کانوونی دووەمی ڕابردوو و یەکەم حاڵەتی گیانلەدەستدان لە 19 ئاداری ڕابردوودا، تۆمارکران.

وەزیری تەندروستی ئێران: لەوانەیە کۆرۆنا تا دووساڵ بەردەوام بێت



سەعید نەمەکی، وەزیری تەندروستی ئێران ئەمڕۆ یەک شەممە ڕایگەیاندووە کە ئێران تا ئێستا لە ڕووبەڕووبونەوەی شەپۆلی یەکەمی بڵاوبونەوەی قایرۆسی کۆرۆنا بەردەوامەو لەوانەشە قایرۆسەکە تا دوو ساڵ بەردەوام ببێت. لەمبارەیەوە ئاژانسی تەسنیمی ئێران لەسەر زاری نەمەکی گواستویەتییەوە کە ڕایگەیاندووە: تا ئێستا ئێمە لە شەپۆلی یەکەمی قایرۆسەکەداین، ڕەفتاری قایرۆسەکە لە باشووری هەرێمی کرمان جیاوازە لەگەڵ ڕەفتارەکانی لە هەرێمەکان و شارەکانی دیکە وەک کهرمزگان و میناب و بەندەر عەباس. هەروەها نەمەکی ئاشکرای کردووە کە لەسەدا87 ی تووشبووانی ئێران بەدەست قەڵەوی و نەخۆشی شەکرەو نەخۆشییە دڕێژخایەنەکان دەنالێنن.

سەرۆکی پەرلەمانی ئێران: بەهەموو شێوەیەک دانوستان لەگەڵ ئەمەریکا قەدەغەیە

سەرۆکی پەرلەمانی ئێران، محەمەد باقر قالیباف لە لێدوانێکدا ڕەخنەی لە بڕیارەکەی ئیدارەی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆم بۆ پێ نەدانی مۆڵەتی چوونە ناو دوو وێستگەی ئەتۆمی ئێران گرت و ڕایگەیاند "بڕیارەکەی ئاژانسی وزەی ئەتۆم جارێکی دیکەیش ئەوەی سەلماندەوە کە وڵاتانی ئەوروپا جێی متمانە نین.
ئێمە دژبە گفتوگۆ و دانوستان نین، بەڵام لەبەر ئەوەی پێمان وایە دانوستان لەگەڵ ئەمەریکا زیانبەخشە، بەهەموو شێوەیەک دانوستان لەگەڵ واشنتۆن قەدەغەیە.
لەبارەی دانوستانیش لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا پێویستە دانوستانەکان بەبێ متمانەکردن ئەنجامبدرێن".
محەمەد باقر قالیباف باسی لەوەیش کرد ئەگەر بڕوا بەوە بهێندرێت کە ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆم دەزگایەکی سەربەخۆیە، ئەوا دەکرێت دانوستانی لەگەڵ ئەنجام بدرێت. ڕۆژی 19ی حوزەیران پڕۆژەیاسایەک لەلایەن فەڕەنسا، بەریتانیا و ئەڵمانیاوە پێشکەشکرا و داوا کرا مۆڵەت بدرێت پشکنەرانی ئاژانسی وزەی ئەتۆم بچنە ناو دوو وێستگەی ئەتۆمی ئێران کە نزیکەی چوار ساڵە بەڕووی پشکنەراندا داخراون.
پڕۆژەیاساکەش بە 25 دەنگی بەڵێ بەرامبەر دوو دەنگی نەخێر پەسەند کرا.
پێشتریش لە ساڵی2015 دا، لەنێوان ئێران و وڵاتانی ئەمەریکا، ڕووسیا، چین، بەریتانیا، فەڕەنسا و ئەڵمانیا "وڵاتانی پێنج کۆ یەک" ڕێککەوتنی ڕێکخستنی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران واژوو کرابوو، بەڵام دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی دۆنالد ترەمپ، ئەمەریکا یەکلایەنە لە ڕێککەوتنەکە کشایەوە و دووبارە سزای سەپاندەوە بەسەر ئێراندا.



ئەمەریکا.. گیانلەدەستدان بە کۆرۆنا 122 هەزاری تێپەڕاند

لە ئەمەریکا لەماوەی 24 کاتژمێردا،579 تووشبووی دیکەی قایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COVID-19) گیانیان لەدەستداوە، کۆی گشتیی گیانلەدەستدان بە قایرۆسەکە لەو وڵاتە بۆ 122 هەزار و سێ بەرزبووەتەوە .ئەمەریکا کە لەسەرئاستی جیهان زۆرترین کاریگەریی قایرۆسی کۆرۆنای نوێی کەوتووەتە سەر، بووەتە ناوەندی پەتاکە و زۆرترین ژمارەی گیانلەدەستدان لە وڵاتەکە تۆمارکراوە.
بەپێی زانیارییەکانی ماڵپەڕیWorldometer کە زانیاریی نوێکراوەن سەبارەت بە حاڵەتە نوێیەکانی تووشبوون لە وڵاتان و هەرێمەکان، لە ماوەی 24 کاتژمێردا، ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە ئەمەریکا تووشی قایرۆسی کۆرۆنا نوێ بوون،33 هەزار و 565 کەس زیادیکردووە و گەیشتووەتە دوو ملیۆن و 331 هەزار و 673 کەس. هاوکات ژمارەی ئەو کەسانەی گیانیان لەدەستداوە 579کەس زیادیکردووە و بووەتە 122 هەزار و سێ کەس. لەڕووی حاڵەتەکانی تووشبوونەوە لە دوای ئەمەریکا، هەریەک لە بەڕازیل بە یەک ملیۆن و 70 هەزار و 139 حاڵەت، ڕووسیا بە584 هەزار و 680 حاڵەت و هیندستان بە 415 هەزار و 624 حاڵەت دێن.
لەسەر ئاستی ناوخۆی ئەمەریکاش، لە کاتێکدا ژمارەی حاڵەتەکانی تووشبوون و گیانلەدەستدان لە ویلایەتی نیویۆرک لە داکشاندایە بەڵام لە سەرووی ڕیزبەندیی ئەو ویلایەتانەدایە کە زۆرترین کاریگەری قایرۆسی کۆرۆنا لەسەریانە. تا ئێستا لەو ویلایەتە 410 هەزار و 434 حاڵەتی تووشبوون تۆمارکراوە و 31 هەزار و 174 تووشبووش گیانیان لەدەستداوە. لەدوای نیویۆرکیش هەریەک لە کالیفۆرنیا بە 175 هەزار حاڵەتی تووشبوون و نیوجێرسی بە نزیکەی لە 172 هەزار حاڵەت دێن.



بوونی بۆشایی سیاسی هۆکاری سەرەکی لاوازی هەرێمی کوردستانە




سەگڤان هالو

دواکەوتنی کورد لەوەی کە تاکو ئێستا نەیتوانیوە ئامانجی خۆی بپێکێت و ببێتە خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ بەخۆی و هۆکاری مانەوەی بەبێ دەوڵەت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بوشاییە سیاسییەی کە لە نێو مااڵی کورددا هەبووە و هەیە ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە بەرژەوەندیی هاوتەریبی دەوڵەتە زلهێزەکان لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە و بە تایبەتیش ئەو دەوڵەتانەی کورد و خاکی کوردستان بە سەریاندا دابەشکراوە، بەاڵم ئێمەی کورد زیاتر دەبووایە و دەبێ لایەنی نێوخۆییمان بە هەند وەرگرتبووایە و وەربگرین لە لایەنی دەرەکی، چونکە کورد ئەگەر نێو مااڵی خۆی ڕێک بخاتەوە، بێگومان لە سەر ئاستی دەرەکیش حیسابی بۆ دەکرا و دەکرێت و پێگەو سەنگێکی بە هێزی دەبێت.
حزبی سیاسی لە هەموو شوێنێکی دونیا بە تایبەت لە نێو وڵاتە پێشکەوتووە دیموکراسییەکاندا کاتێک دەنگی جەماوەر مسۆگەر دەکات و دەگاتە دەسەاڵت بۆ ئەوەیە خزمەتی گەل و وڵاتەکەی بکات و ئاسایشی نیشتیمانی لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا بپارێزێت، چونکە بەرپرسیارە لە بەردەم خەڵکی وڵاتەکەیدا ، بەاڵم بە داخەوە لە هەرێمی کوردستان کە هێشتا پەیوەستە بە دەسەاڵتی ناوەندی بە ناو یەکێتی فیدراڵی عێراق خاوەن قەوارەیێکی سەربەخۆ بە خۆی نییە، حزبی سیاسی وامان هەیە کە بە ڕۆژ بەشداری لە پڕۆسەی سیاسیدا و بە شەویش تا پێی بکرێت ئەزموونی فیدراڵیی وڵاتەکەی خۆی بە ئامانج دەگرێت و شێلگیرانە دوژمنایەتی دەکات، جا ئەمە لە ژێر کاریگەریی دەوڵەتانی هەرێمیدا بێت یانیش لە ژێر کاریگەریی حیقدی سیاسیدا کە پێم وایە هەردووکی ڕاستە.
لە چێبوونی بۆشایی سیاسیدا دوژمنانی کورد بەردەوام زیانیان بە دۆزی ڕەوای کورد گەیاندووە بە ئاسانی، کوردیش نە لە ڕابردوو و نە لە ئێستاشدا نەک هەر وانەی وەرنەگرتووە لە ڕابردووی خۆی، بەڵکو بەشێکی زۆری حزبە سیاسییەکان وەکو ئەو کێبڵانەی ئەمەریکای سەدەی شازدەی زایینی بە تایبەت ئەوانەی کە لە نێو مااڵکاندا خزمەتی خاوەنەکانیان دەکرد، تەنها بۆ بەدەستهێنانی جلە کۆنەکان و پاشماوەی خواردنی خاوەنەکانیان ببوونە جاسوس و دژایەتی بەرەی شۆڕشگێڕەکان و ئازادیخوازەکانیان دەکرد و هیچ جۆرە ئامانجێکیان نەبوو تەنها بەدەستهێنانی جلی کۆن و پاشماوەی خواردن نەبێت.
جا ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان کە ساڵی 2020 کویلەکانی ئێمەش لە پێناو بەرژەوەندییەکی تەسکدا ئامادەبوونە و ئامادەشن خاک و گەلی کوردستانیش بفرۆشن و کەرامەت و ئیرادە و ناسنامەی نەتەوەییش ببەخشن بە دوژمنان و نموونەش زۆرن پێویستە بە باسکردنیان ناکات. لە ئەنجامدا ئەوە دوپات دەکەمەوە کە هەتا کورد مااڵی خۆی ڕێکنەخاتەوە، هیچکات نابێتە ژمارەیێکی حیساب بۆ کراو لە سەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتیدا بە گشتی.

وەزارەتی تەندروستیی: لەماوەی تەنها یەک هەفتەدا سێ جار هێرش کراوەتە سەر نەخۆشخانە و دامەزراوە تەندروستییەکان

وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان داوا لە وەزارەتی ناوخۆ و هێزە ئەمنییەکان دەکات هەموو هەوڵێکی خۆیان بخەنەگەڕ بۆ پاراستنی گیانی پزیشکان و کارمەندانی تەندروستیی



وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان داوا لە وەزارەتی ناوخۆ و دامودەزگاکانی ئەمنیی دەکات کە هەموو هەوڵێکی خۆیان بدەن بۆ پاراستنی گیانی پزیشکان و کارمەندانی تەندروستیی و ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی هەر جۆرە هێرش و ڕووداوێکی ناڕەوا کە بەناحەق دەکرێتە سەر پزیشکان و کارمەندانی تەندروستیی.

وەزارەتی تەندروستیی لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژە بەوە دەکات هەروەک هەموو لایەک ئاگادارن ماوەی چەندین مانگە پزیشکان و کارمەندانی تەندروستیی و فەرمانبەرانی تەندروستیی خۆنەویستانە بەبێ گوێدانە ماندووبوون لە بەرامبەر مەترسی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە خزمەتکردن و شەونخوونیی بەردەوامن، وەک سەربازی ون چاونەترسانە بوونەتە قەڵغانی پاراستن و چارەسەرکردنی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بەگشتی و لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم پەتایە بەتایبەتی. جگە لەوەی لە پاڵ ئەو هەموو خزمەت و ماندووبوونەدا، چەندین حاڵەتی توشبووی ئەم پەتایەش لەنێویاندا تۆمارکراوە.

سەرلەبەیانی دوێنێ، د سالار عوسمان بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە دیوانی وەزارەت پێشوازی کرد لە ستانیسواف کۆلنیسکی جێگری کۆنسوڵی گشتی پۆڵۆنیا لە هەرێمی کوردستان.

لەو دیدارەدا وێڕای باسکردنی بایەخی پەیوەندییە کلتوورییەکان، هەردوولا جەختیان لە کاری هاوبەشی کلتووریی و پتەوکردنی پەیوەندییەکان کردەوە.

دووبارە ژیانیان بۆ دەگەڕێتەوە و دەگەڕێنەوە ناو خێزانەکانیان و هاتووە بۆ ئەم مەبەستەیش داوا لە وەزارەتی ناوخۆ و دامودەزگاکانی ئەمنیی لە پۆلیس و ئاسایش دەکەین کە هەموو هەوڵێکی خۆیان بدەن بۆ پاراستنی گیانی پزیشکان و کارمەندانی تەندروستیی و ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی هەر جۆرە ڕووداوێکی لەم جۆرە و وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی بەرامبەر ئەو هێرشە ناڕەوایانە کە بەناحەق دەکرێتە سەر پزیشکان و کارمەندان و فەرمانبەرانی نەخۆشخانە و دامەزراوە تەندروستییەکان.

لە کۆتاییشدا، وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان داوا لە هاووڵاتیان دەکات کە خۆیان بە دووربگرن لە هەڵچوون و هەموو کارێکی ناشارستانی و نایاسایی، هەروەها داوا لە پزیشکان و کارمەندانی تەندروستییش دەکات کە ئارامی زیاتر و ڕوحی مرۆڤدۆستانە بنوێنن و هاووڵاتییانیش دڵنیادەکاتەوە کە پزیشکان و کارمەندان لە ڕوانگەی هەستکردن بە ئەرک و بەرپرسیاریەتی و فریشتە ئاسا لە خەمخۆری و بەرژەوەندی هاووڵاتییاندان.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە بەداخەوە لەماوەی ئەم هەفتەیەدا بۆ سێیەمین جار هێرشکراوەتە سەر نەخۆشخانە و دامەزراوە تەندروستییەکان، سەرەڕای هەڕەشە و سووکایەتیکردن بە پزیشکان و کارمەندانی تەندروستیی کە دواترینیان دوێنێ شەو بوو.

لە ڕاگەیاندراوەکەی وەزارەتی تەندروستییدا ئەوەیش خراوەتەڕوو کە نەخۆشخانە و دامەزراوە تەندروستییەکان مۆڵکی گشتین و شوێنێکی پیرۆزن، چونکە ڕۆژانە بە هەوڵ و ماندووبوونی پزیشکان و کارمەندانی تەندروستیی چەندین کەس

ئەحمەد کانی: دکتۆر و کارمەندانی تەندروستی بوونە قەڵغانی بەرگری دژی کۆرۆنا



بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان دووپاتی دەکاتەوە، دکتۆر و کارمەندانی تەندروستی کە شەو و ڕۆژێان خستە سەر یەک بۆ پاراستنی تەندروستی هاوڵاتیان لە پەتای پڕ مەترسی کۆرۆنا و ژیان و گیانی خۆیان لەو پێناوەدا خستە مەترسی،جێی شانازین و میژوویەکی پڕ لە شانازی و دڵسۆزیان بۆ خۆیان تۆمارکرد.

پاش نیوەڕۆی دوێنێ یەک شەمە 21ی حوزەیرانی 2020 ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی کارگێڕانی لق و بەرپرسی نووسینگەی پزیشکانی سەر بە لقی دوو و د.دلۆڤان محەمەد فاتیح بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر،لەگەڵ ژمارەیەک لە دکتۆرەکانی شاری هەولێر کۆبوەوە،لەو کۆبوونەوەیەدا بەرپرسی لقی دوو سوپاس و ستایشی ئەو دکتۆرانەی کرد کە بێ سڵکردنەوە چەند مانگێکە بەو پەڕی توانا و دڵسۆزیەوە ڕووبەڕووی پەتای کۆرۆنا بوونەتەوە بەرگری لە ژیان و تەندروستی هاوڵاتیان دەکەن، پێشی وابوو میژوویەکی پڕ لە شانازی و دڵسۆزیان بۆخۆیان تۆمارکردووە و گەلی کوردستان هەوڵ و شەونخونی و دڵسۆزی ئەوان لەبیر ناکات.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا، ئەحمەد کانی ئاماژەی بە دۆخی ئابووری هەرێمی کوردستان کرد و دڵنیاییدا لەوەی کە بە هەوڵە دیبلۆماسیەکانی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سیاسەتی حەکیمانەی بەڕێز سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان،ئەو دۆخە سەختەش تێدەپەڕێنین وەک چۆن پێشتر دۆخی لەوە سەختتریان دەرباز کردووە.

بەرپرسی لقی دوو ئاماژەی بەوە کرد کە وەک چۆن بە گیانی خۆیان بەرگریان لە خاکی کوردستان کردووە،دکتۆر و کارمەندانی تەندروستیش بە گیانی خۆیان بەرگریان لە تەندروستی و گیانی هاوڵاتیان کردووە و بوونە قەڵغانی دژی کۆرۆنا ،بۆیە شتێک نییە بەرامبەری ئەو دڵسۆزیەی ئەوان بێت.

بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان پێشوازی لە جێگری کۆنسوڵی گشتی پۆڵۆنیا کرد



گۆڕانکاری لە ئیدارەی پارێزگای دهۆک دەکرێت



بڕیارە گۆڕانکاری لە ئیدارەی پارێزگای دهۆکدا بکرێت و ژمارەیەک بەرپرس و بەڕێوەبەری گشتیی سنووری پارێزگای دهۆک بگۆڕدرێن.

سەرچاوەیەکیش ئاشکرای کرد، گۆڕینی شەش بەڕێوەبەری گشتی یەکلا بووەتەوە.

سەرچاوەیەک لە پارێزگای دهۆک ڕایگەیاند: گۆڕانکارییە ئیدارییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پارێزگای دهۆکیش دەگرێتەوە و بڕیارە ژمارەیەک بەرپرس و بەڕێوەبەری گشتیی پارێزگای جێگرێکی پارێزگاری دهۆک گۆڕدراوە و بۆ جێگری دووەمیش کە پشکی برایانی کریستیانە چاوەڕێی نادنی ناوی کاندیدەکەیان دەکەین بۆ ئەوەی سێ کەس دەستنیشان بکەن و یەکێکیان ببێت بە جێگری پارێزگاری دهۆک.

دەربارەی گۆڕینی بەرپرسی یەکەم کارگێڕییەکان و پارێزگاریش، سەرچاوەکە دەڵێت: سااڵی ڕابردوو هەندێ گۆڕانکاری کراوە، بەاڵم گۆڕینی پارێزگار هێشتا دیار نییە، ناتوانم بڵێم پارێزگاریش دەگۆڕدرێت یان نا.

هەرچەندە لەنێو شەقامی دهۆک زۆر ناو باڵاوەدەکرێنەوە بۆ ئەوەی پۆستی پارێزگاری دهۆک وەربگرن، بەاڵم تا ئێستا بەفەرمی هیچ ناوێک بۆ ئەو پۆستە یەکلانەبووەتەوە.

سۆران.. شوێنە گەشتیارییەکان تا کۆتاییی ئەم مانگە داخران



بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری سۆران ڕایگەیاند، لەپێناو خۆپاراستنی زیاتر لە مەترسییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا، لەلایەن ژووری ئۆپەراسیۆنی پارێزگای هەولێرەوە بڕیار درا بە داخستنی شوێنە گەشتیارییەکان تاوەکو 2020/7/1 بەاڵم ئەوەی دەبیندرێت، بەشێک لە هاووڵاتیان و گەشتیاران پابەندی ڕێنماییەکان نەبوون.

لەو بارەیەوە بارزان محەمەد، گوتی: ئێمە لە سەرەتای کردنەوەی شوێنە گەشتیارییەکانەوە ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستیمان جێبەجێ کردووە، بەاڵم لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ژووری ئۆپەراسیۆنی پارێزگای هەولێر بڕیاریدا بە داخستنی هەموو شوێنە گەشتیارییەکان لە سنووری پارێزگا بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک، خۆشبەختانە هەموو خاوەنشوێنە گەشتیارییەکان پابەندی بڕیارەکە بوون، وەک ئەوەی دەبیندرێت لە شوێنە گەشتیارییەکان بەشێک لە هاووڵاتیان و گەشتیاران وەکو پێویست خۆیان ناپارێزن و پابەندی بڕیارەکە نین.

بارزان محەمەد ئەوەیشی ڕاگەیاند: ئێمە وەکو گەشتوگوزار هەموو ڕێنماییەکانی تەندروستیمان لە شوێنە گەشتیارییەکان جێبەجێ کردووە، لە ڕۆژی هەینییەوە هەموو شوێنەکان داخراون؛ وەک کەپرەکان و چێشتخانە و کافتریاکان.

بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری سۆران جەختی لەوەش کردەوە: هیوادارین هاووڵاتیان و گەشتیاران لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنادا پابەندی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی بن.

ناوبراو دەشڵێت: تەنیا ڕۆژانی هەینی شوێنە گەشتیارییەکان جمەیان دێت لە هاووڵاتیان و گەشتیاران، لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا 7000 هەزار بۆ 8000 هەزار گەشتیار سەردانی شوێنە گەشتیارییەکانی دەڤەری سۆران و ڕواندزیان کردووە.

هەولێر.. تۆمەتبارێک لە کاتی فڕۆشتنی مادده هۆشبەرەکان دەستگیرکرا



بەڕێوەبەرایەتیی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان لە ئاسایشی هەولێر ڕایدەگەیێنێت، تۆمەتبارێکیان لە شاری هەولێر لەکاتی فرۆشتنی مادده هۆشبەرەکان دەستگیرکردووە کە زیاتر لە شەش کیلۆگرام مادەی هۆشبەری پێبووە. بەپێی ڕاگەیێندراوێکی بەڕێوەبەرایەتی مادده هۆشبەرەکان ئەو کەسەی دەستگیرکراوە "بڕی شەش کیلۆ و 550 گرام مادەی هۆشبەری لەدەستگیراوە".

بەڕێوەبەرایەتیی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان ئاماژە بەوە دەدات کە ئەو مادده هۆشبەرەی دەستی بەسەردا گیراوە پێکهاتووە لە سێ کیلۆگرام حەشیش، بڕی کیلۆیەک و 800 گرام تلیاک و بڕی کیلۆیەک و 750 گرام شیشە.

تۆمەتبارەکە بەپێی یاسای 14ی مادده هۆشبەرەکان پەڕاوێز لێکۆڵینەوەی بۆ کراوەتەوە و ڕەوانەی بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە کراوە.



خەیار و تەماتەی شارەزوور هەرزانفرۆش دەکرێت

بەڕێوەبەری کشتوکاڵی شارەزوور: پێویستە بەرهەمە خۆماڵییەکان بە پیشەسازی بکرێن

ڕاپۆرت: عەلی بانیشاری

سەرەڕایی بوونی 72193 هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵی لە قەزای شارەزوور، بەڵام بۆ ئەمساڵ تەنها 240دۆنم زەویی بە خەیار و تەماتە چێنراوە. کەمی ڕووبەری زەوی چێنراو بە بەرووبوومی هاوینە بۆ ساخنەبوونەوەی لە بازاڕدا دەگەڕێتەوە. ئەگەرچی زەوی شارەزوور باشترینە بۆ کشتوکاڵکردن بەتایبەت بۆ(خەیار، تەماتە، ماش، بیبەر، کونجی...هتد)، بەڵام وەکو جووتیارانی ناوچەکە دەڵێن: چاندنی بەرووبوومی هاوینە لە پاشەکشەدایە.

بەڕێوەبەری کشتوکاڵی شارەزوور ئاماژە بۆ ئەوەی دەکات بێ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لایەنەکانی دیکە پایەندی جێبەجێکردنی یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان نابن، ئەوەیش بە ڕێگریکردن لە هاوردەکردنی بەرهەمی هاوردە و جێبەجێکردنی ئەو ڕەسمە گومرگییەی لەسەر بەرهەمە هاوردەکان دانراوە. دەشڵێت: یەکێک لەڕێگەکان بۆ ئەوەی بەرهەمی جووتیاران لەم کاتەدا ساخ بێتەوە، بەپیشەسازیکردنی بەرهەمی خۆماڵییە. عەبدولکەریم عارف باس لەڕێگەیەکی دیکە بۆ هەمان مەبەست دەکات و دەڵێت: دانانی ساردخانەی گەورە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان هاوکارێکی باش دەبێت بۆ ئەوەی بەرهەمی جووتیاران هەرزانفرۆش نەکرێت.

ناجی حسێن، جووتیارێکی قەزای شارەزوورە و دەڵێت: چاندی بەرووبوومی هاوینە بەراورد بە رابردوو لە پاشەکشەدایە. دەڵێت: ساخنەبوونەوەی بەرهەمی خۆماڵی وایکردووە بەشێک لە جووتیاران ئارەزووی کشتوکاڵکردن نەکەن و خۆیان بە کاری دیکەوە خەریک بکەن. ئەو جووتیارە باس لەوەشدەکات چەندین مانگ خەریکی خزمەتکردن بەرووبووم دەبن، بەڵام کە پێدەگات کەس لێی ناپرسێت. ناجی گوتیشی: بەشێک لە جووتیاران سالا هەیە ئەوەی لە چاندن و خزمەتکردنی خەیار و تەماتە و بەرهەمە ڕووکییەکانی دیکە خەرجی دەکەن، لە قازانج دەستیان ناکەوێت. زیاتر لە هەفتەیەکە خەیار و تەماتەی شارەزوور گەیشتووەتە بازاڕەکان. بۆ جووتیاران کیلۆی خەیار و تەماتە **250** دینار دینار دەکات. خاوەن زەویە کشتوکاڵییەکان پێیان وایە ئەمە هەرزانفرۆشکردنی بەرهەمی خۆماڵییە و بەکەم سەیرکردنییەتی. عەبدولکەریم عارف، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی شارەزوور دەڵێت: هەرزان فرۆشکردنی بەرهەمی جووتیاران کاریگەری لەسەر ژیان و گوزەران و ڕەنج و ماندووبوونی جووتیاران دەبێت، چونکە ساخنەبوونەوەی بەرهەم لە بازاڕدا ڕاستەوخۆ وا لە جووتیار دەکات بۆ ساڵی داهاتوو لە چاندنی ئەو بەرووبوومانە پاشەکشە بکات.

ناوبراو جەخت لەسەر پێویستی هاوکاریکردنی حکوومەت بۆ جووتیاران دەکاتەوە و دەڵێت: پێویستە حکوومەت لە پێدانی بنەتۆو و پێداویستییەکانی بەبازاڕکردن و تێچووی گواستنەوەی بەرهەم لە کێڵگەوە بۆ عەلووەکان هاوکاری جووتیاران بکات. بەم شێوەیە کەمتر بارگرانی لەسەر شانی جووتیار دروست دەبێت و هاندانێکی باشیشە بۆ ئەوەی جووتیاری زیاتر ڕوو لە چاندنی بەرووبوومی هاوینە بکات.

بەپێی یاسایی ژمارە 4ی ساڵی 2008 کە تایبەت بە پاراستنی بەرووبوومی خۆماڵی حکوومەتی هەرێم تەئکیدی لەسەر گرینگیدان بە بەرووبوومی ناوخۆیی کردووەتەوە. لەلایەکی ترەوە لە 2015ەوە وەزارەتی کشتوکاڵ ڕەسمە گومرگی خستووەتە سەر بەرهەمی هاوردە. بەشێوەیەک بۆ هەر کیلۆیەک تەماتە بڕی(250) دینار ڕەسمە گومرگ وەردەگرێت تا بەرهەمی هاوردە نەتوانێت کێبڕکێی بەرهەمی خۆماڵی بکات. بەڵام وەکو جووتیاران باسی لێوە دەکەن ئەو ڕەسمە گومرگییە جێی خۆی نەگرتووە.

بەهۆی ساخنەبوونەوەی لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان بەرهەمی تەماتە و خەیاری شارەزوور ڕەوانە پارێزگاکانی عێراق دەکرێت. لەو بارەیەوە بەڕێوەبەری کشتوکاڵی شارەزوور دەڵێت: خەیار و تەماتە دەشتی شارەزوور پاش گەیشتنی بە عەلووەکانی هەڵەبجە و سەیدسادق و سلێمانی ڕەوانەی پارێزگاکانی خوارو ناوەڕاستی عێراق دەکرێت، ئەمە بۆ ئەوەیە جووتیاران تاڕادەیەک سوودمەند بن. دەشڵێت: بەپێی ڕێکەوتنی وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێم و عێراق هاوردە و هەناردەکردنی بەرهەمە ڕووەکییەکان لە نێوان پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و عێراق ڕێگەپێدراوە.



نرخی گەنمی هەرێمی کوردستان دوو هێندی نرخی گەنمی جیهانە

بەڕێوەبەری سایلۆی هەولێر بەوەکالەت: هەوڵماندراوە پڕۆسەی وەرگرتنی گەنم بەبێ گرفت بێت بۆ ئەوەی بتوانین بەزووترین کات شایستە داراییەکان داوا بکەین



پڕۆژەیەک لەبەردەستدایە بۆ ئەوەی گەنمی جووتیارانی کوردستان بە بازاڕی جیهانی بکرێت

خەبات: هەولێر

ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو دەستکرا بە وەرگرتنی گەنمی جوتیاران و بڕیاریشە پڕۆسەکە بەردەوام بێت، بەڕێوەبەری سایلۆی هەولێر بە وەکالەت ئاماژە بەوە دەکات کە ساڵانە بڕی 300 هەزار تۆن گەنمی جووتیاران وەردەگیرا و ئەمساڵیش بڕەکەی بۆ 350 هەزار تۆن زیادکراوە و لەم ڕێژەیەش بڕی 110 هەزار تۆن گەنم لە سنووری پارێزگای هەولێر لە جووتیاران وەردەگیرێت و ڕۆژانە جووتیاران گەنمەکانییان لە پەنەرەکانی سایلۆ بەتاڵ دەکەن.

بەڕێوەبەری سایلۆی هەولێر بەوەکالەت، هێمن سەید مورادی ئاماژە بەوە دەکات کە بۆ وەرگرتنی گەنمی جووتیاران، پارێزگای هەولێریان کردووەتە نۆ ناوچە و دەشڵێت: ئێستا پڕۆسەکە بە خێرایی دەڕوات بەڕاورد بە چەند ڕۆژی ڕابردوو. هێمن سەید مورادی گوتیشی: ئێمە لە 14ی مانگ دەستمان کرد بە وەرگرتنی گەنمی جووتیارانی سنووری پارێزگای هەولێر و خشتەیەکمان داناوە کە تیایدا هەولێر کراوەتە نۆ ناوچە و، لە سەرەتاشدا دەستمان کرد بە وەرگرتنی گەنمی جووتیارانی سنووری شارەدێی قوشتەپە، بڕی ئەو گەنمەی کە وەدرێدەگرین 110 هەزار تۆن گەنمە و بڕەکە لە ساڵی پار زیاترە.

وەرگرتنی گەنمی جووتیاران لە سایلۆکاندا، بە چەند ڕێکارێکدا دەڕوات و سەرەتا کێشی گەنمەکە وەردەگیرێت و دواتر ڕادەی شێی گەنمەکە و پاشان پۆلێنی گەنمەکە دەکرێت بۆ ئەوەی بزاندرێت لە کام نمرەدایە و لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری سایلۆی هەولێر بە وەکالەت، هێمن سەید مورادی گوتی: سێ جۆری گەنم هەیە، کە لە ڕووی کوالێتی و نرخەوەش جیاوازن، بۆ نموونە، گەنمی نمرە یەک بە 560هەزار دینار وەردەگیرێت، گەنمی نمرە دوو بە 480 دینار و گەنمی نمرە سێ بە 420هەزار دینار وەردەگیرێت، بێگومان بەرهەمی جووتیاران لەو بڕە زۆر زیاترە چونکە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان 390هەزار تۆن گەنمی جووتیاران وەردەگیرێت و لەو ڕێژەیەش هەولێر 110هەزار تۆن گەنمی بەردەکەوێت.

هێمن سەید مورادیش دەخاتەڕوو کە ناوچەی شەمامک و قوشتەپە زۆرترین ڕێژەی گەنمی بەردەکەوێت بەهۆی ئەوەی زیاتر کاری کشتوکاڵی و چاندنی گەنم لەو ناوچانە دەکرێت.

ئەگەرچی پڕۆژەیەک هەبوو بۆ ئەوەی گەنمی جووتیارانی هەرێمی کوردستان بە بازاڕی جیهانی بکرێت بەڵام نرخی تۆنی گەنم لە بۆرسەی جیهانی زۆر هەرزانترە لەو نرخەی کە حکوومەتی عێراقیی دەیکڕێت، واتا تۆنی گەنم لە بۆرسەی جیهانی لە دەوروبەری 200دۆلارە، بەڵام ئەو گەنمەی حکوومەتی عێراق دەیکڕێت 480 دۆلارە، ناتوانێت ململانێی گەنمی دەرەوە بکات چونکە لە دەرەوە نرخ هەرزانترە، ئەم نرخەش بۆ پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و هاندانی جووتیاران بووە.

ساڵانە جووتیارانی هەرێمی کوردستان کێشەی وەرگرتنی شایستە داراییەکانییان هەیە لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە، بەڕێوەبەری سایلۆی هەولێریش ئاماژە بەوە دەکات کە هەوڵی ئەوەیان داوە پڕۆسەی وەرگرتنی گەنمەکە بێ گرفت بڕوات بۆ ئەوەی بە زووترین کات داوای شایستە داراییەکان بکەن و لەمبارەیەوە هێمن سەید موردا گوتی: هەوڵماندراوە پڕۆسەی وەرگرتنی گەنم بەبێ گرفت بێت بۆ ئەوەی بتوانین بەزووترین کات شایستە داراییەکان داوا بکەین، پلانی ئەوەمان هەیە ڕۆژانە دوو هەزار و **500** تۆن گەنم وەربگرین، لە ڕۆژانی سەرەتادا پڕۆسەکە تۆزێک بە سستی بەڕێوەدەچوو، چونکە حکوومەتی عێراقی دەسەلاتی ئەوەی پێ نەدابووین کە گەنمەکان لە پەنکەرەکان وەربگرین، تەنیا دەسەلاتی ئەوەمان هەبوو گەنم لە بەنزەکان وەربگرین و ئەم شێوازەش تۆزێک سستە و پێویستی بەکات هەیە، چونکە هەر بارهەڵگرێک پێویستی بە **15**بۆ **18** خوولەک هەبوو بۆ بەتاڵکردنی بارەکەی، بۆیە لەم دوو ڕۆژەدا ڕەزامەندییمان وەرگرت تا گەنمەکان لە پەنکەرەکانیش وەربگرین، ئەمەش شێوازی وەرگرتنی گەنمەکەی خێراتر کردووە بە جۆرێک پێشتر ڕۆژانە **50**بۆ **60** بارهەڵگرمان وەردەگرت و ئێستاش لە سەرووی **100** بارهەڵگر وەردەگرین.



سەرکردایەتی حەکیمانە و کوردایەتی لە قۆناغە سەختەکاندا



رێبوار حەمەلاو شوانی

هەڵکەوتەی جیوسیاسی و ئێکۆنۆمی کوردستان کەوتۆتە ناوچەیەک کە بە دریژایی مێژوو چەقی مڵمڵانێی زلهێزان و ولاتانی ناوچە و بەتایبەت داگیرکەرانی کوردستانە، ئەوانەی کە دوور لە ویستی گەلی کورد خاک ونیشتیمانی کوردیان بە خاکی خۆیانەوە لکاندووە.

مێژوویی دوور ونزیکمان گەواهیدەری ئەو راستییەیەکە هیچ گەلی کورد حەزی بە داگیرکردنی خاکی دراوسێیەکانی نەبووە و باوەری جەنگ نەبووە ،، بۆیە، خەباتی چەکدار و راپەرینەکانی و ئێستا خەباتی شارستانیشی لە پێناو چەسپاندن و گەراندنەوەی خاکی داگیرکراویی بووە .. لەو پێناوەشدا قوربانی و باجی گەورەی بەخشیووە.

لەبەرانبەردا، نەیاران لەگەڵ ئەوەی هەردەم هەموو جۆرە چەک و پیلانگێڕییەکیان بەکارهێنانەوە تا کورد وکوردستان خاوەنی سەربەخۆیی و شکۆ نەبێت زۆرجاران کاریان لە سەر دروستکردنی دووبەرەکی و ناوچەگەریتی و لێکترازانی کورد کردووە ، ساوێلکەی و نارۆشنبیری هەندێک هێزولایەنی کوردی و کەوتنە ژێر پیلانگێری نەیارانمان زیانی زۆری لێکەوتۆتەوە . بەڵام بەهیمەتی کوردپەروەران و نیشتیمانپەروەران رێگری لەو زیانانە گیراوە .

هەرێمی کوردستانیش لە ماوەی سێ دەیەی رابردوو ، هەوراز و نشێوی زۆری بڕیوە و ڕووبەرووی پیلانگێری وجەنگی کوردکوژی و قەیرانی زۆر کراوەتەوە، بەڵام دیسان بە هۆی خۆراگری میللەتەکەمان بوونی رابەرایەتییەکی حەکیمانە و ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە ناکۆکیی و ناتەبایی کە کاریگەریان لە سەر دەستکەوتەکان و ناوبانگی کورد هەبێ ئەوا توانیویان بەرۆکی ئەو مەرامانە بگرن .

بۆیە کوردستان لە ئێستادا ، لە قۆناغێکی هەستیار و چارەنووسسازدایە، خاوەن پرۆژەی کوردستانێکی بەهێزترە و خاوەن پرۆژەی چاکسازی و ئابووری گرنگە ، لە رابردوو و ئێستاش سەرەڕای گشت قەیران و کۆسپەکان هەنگاویی گەورەی هاویشتووە بەرەو پێشەوە ، بەڵام دیارە وەک هەمیشە نەیارانمان چاویان پێی هەڵنایەت و بەردەوام هەوڵی تێکدانی رێگەی کاروانەکەمان دەدەن .

سەرۆک بارزانی ، لە ماوەی **58** ساڵ خەبات و تێکۆشانی بێ وچانی لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماسی و پێشمەرگایەتی ، بەردەوام کاری بۆ چەسپاندنی مافەرەواکانی کوردوکوردستان کردووە و بە چاوێکی کوردانە و دروو لە هەموو حزبایەتی بەرتەسەک کاری بۆ دروستکردنی چەترێک و کۆکردنەوەی هێزولایەنە نیشتیمانپەروەرەکان کردووە و ئامادە بووە هەمیشە باجی گەورە ببەخشێ بەڵام گەل و نیشتیمانەکەی سەربڵند بن.

ئێمە شەهیدی زۆرمان بەخشیووە و مالوێرانی و ئاوارەیی زۆرمان بنیەنیووە ئاوات و هیوایەکی زۆرمان بە ئایندە هەیە ، بەتایبەت بوون بە خاوەن کوردستانێکی سەربەخۆ، دەوڵەتی کوردی، بەرقەرارربوونی ئاشتی کۆمەڵایەتی، خۆشگووزەرانی خەڵک، ئەمانە بەشێکن لەو خۆزگانەی کە هەموو خەڵک هیوایان بۆدەخوازێت،واتە ئومێدی گەلن، بەڵام بۆئەم جۆرە خوزگانەش ئەبێت لە ولاّت سەرکردەیەکی کارزان ولێهاتوو هەبێت بۆئەوەی هەوڵی هاتنە دی ئومێدەکان بدات و کاریان بۆبکات.


نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان یەکێکە لەو کەس و سەرکردانەی کە جێگەی ئومێدە، بۆ هێنانەدی خۆزگەکانی گەل، بەلای زۆربەی خەڵکەوە بەوەی لە حزبەکەی ئەوبێت یان بۆچوونی جیاوازتر بێت و سەربەلایەنێکی تری سیاسی بێت. ئەوکاتەی کە کوردستان لە ژێر هەڕەشەی گەمارۆدان دابوو ، ئەوا بە کاریزمایی و بڵیمەتی خۆی توانیی گەل ونیشتیمانەکەی بە سەرکەووتوانە بگەیەنێتە کەناری دڵنیایی.

هەروەها ئەو کاتەی کە ناوچەکە و دونیا لە ژێر هەڕەشەی تیرۆر دابوو ، ڕێزدار مەسروور بارزانی ، توانی ڕەوشی سەقامگیری و ئارامی کوردستان بە پاریزراویی و ئاشتی بهێڵێتەوە و کوردستان ببێتە شوێنێکی دڵنیایی بۆ هەموان بە تایبەت پێکهاتەکان، پەنابەران و کۆنسۆڵخانە و کۆمپانیا گەورەکان . لە ئێستاشدا ، بە دروشمی کوردستانی بەهێز و چارەنووسسازدا ، لەلایەکی پرۆژەی چاکسازی و ئاوەدانی و لەلایەکی تر قەیرانی دارایی و ڕووبەرووی مەترسییەکی گەورە ئەویش ڤایرۆسی کۆرۆنا و لەلایەکی ترەوە جەنگی گەندەڵکاران وپرۆژەی چاکسازیی جێبەجێ دەکات پاراستنی گیانی هاوڵاتیانی کوردستان.

هەموومان لە بیرمانە.. هەر دوێنی بوو، گەلی کورد بەرابەرایەتی سەرۆک بارزانی، گەورەترین دەستکەوت و مێژوویی پرشنارزیی بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی تۆمار کرد، هەر دوێنی بوو، توانیی سەرکەوتن بە سەر درندەترین دوژمنی مرۆڤایەتی کە داعش بوو تۆمار بکات ، و هەر دوێنی بوو ، توانیی شکست بە پیلانگێری سڕینەوەی قەوارەی دەستووری هەرێمی کوردستان بهێنێت. هەموو ئەم خەسڵەت و سیفاتانە پێمان دەڵێن کە سەرکردایەتیی کردن لە قۆناغە سەختەکاندا پێوستی بە حیکمەت و کاریزمایی و بریاری حەکمیانەی ئەم ڕێبەرو سەرکردانە هەیە.



پڕۆژەیەکی زۆر سەیرو سەمەرە؟!



د. مەیادە نەجار

هەندێ پەڕلەمانتاری دژ بە کوردستان پڕۆژەیەکی زۆر سەیرو سەمەرەیان ئامادەکردووە، کەخودی خۆیان باوەڕیان پێی نیە و زۆرباش دەزانن،پڕۆژەکە بە مردوویی لە دایک بووە و هەرگیز بواری جێبەجێکردنی نییە،چونکە دژی دەستوور و خواستە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکانی خەڵکی کوردستانە.

دەکرێ بپرسین ئەگەر بەغدا نیازی هەیە موچە و شایستە داراییەکان بنیرێت، ئەوا چ حیکمەیێتێکی تێدایە، خۆی دابەشی بکات، ئەوە ئەو پرسیارەیە کە زۆربەی دەسەڵاتدرانی بەغداشی توشی سەرسوڕمان کردووە لەو داهێنانە خۆفرۆشیە ئەو پەڕلەمانتارە کوردانە بۆ نەهێشتنی قەوارەی دەستووری هەرێمی کوردستان ئامادەیان کردووە،کە درێژکراوەی هەمان ئەو عەقلیەت و نەفسیەتە خۆ بەکەم زانی و جاشایەتییەیە کە پێشنیاری بڕینی بودجە و موچەیان بۆ مالیکی کرد،خۆفرۆشی و نەزانی هەندێک نوێنەرانی کورد عەرەبەکانیان تووشی شۆک کردووە، کە دەبینن هەندێک لەو پەرلەمانتارانە نەک نازانن ئەرکەکەیان چیە بەڵکو لەپێناوی خۆ دەرخستن و چوونەپێش پڕۆژەی سەیرو سەمەرە پێشکەش دەکەن کە لەگەڵ واقعی سیاسی و یاسایدا یەک ناگرێتەوە.

ئەگەر کەمێک لێی وردبینەوە دەبینین گواستنەوەی موچەی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا، نەک کەمکردنەوەیە، بەڵکو لێدانێکی گەورەیە لە سەروەریی هەرێمی کوردستان، چونکە ئەوکات دەبێت ڕاژەی هەموو فەرمانبەرانی هەرێم بچێتە بەغدا، ئەمەش لەرووی دەستوری و یاساییەوە بابەتێکی ڕەتکراوەیە و پێشێلکردنی دەستووری هەمیشەییە.

ئەم هەنگاوە سەیرو سەمەرە و خۆ هەڕاجکردنە یەکەمجار نەبێت، چونکە پێشتر لەسەردەمی حەیدەر عەبادی نەیارانی کورد لەکاتی بڕینی بودجەی ساڵی **2017** هەوڵێکی بێوچانیان بۆ هەمان بابەتی نادروست دا، ئامانجی سەرەکیش ئەوەبوو کە هەرێمی کوردستان وەک پاریزگایەکی ئاسایی عیراق مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، هەرچەندە ئەوکاتیش چەند پەرلەمانتارێکی کورد بەیانوی جیاواز هاوکارییان بوون، بەڵام هەر زوو شکستییان هێنا ، چونکە خودی بابەتەکە پێچەوانەی یاسایەوە بەغدا خۆی زۆرباش دەزانێت جێبەجێ کردنی ئەو کارە پێشێلکردنی دەستوورە بەتایبەتی ماددەکانی **17**و **121**ی دەستووری هەمیشەی عێراق.

لەم چوارچێوەیەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی ئەم هەوڵەی ئەمجارەش نەزۆکە ، چونکە بەغدا نایەوێت خۆی تووشی کێشەیەکی دەستووری و یاسایی بکات و بە ئاشکراو لەم کاتە هەستیاردا دەستوور و یاسا پێشێل بکات، چونکە شپرزەی باری ئابووری و ڕەوشی ئاڵۆزی سیاسی عێراق لە ئاستێکدایە ڕێگەی ئەوەی پێنادات کارێکی لەو جۆرە بکات، لەلایەکی دیکەوە هەرگیز پڕۆژەیەکی لەو شێوەیە سەرکەوتوو نابێت، کە پاڵپشتی دەستووری نەبێت و هۆکاری یاسایی و باوەڕپێکراوی نەبێت.

ئەوەی گرنگە ئەو پەرلەمانتارانەی کە بەداخەوە لەسەر کورد حیسابن ئەم کارە دەکەن، بەهانەیەکی زۆر لاواز و ناڵۆژیکیان و لە ڕێگایەوە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەتوانن موچەی فەرامانبەرانی هەرێم مسۆگەر بکەن، بەڵام حەقیقەتی بابەتەکە گەڕاندنەوەی قەوارەی دەستووری هەرێمی کوردستانە بۆ خاڵی سفڕ، گرێمان عێراق ئەو سەرکێشیەی کرد و دەستوورو یاسای وڵاتی پێشێلکرد، جگە لەوەی ئەم کارەی دەبێتە هۆی نانبراوکردنی هەزاران فەرمانبەری کوردستان چونکە ئەو ژمارەیەی لە بەغدا هەیە، لە **2014** شەوە یەک کەسی بۆ زیاد نەکراوە، واتا نزیکەی نیوەی موچەخۆرانی هەرێم نانبڕاو دەکرێن،لەهەمان کاتدا حکومەتی بەغدا بە پێشێلکردنی دەستوور دەکەوێتە دۆخێکی نەخواستراو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و لە ڕووبەڕووبونەوەی دادگاشدا دۆڕانی مسۆگەرە،بۆیە ئەو کوردە بۆرانەی کاریان دەستدرێیی کردنە بۆ نەیاران و ئەوانەش کە پێشنیاریان بۆ دەکەن دەزانن ناتوانن مێژوو بۆ دواوە بگەڕێنەوە و کوردستان و خەڵکەکەی لە مافە دەستووریەکانیان بێبەش بکەن.





شڤان غازی

ژ کانیێ ڤەدخون و شێلی دکەن مخابن هوسا وەلات ئاڤا نابیتن

هەمی لایەنێت کوردستانی ل حکومەتێ دا پشکدارن و هەمی پێکڤە یێ لسەر سفرێ دەمێ حکومەت بهێز بیتن هەمی خودان زەند و بازن لێ دەمێ تەنگ دبیت بارودوخ تێک دچیت هەمی دبێژن پارتی ئەگەرە ما هەتا کەنگی دێ پەندێ ژ رابردووی وەرگرن ئەوێن ڤیاین پارتی لاواز بکەن و هزرا کودەتایێ لسەر پارتی بکەن بخو ژ ناف چووینە ، هزر نەکەن پارتی یا کرە ژ لاوازیا پارتیە لێ ئارمانجا پارتی یا سەرەکی ئەوە ئەف مللەتە لبن نەهامەتیان نەژیتن مساومێ لسەر مافێن گەلێ خو ناکەتن و نوکە پارتی بخو کریە ئارمانج ئێککگرتنا مللەتێ کورد ژ هەر تشتەکی گرنگ ترە ، ئەگەر هوین راست دبێژن حکومەت یا لاوازە یان ڕێگری دنافدا هەیە بوچی وەزیرێن وە دناف حکومەتێ دانە هەمی کار ب رون و ئاشکرایی بێن دهێنە بڕێڤە برن بوچی دەمێ بەرفرەهیان هوین هەمی قەهرەمانێت گورەپانێ بوون دەمێ بارودوخ تێک چوویی هوین هەمی ژبن باری دهێنە دەر و پارتی تاوانبار دکەن ، باش بزانن خەلک یێ گەهشتیە وێ باوەرێ چەوا وە ڤیا ریفراندومێ تێک بدەن و چ بەرهەم نەبیت وەسا وە دڤێتن ئەڤرو ژی وێ مێژویا پیس و ڕەش دووبارە کەنەڤە ، وە دڤێت پیروزبێت ڤی مللەتی ژناف ببەن بو مووچەی هەر هەرێم نەمینیت لێ باش بزانن ئەگەر نوکە ژی راپرسیەک بهێتە کرن و بێژن وە دڤێت بچنە سەر بەغدا و مووچە بەردەوام بیتن یان دێ بێ مووچە بن پشت راستم ئەندام و لایەنگرێت پارتی دێ برساتیێ هەلبژێرن و من باوەریا هەی وەکی ریفراندومێ خەلکێ وە ژی یێ دلسوز دێ هەمان بوچون هەبیتن و بێ حورمەتییێ لسەر خو قبول ناکەن ، ئەف مللەتە وەسا هاتیە پەروەدەکرن حەش خاک و وەلات و زمان و کەلتورێ خو بکەن ئەگەر برسی ژی بن لێ هندەک لایەنێت کوردستانی دڤێن ڤان هەمی پیروزیان لبەر دلێ خەلکی ڕەش بکەن و هەرێمێ لبەر دلێ خەلکی ڕەش بکەن لێ وە هەژمار بو دلسوزان نەکریە خەلکەک یێ هەی ب نان و ئاڤێ دێ ژین و هەیبەتا کوردبوونا خو ژ دست نادەن ، کەرەمکە عیراق ئیران سوریا هەمی هەڤ سنورن دگەل مەدا چەندین سالە دەولەتن مینا مە نە پێشکەفتی نە ، خەلکێ عیراقێ یێ هەوار دکەن بو سەرکردێن خو دبێژن هەرن هەرێما کوردستانێ بیتن وان دلسوزێت هەین ، ئەگەر ئەف دژاتیا هنگ دگەل مللەتێ خو دکەن بو تورەکرنا شەقامێ کوردی هین ببنە ئێک دست ل ناڤ دەست دێ مەزنترین فشارێ ئێخنە سەر حکومەتا عیراقێ بو بدەستڤە ئینانا مافێن ڕەوایێن گەلێ کوردستانێ ، باش بزانن هزار سالان بو پارەی خیانەتێ بکەن هەر دێ لبەر دەست و پێت دوژمنان بن وە چ هەیبەت نابیتن دەمێ تو مللەتێ خو دفروشی دوژمن قەت باوەرێ بتە نائینیتن دێ ئەو ژی تە خاین بیتن ، خەلک وەسا هاتینە تێگەهاندن عیراق ماف دارە پارێ مە ببرێتن باشە پا بوچی نابێژن ئەوێن مووچەی دبرن و بووینە دەستهەلات ل عیراقێ مە خودان کرینە مە سەدام و حکومەتا وی ژناف بریە دگەل هەڤپەیمانان هەمی ڕێککەفتن و دەستور هاتە دان ب ئیمزایا کوردان و مە ئەو کرنە ئەو و مافێ گەلێ کورد **17%**ب کێمی ژ بودجەیا عیراقێ هاتە دانان حکومەتێ ژ هەڤدە سەدێ کێم کریە هەتا وەختە بگەهیتە سفرێ بوچی کەس بەحسێ هندێ ناکەت کو عیراقا مافێ مە دخوت ب سەدان ملیار دولاران قەردارێ مەیە ، هێژایان کورت و کرمانج ل ڤان هەمی کاودانا یێن هاتینە سەرێ مە خاین و خوفروشان رێ خوش کرینە کو عیراق لسەر مە زال ببیت و حکومەتا عیراقێ دڤێت هەمی ئەو داهاتێ مە وەک هەرێمێ هەی ببەت و نیڤا وی داهاتی بدەتە مە ب منەت هندی حکومەتا مەیە دبێژیتە حکومەتا عیراقێ دێ هەمی ئەو تشتێن وە دڤێتن دەینە وە لێ دڤێت بودجێ هاتیە تەرخانکرن بە دروستی بگەهیتن مەرەم ژێ ئەو قەرێن مەژی لسەر وان بەرا بهێنە دان لەورا ڤی بارودوخی دڤێت هەمی پارت و لایەنێت کوردستانی ئێک دەست و هەڤرا بن کێشا مە چارەسەر نابیت هندی ب ئێک وودوو ڤەبین بەس یا راست حکومەتا مە یا بەرگریێ ژ مافێن ڕەوایێن گەلێ مە دکەتن دڤێت پشتەڤانێت حکومەتا خو بین ئەگەر برسی ژی بین نان و ئاڤێ بخوین نەهێلین کەس و چ لایەن مافی بدەتە خو ڤی مللەتی زەلیل بکەت بو پارەی و کێماتیێ بینێتێ بو عیراقێ تاکێ کورد هەیبەت نامینیت ، ئەز د وێ باوەرێ دامە زورەیا خەلکێ کوردستانێ دگەل ئێک بکەن هەول بدەن کێ دێ پتر خزمەتا ڤی خەلکێ هەژار کەت بەسە مە گەلەک نەخوشی دیتن ئیدی ڤی مللەتی هەدارا هندێ نەما خو لبەر چ ئازارێن دی بگریت بەسە خەلکی تورە کەن دێ رویێ راستەقینەیێ وە هەمیان دیار بیتن من ئومێدا هەی چەوا ڤی خەلکی خو لبەر ڤان هەمی نەهامەتی و دەردەسەریان گرتیە دێ ڤێ قوناغێ ژی دەربازکەن ب جانترین شێواز بەس لڤلڤین و پیلانا ناحەزان نەبیتن .


مستەفاخۆشناو


عیزەت عەبدولعەزیز


خەیروڵا عەبدولکەریم


محەمەد قودسی

لەسێدارەدانی چوار ئەفسەرەکەی کۆماری کوردستان لە بیرەوەریی (مەعرووف جیاووک)دا

چوار ئەفسەرە قارەمانەکەی 19ی حوزەیرانی 1947 لە مێژووی نەتەوەی کورددا بەزیندوویی دەمێننەوە

کەسایەتییە کوردەکانی بەغدا هەوڵ و کۆششێکی زۆریان بۆ گۆڕینی حوکمەکەیان دا، بەڵام بێسوود بوو

زانیار سەردار قرگەیی/ سلێمانی

مەعرووف جیاوک، کەسایەتییەکی سیاسی و ڕووناکبیرێکی پایەبەرزی نێونداری کوردە، سااڵنێکی زۆر کاربەدەست و پلەبااڵ و دەسەاڵتداری نێو حکوومەتی پاشایەتیی عێراق بووە تا ئەندازەی پارێزگار، لە تەمەنی ژیانیدا و لە ماوەی کاربەدەستیدا کۆمەڵێک هەڵوێستی جوامێرانەی گەورەی نواندووە بەرامبەر بە نەتەوەکەی، لە زۆر پرسی نەتەوەییدا خەمخۆرانە و دڵسۆزانە و پەرۆشانە بۆی تێکۆشاوە و ڕۆڵێکی باشی گێڕاوە، وەک پارێزەری مافەکانی گەلی کورد لە زۆر کاتدا پارێزەر و بەرگریکار بووە، تا ئەو ئاستەی توانای بووە درێخی نەکردووە و نەتەوەکەی فەرامۆش نەکردووە. لەگەڵ ئەوەیشدا لە بواری نووسین و تۆمارکردندا، بەتایبەت ڕووداو سیاسییەکانی پەیوەست بە نەتەوەکەی فەرامۆش نەکردووە و ڕۆڵی باشی لە مەیدانەکەدا هەبووە، بەتایبەت لەو سەردەمەدا کتێبێکی گەلێک گرنگ و بایەخداری بە زمانی عەرەبی نووسیوە و بڵاوی کردووەتەوە بەناوی: "مأساة بارزان المظلومة **1954** - ، (کارەساتی بارزان)ی ستەملێکراو" کە بە دەگمەن لەو کات و ساتانەدا توانراوە بەرهەمی سیاسیی وا گرنگ و بایەخدار بنووسرێت و مەزلوومیەتی بەشێک لە نەتەوەکەی لە ڕێگەی نووسراو و کتێبەوە بخاتە ڕوو، یا بۆ مێژوو تۆماری بکات، چونکە لەو ئان و ساتەدا، دەسەاڵتدارانی عێراق سانسۆریان لەسەر بەرهەمگەلێکی سیاسی و نەتەوەیی وەک کورد بەگشتی و بەتایبەت بارزانییە شۆڕشگێڕەکان هەبووە و بە هەموو جۆرێک قەدەخە بووە. مەعرووف کۆڕی عەلی ئەسغەر ئەفەندی کۆڕی حاجی مەولوود ئەسعەد بەدیعوئەلزەمانە، مەعرووف جیاوک لە **1/21/ 1958** کۆچی دوایی کردووە.

لە کتێبی (ڕۆڵی سیاسی و کارگێڕیی و ڕووناکبیریی مەعرووف جیاوک)، -1885 1958 لە ئامادەکەرن و نووسینی: "د. ئازاد عوبێد ساڵح"دا. گەلێک بابەتی بەنرخی تێدا تۆمار کراوە، د. ئازاد پەردەی لەسەر زۆر لایەنی گرنگ و شاراوەی ژیانی سیاسی و ڕووناکبیری و کۆمەاڵیەتیی (مەعرووف جیاوک) هەڵداوەتەوە، کە جێگەی سوپاسێکی زۆر و دەستخۆشیی و پێزانینە بۆ د. ئازاد عوبێد، کە سەرلەنوێ ئەم بەرهەمە بەنرخەی لە دیدگای ڕۆشنبیراندا هێناوەتەوە ڕوو و لە هەمان کاتیشدا بە نەوەی نوێی ئاشنا کردووەتەوە، بەم کارەیشی خزمەتێکی مەزنی بە مێژوو و ڕۆشنبیری و ڕووناکبیری و کتێبخانەی کوردیی کردووە و بیرخەرەوەیەک و ئاوڕدانەوەیەکی باشیشە لە ڕۆڵی مەزنی ئەو منەوەردی کورد (جیاوک)، کە هەڵوێستەکانی بە زیندوویی دەمێنێتەوە و شانازیشی پێوە دەکرێت و بەرز دەنرخێندرێت.

لەم کۆبەرهەمە ناوازەیەدا، زۆر لایەنی گرنگی تێدا تۆمار کراوە، بەاڵم ئێمە مەبەستمان تەنیا باسێکی نێو ئەم پەرتووکەیە، کە تیشکی بخەینە سەر، ئەویش باسی چوار ئەفسەرە قارەمانەکەی نەتەوەکەمانە، کە چەند ااپەڕەیەکی بۆ تەرخان کراوە، لە یادی لەسێدارەدانیاندا پێمان باشبوو یادیان بەرز ڕابگرین، بە پشتبەستن بەو کتێبە بەنرخەی ئامادەمان پێدا، کە بەم جۆرە نووسراوە:

مەعرووف جیاووک و لەسێدارەدانی چوار ئەفسەرەکە لە ساڵی 1947:

دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و پاشەکشەی بارزانییەکان و چوونی مەال مستەفا و هاوڕێکانی بۆ یەکێتیی سۆڤیەت، چوار ئەفسەرەکە لەگەڵ شێخ ئەحمەد بارزانی و ژن و منداڵ، خۆیان دایەوە دەست حکوومەتی عێراق. دوای گەڕانەوەیان چوار ئەفسەرەکە درانە دادگە و فەرمانی خنکاندنیان درا.

وەک د. کەمال مەزهەریش ئاماژەی پێدەکات "ئەو بڕیارە کوردستانی خرۆشاند، لە هەموو الوە دەنگ بۆ ڕزگارکردنیان لە پەتی قەنارە بەرز بووەوە. ژمارەیەک لە گەورە پیاوانی وەک ئەمین زەکی بەگ و تۆفیق وەهبی بەگ و بابا عەلی شێخ مەحمود (1996 -1912)، عەلی کەمال (-1900 1998) و مەعرووف جیاووک و ماجید مستەفا، سەرباری شەپۆلی بڕووسکەی خۆپیشاندەرانی کوردستان، وایان لە ساڵح جەبر کرد بەوە قایل بێت، بڕیاری خنکاندنی ئەو ئەفسەرانە بکرێتە حوکمی سەرلەبەری ژیان، بەاڵم عەبدولئیلاە (-1913 1958) کە جێنشینی مەلیک بوو، سوور بوو لەسەر خنکاندنیان. هەر لە ڕووەوە ئەو ڕۆژانەی بەر لەسێدارەدانی ئەفسەرەکان، مەعرووف جیاووک هەستی بە شپرزەیی و نارەزایی کردووە و بە شڵەژاوییەوە لەنێوان یانەی سەرکەوتنی کوردان، کە پڕی قوتابی و فەرمانبەری کورد بووە، سووڕاوەتەوە.

هەر وەک پێشتریش ئاماژەی پێکرا، مەعرووف جیاووک هەوڵ دەدات نوێنەر و پیاوماقوڵان (النوابوالاعیان)ی کوردەکان کۆبکاتەوە و کارێک بکەن بتوانن سەردانی (وەصی) عەبدولئیلاە بکەن، تاکوو حوکمی ئەوان و بارزانییەکانیش سووک بکرێت، بەاڵم هەوڵەکەی بێ ئاکام دەبێت، لەبەر ئەوەی جگە لە هەبیبەتوالا موفتی و مەحمود ئاغای زێباری و میرزا فەرەج شەریف، کەسی دیکە ئامادە نەبووە. تا لە شەوی 19ی حوزەیرانی 1947، ئەفسەرەکان لەسێدارە دران، بە پێچەوانەی هەموو گفت و بەڵێن و ڕێسا و بنەمای خۆیەدەستەوەدان. لەسێدارەدانی ئەمانە کاریگەرییەکی زۆری کردە سەر تەواوی خەڵکی کوردستان، وەک (مەعرووف جیاووک) نووسیوەتی، حوکمی ئەو زوڵمێکی ڕاوانە دەدەمە مێژوو و خاوەن ویژدان و ئاوەزداران. بۆیە لە دیدارێکدا لەگەڵ (دیجیرۆن)ی ئینگلیز، کە ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق دەبێت لەو کاتەدا، ناوبراو لە جیاووک دەپرسێت، ڕای سەبارەت بە لەسێدارەدانی چوار ئەفسەرەکە چییە؟ ئەویش لە وەاڵمدا پێی دەڵێت: وەزارەتی ساڵح جەبر بە لەسێدارەدانی ئەو ئەفسەرانە دوو هەڵەی گەورەی کرد:

1- بەپێی شەرع و داب و نەریتی ئێمە، ئەوەی خۆی بەدەستەوە بدات و پەشیمانیی دەربڕێت، نابێ لەسێدارە بدرێت.

2- ئەو لەسێدارەدانە تووڕەیی و ڕقێکی زۆری لە دڵی هەموو کوردێک چاند، کە تا هەتایە الناچێت.

لە دریژەی نووسینەکەیدا ئازاد عوبید دەنووسێت: پاشان سەبارەت بە تووڕەیی عەبدولئیلاە، ڕاوێژکار گوتوویە، لەبەر ئەوە بووە کە مەلا مستەفا جلی جەنەڕاڵی ڕووسیی لەبەر کردووە، لە وەاڵمدا جیاووک پێی دەڵێت: ئینگلیز لەو پتر پێی تووڕە بووە، بەاڵم ئەو چی بکات دوای ئەوەی شۆڕش نەما تێیدا بگیرسێتەوە. وا دیارە ڕاوێژکاریش بە ویژدان بووە، بۆیە گوتوویەتی "ئەو پیاوە واتە (بارزانی) لەو قارەمانانەیە، کە میژوو ناوی بە قەڵەمێکی زێڕین لە تۆماری ناودارانی جیهان تۆمار دەکات".

ئەو شاهیدییە بۆ مەلا مستەفا، لە ساڵی 1947، جێی تێڕامانە، بەتایبەتی لە کاربەدەستێکی ئینگلیزیش بێت. بۆچوونەکەی د. کەمال مەزهەر سەبارەت بە لەدارادنی ئەو ئەفسەرانە زۆر لەجێی خۆیەتی کاتێ نووسیوویە، بەاڵم عەبدولئیلاە کە جێنشینی مەلیک بوو، سوور بوو لەسەر خنکاندنیان، پێم وایە عەبدولئیلاە دەیویست بەو جۆرە کەمێک لەو برینە ساڕێژ بکات، کە بە سووچی پێداگرتنی ئەو ڕووخێنرا، لەشکرەکەی ئەوێ کە زۆربەی بارزانی بوو لەگەڵ چەند ئەفسەرێکدا گەڕانەوە بۆ سنووری عێراق.

بەهۆی خیانەتی کۆنەپەرستی و دەربەگ و ئیمپریالیزمەوە ڕووخێنرا، لەشکرەکەی ئەوێ کە زۆربەی بارزانی بوو لەگەڵ چەند ئەفسەرێکدا گەڕانەوە بۆ سنووری عێراق.

بەهۆی خەڵەتاندن و بەهەڵە چوونداً، چوار لەو ئەفسەرانە کە مستەفا خۆشناو و عیزەت عەزیز و خێرواڵا محەمەد قودسی بوون، خۆیان دا بەدست کۆنەپەرستانی دەوری پاشایەتی ئەوسای عێراق و هەرچواریان کران بە سێدارە و خنکێنران.

تەرمەکەی عیزەت عەزیز برایەوە بۆ ئامێدی و لای کانی و ئاوەکەی (کانی سنج) کە لە نزیک سۆاڵڤەوەیە نێژراوە. تەرمەکەی خێرواڵاش برایەوە بۆ هەولێر و لەوێ نێژراوە، تەرمەکەی مستەفا خۆشناو و محەمەد قودسیش هێنرانەوە بۆ شاری سلێمانی. ئەو ڕۆژە شاری سلێمانی بە جارێک خرۆشا، ژن و پیاو و ورد و درشت هەموو بەپیر تەرمەکەیانەوە چوون و بە پێشوازییەکی زۆر گەرمەوە لە گردی سەیوان نێژران، گەلێک لە شاعیرانی کورد لەو ڕۆژەدا قەریحەیان کرایەوە و هەستی خۆیان بەرامبەر بەو کارەساتە ناهەمواڕە دەربڕیوە بەتایبەتی هەڵبەستەکەی بێکەس کە بە ئاوازێکی تایبەتییەوە لەو ڕۆژەدا وترواە.

دیسان وا کۆستی نوێمان کەوتەوە
ئەم دوو دار تەرمە دوو نەڕەشێرە
لە ڕێی ئێمەدا گیانیان فیدا کرد
ئەو پەتەی لە ملی ئەمانە خرا
پلنگی ئەنگێڕاو بەهەڵمەت تر
وا پێمان ئەڵێن دەم بە پێکەنین
ئەم چووتە شێرە دڵێرەی شەرزە
هیچ پێیان ناوێ کفن و دفن و شین

گەڕی گەردوونە کوردی گرتەوە
زنجیریان پچڕان گەیینەوە ئێرە
ناوی بڵندیان وا بۆ خۆیان برد
ئەوانی خنکاند بەاڵم پەت پچڕا
کۆم هەتا قوڵ بێ مەڵەی خۆشترە
گیانمان فیدا کرد ئێوەی پێ بژین
لەناو میژوودا ناویان زۆر بەرزە
شەهیدن لەناو دڵماندا ئەژین

لە کتێبی (دیوانی پیرەمێردی نەمر)دا بەناوی (بۆ چوار ئەفسەرەکەی کورد) نووسراوە: لە ساڵی 1947دا، پاش ئەوەی کە کۆماری مەهاباد بەهۆی خیانەتی کۆنەپەرستی و دەربەگ و ئیمپریالیزمەوە ڕووخێنرا، لەشکرەکەی ئەوێ کە زۆربەی بارزانی بوو لەگەڵ چەند ئەفسەرێکدا گەڕانەوە بۆ سنووری عێراق. سااڵنە بە بەردەوامی لە گۆڕستانی پڵە پڵەی خۆشحاڵ کرد و کوردان کەوتنە خۆ بۆ هاوکاریکردن و یارمەتیدانیان، تا لە ڕێگەی ئەو کۆمارە ساوایە کیانێک و قەوارەیەکی سیاسی بۆ گەلی کورد دابمەزرێنن. لەو سەروبەندەشدا بوو، کە زۆر لە کوردپەروەران و خەمخۆرانی نەتەوەکەمان، هەر بەزووی پەیوەندییان بەو کۆمارەوە کرد، بەمەبەستی خزمەتکردن و پاراستنی ئەو کیانە نەتەوەییە، لە بەشی باشووری کوردستاندا مستەفا بارزانی و بارزانییەکان بەزووی خۆیان گەیاندە ئەو کۆمارە، بەمەبەستی بەرگریکردن و هەماهەنگی کردنیان، لەگەڵ سەرجەم چین و تۆێژەکان لە ڕۆشنبیران و ڕووناکبیران و مامۆستایان و ئەدیبان، لەنێویشیاندا (18) ئەفسەری نیزامیی کورد، کە لە ڕیزەکانی سوپای عێراقدا بوون و خەڵکی شارەکانی باشووری کوردستان بوون، دایانە پاڵ ئەو کۆمارە، بەمەبەستی دانانی پڕۆگرامێکی سەربازی و دامەزراندنی سوپایەکی نیزامیی پێشکەوتووی سەردەمیانە، هاوشان لەگەڵ چەندین ئەفسەری دیکەی بەشەکانی تری کوردستان، کە ڕۆڵێکی گەورەشیان لە بەرگریکردندا گێڕا لە ڕیزەکانی هێزەکانی پێشمەرگە بەگشتی و بەتایبەتی هێزەکانی بارزان.

دوای یازدە مانگ بەردەوامبوونی دەسەاڵت و خۆبەڕێوەبردی کۆمار، بەداخەوە کۆمارە ساوەکە تێکچوو، سەرجەم ڕۆڵەکانی گەلی کوردستان پەرشوبااڵو بوونەوە و پێشەوا قازی و هاوڕێکانی دەستگیر کران و بارزانی مستەفا بەخۆی و 560کەس لە هێزەکەی، خۆی نەدا بەدەستەوە و ئازایانە سنووری سێ دەوڵەتی درندەی بەشەڕ و بەرگریکردن و قوربانیدان بڕی و خۆی گەیاندە یەکێتیی سۆڤیەتی جاران، شێخ ئەحمەدی بارزان بەخۆی و بەشێک لە بارزانییەکان و خەڵکی شارەکانی باشوور، گەڕانەوە عێراق، بەو مەبەستەی حکوومەتی عێراق لەو ساتەوەختەدا لێبوردنی گشتی ڕاگەیەندبوو. (چوار) لەو (18) ئەفسەرە قارەمانانەی باشووری کوردستان، بەناوەکانی (عیزەت عەبدولعەزیز و مستەفا خۆشناو و خەیرواڵا عەبدولکەریم و محەمەد قودسی) خۆیان ڕادەستی ڕژێمی (تورکیا و عێراق و ئێران و سووریا)وە، هەر بۆیە لەو کاتەدا دامەزراندنی کۆمارێک لە بەشی ڕۆژهەاڵتی کوردستاندا، سەرجەم تاکەکانی گەلی کوردی لە پشایەتیی عێراق کرد و حکوومەتی عێراقیش دەسگیری کردن و لە بەرواری 18ی حوزەیرانی 1947 لە دادگایەکی سەربازیی ناعەدالەتدا بڕیاری لەسێدارەدانی دان، هەر لەوکاتەدا هەوڵ و کۆششێکی زۆری کەسایەتییە کوردەکانی بەغدا بۆ گۆڕینی حوکمەکەیان درا، بەاڵم بێسوود بوو، دەرئەنجام و لە بەرواری 19ی حوزەیرانی 1947دا بڕیاری خنکاندنیان جێبەجێ کرا و لەداردران و شەهید کران.

لەو ساتەوەختەدا گەلی کورد ماتەمینییەکی زۆر دایگرت و دووچاری بێ ئومێدییەکی زۆر هاتبوو، کۆستێکی گەورەیان کەوتبوو، بە تێکچوونی کۆمارەکە و بە لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێانی و بە شەهید کردنی چوار ئەفسەرە قارەمانەکە، بە جۆرێک کە تەواوی گەلی کوردستانیان خستە بەردەم چارەنووسێکی نادیار، جەماوەر هەستیان بە غەدر و زوڵم و زۆرێکی بێ ئەندازە کرد، دەرهەق بە گەلی کورد و ئەو چوار ئەفسەرە.

هەموو ئەمانەش وای لە شاعیران و خوێندەوارانی گەلەکەمان کرد، کە بە نووسین و دانانی هۆنراوەگەلێک گوزارشت لە غەم و پەژارە و کارەسات و ڕووداوە جەرگبڕەکانی ئەو کات بکەن، هاوسۆزی و پشتیوانی و پەرۆشییان لە ڕێگەی قەڵەمەکەیانەوە دەربڕن و ئەو ڕووداوانە بۆ مێژوو تۆمار بکەن، هەر ئەمەش وای کرد، کە دەیان شاعیری گەورە و ناسراو بە خامەی ڕەنگینیان لە ڕێگەی هۆنراوەکانیانەوە پشتیوانییان لێ بکەن و دژ بەو غەدر و زوڵمە مێژوویییە بوەستنەوە، هەتا چەندین ساڵ پاش ئەو ڕووداوە هەستەهژێنانە، بەردەوام لە ساڵیادەکانیشیاندا یادیان بەرز ڕاگرتوون، بۆ نموونە، ئەو شاعیرانەی هۆنراوەیان بۆ نووسیون، چ لەوکاتەدا و چ دواتر نووسیویانە وەک: پیرەمێرد، فایەق بێکەس، هەژار موکریانی، قانع، جەاڵل میرزا کەریم، کامەران موکری، (ع. ح. ب)، ئەحمەد دڵزار، جەمال شارباژێری و چەندانی دیکە، کە بەردەوام یادیان دەکردنەوە و ئێستاش هەمیشە لە ڕاگەیاندنەکان و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، سااڵیادەکەیان بەرز ڕادەگرن و سااڵنە یادیان دەکەنەوە.

وون بوون

نووسراوی گومرگی ابراهیم خلیل بەناوی کۆمپانیای العراق جۆری ئۆتۆمبێل کریت وول پیك اب/ دبل قەمارە یەك تەن ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٢٠٦٩ کاتی دهوك ژمارەی لاشە شاصی: LGWDB٣١٧٠KB٦١٢٥٤٥ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠٢٠/٦/١٧

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (غسان محمود رشید) لە بەرواری ٢٠٢٠/٦/١٦ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدار، واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت رۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس / شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:

١- دروستکردنی گلاسی کاغەزی ژمارە/ ١١٨S١٩٠٥٥٠٠٦ دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠٢٠ توانای K.W٢٦ گەورە.

٢- دروستکردنی گلاسی کاغەزی ژمارە/ DBHC٦٠٠ دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠٢٠ توانای K.W٧ گەورە.

٣- سێ دانە دروستکردنی گلاسی کاغەزی ژمارە/ ١١١٨S١٩٠٥٥٠٣٨ توانای K.W٢٨.

٤- سێ دانە دروستکردنی گلاسی کاغەزی ژمارە/ ١١٨S١٩٠٥٥٠٣٩ توانای K.W٢٦.

٥- سێ دانە دروستکردنی گلاسی کاغەزی ژمارە/ ١١٨C١٩٠٣٢٠٠٤توانای K.W٢٦.

٦- شرینگی بەستێت کردنی گلاس بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠٢٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٥,٥ دوو کۆنڤایەر

٧- پێنج کەتەری بڕینی کاغەزی گلاس بێ ژمارە دروستکراوی سینین مۆدێل ٢٠٢٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٥ *١.

* * *

دادگای بەرایی عەنکاوە

ژمارە: ٧٨/ب/٢٠١٩

بەروار: ٢٠٢٠/٦/٢١

جاردان

بۆ داوالێکراو: شاناز عبدالرحمن محمود شوێنی نیشتەجێبوون نادیارە

داواکار (دلدار رسول حمەلاو)

داوای ژمارە ٧٨/ب/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردبوو تێیدا داوای (٢٢٨٣٦٠٠/ دوو ملیۆن و دوو سەدو هەشتا و سێ هەزار و شەش سەد دینار) ئەم دادگایە لەرێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٧ بریاری کۆتایی بەپاشملە دەرکردووە بە دانی بڕی ٢٢٨٣٦٠٠ دوو ملیۆن و دوو سەدو هەشتا و سێ هەزار و شەش سەد دینار لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری شاری مامۆستایان بۆیە دادگا بریاریدا پێراگەیاندنت بەبریارەکە بۆ دەربچێت لە رێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆت هەیە خۆت یان بریکاردارت لەماوەی یاساییدا ناڕازیبوونی خۆت یان تێهەلچوونەوە یان پێداچوونەوە پێشکەش بکەیت بەپێی یاسا.

دادوەر/ تەرزە سالار عثمان

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر

ژمارە: ٢٠١٧/٣٦٠٦

رێکەوت: ٢٠٢٠/٦/٢١

ئاگاداری

بۆ/ قەرزار (سربست بایز عباس)

لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێتان و نیشتەنی هەمیشەیی و کاتی بۆ پێ راگەیاندنتان بۆیە لەرێگای رۆژنامەی ناوخۆ ئاگادارتان دەکەین بە مەبەستی ئاگاداریتان بەخەملاندنی لەملکی ژمارە ٣٤/١٤١ ك ٤٥ وارش لە ماوەی (١٥) رۆژ وە ملکی ئامازە پێکراو بەبری ١,٥١٥,٣٨٠,٠٠٠ ملیار دینار خەملێنراوە.

جێبەجێکاری داد/ ئاری فیصل دەباغ

* * *

ئاگاداری

بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی پارێزگای هەولێر هەلدەستێت بەکرێدانی کافتریا بە زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ و رێنمایی دارایی ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لەبەڕێوەبەرایەتی نشینگەی هەولێر بکات لەماوەی ٣٠ رۆژ دەست پێ دەکات لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی بەمەرجێك بارمتەی یاسایی ٢٠٪ یەدەکی پێ بێت لەبری خەملێنراو گشت خەرجیەکان بەکرێ دانیش لەئەستۆی کرێچیە.

* * *

رێقەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پاریزگەها دهوکێ بەشێ مولك و زەقی و زار

ژمارە: ٩/٣٠٠/١/١

رێکەفت: ٢٠٢٠/٦/١٨

ئاگەهداری

لدویف یاسا فروتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا سالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر قی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکرنێ دوویێ رادگەهینیت کو سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کرێدانا (ئاڤاهیێ خارنگەها گوزاری) لسەر پارچە ئەردێ ژمارە (المتروکە -١-) کەرتێ (٥٥) باگێرا علیا ب ڕووبەرێ (١٨٥)م٢ هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئێك زێدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا باگێرا بکەت د ماوێ ٣٠ سیە روژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د روژنامێ دا و ئەڤ سەرئێك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا باگێرا دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.

ئەندازیار/ دیار بحری رسول

رێڤەبەرێ گشتی

* * *

دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ

ژمارە: ١٧٨/ش/٢٠٢٠

رێکەفت: ٢٠٢٠/٦/١٧

ئاگەهداری

بۆ/ داوالێکەراو/ سمیع غلا محسن محمد/ جهێ ئاکنجی بوونێ نەدیارە داواکار (سفین طاهر احمد) داخازێ تێدا دکەت پەسندکرنا تلاقا دەرەکی (تصدیق طلاق خارجی) ئەوا رودای دناڤبەرا تە وێ وێ ژ تە ل (٢٠١٨/٣/١٠) ، و ژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە. لدویف ئاگەهدار یا دەستەکا هەلبژیر ل قەزا سێمێلێ – کومەلگەها تناهی ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو رۆژنامەیین روژانەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤێ دادگەهی ل دەمژمیر دەه ل سپیدەهیا روژا ٢٠٢٠/٦/٢٩ و لەبەروڤاژی ڤی جەندی دادبینی ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیی و ئاشکرایێ هیتەکرن..

دادوەر/ زیرك محمد صدیق عبدالکریم

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر

ژمارەی دۆسیە: ٢٠٢٠/١٠٧١

رێکەوت: ٢٠٢٠/٦/٢١

ئاگاداری

بۆ/ قەرزاران (بیاض حسین و سلیم صالح و رفعت یونس شریف و صلاح یونس شریف)

لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت، بۆیە بەپێی مادەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن، بڕیاردرا لەڕێگای رۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) رۆژ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی رێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (سامی کمال سعید) کە بڕی (٢٥,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینارە. ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.

جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه

* * *

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای گشتی (Giant Alpha - Engineering) بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا

ژمارە: ٥٩٨١

رێکەوت: ٢٠٢٠/٦/١٦

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (F.M.C.G) بۆ بازرگانی گشتی و هاورده و هەنارده/سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (F.M.C.G) بۆ بازرگانی گشتی و هاورده و هەنارده/ سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠٢٠/٦/٨) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (نجاة اسماعیل صالح) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٦/١٦

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (F.M.C.G) بۆ بازرگانی گشتی و هاوردە و هەنارده/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر - برج عدالە)

پاکتاوکار/ نجاة اسماعیل صالح

ناونیشان/ هەولێر/ برج عدالە

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٧٩٥٢٥٢٠

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا

ژمارە: ١٩٣١٦

رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٨

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (گاینت ئەلفا ئینجنیرینگ Giant Alpha - Engineering) بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (گاینت ئەلفا ئینجنیرینگ Giant Alpha - Engineering) بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٢٦) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (ئومید دلاوەر عمر میران) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/٢٨

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

خۆپارێزییەکان لە ڤایرۆسی کۆرۆنا



هەرێمی کوردستان کێشەی کەمی خۆراکی نییە

قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەرێم و وڵاتانی دراوسێ بە ڕێژەی 70٪ کەمیکردووە

وەزارەتی بازرگانی: 85٪ی خۆراکی کوردستان لە دەرەوە هاوردە دەکرێت

خەبات: عەلی بانیشاری

بەرپرسێکی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ڕایگەیاند بەهۆی بڵاووونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دراوسێ بڕ 30% دابەزیووە، ئەمەش کاریگەری گەورەی کردووەتە سەر داهاتی هەرێمی کوردستان. ئەو بەرپرسەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەڵێت: بۆ ئاسانکاری هاوڵاتیان و بازرگانەکان و کۆمپانیاکان دەسەڵات دراوە بە خاڵە سنوورییەکان بەبێ پێدانی مۆڵەت خۆراک و کەلوپەلی میکانیکی و کارەبایی هاوردەی هەرێمی کوردستان بکەن.



نەوزاد ئەدهەم، بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە(خەبات)ی ڕاگەیاند: ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە خاڵە سنوورییەکان بەردەوامە، بەڵام بەڕێژەی 70% کەمیکردووە، ئەمەش کاریگەری گەورەی لەسەر داهاتی حکوومەتی هەرێم.

نەزاد ئەدهەم دەڵێت: بۆ ئاسانکاری بازرگانەکان بە بێ مۆڵەت ڕێگەیان داوە خۆراک و کەلوپەلی پزیشکی و کشتوکاڵی و قێتێرنەری و ئۆتۆمبێل دەبێت مۆڵەتی هەبێت. بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێم باس لەوەشدەکات لە 85%ی خۆراکی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە هاوردە دەکرێت و هیچ کێشەیەکی کەمی خۆراک لە هەرێمی کوردستان بوونی نییە و سنوورەکانیش کراوەن.

ئەو بەڕێوەبەرە گشتییە گوتیشی: کۆگای کۆمپانیا ئەهلییەکان بەڕێژەیەکی باش برنج و شەکر و دۆشاوی تەماتە و مادە پاقلەمەنییەکانیان تێدایە. لەبارەی دابەشکردنی بەشە خۆراکی مانگانەی کەمی خۆراک لە هەرێمی کوردستان بوونی نییە و سنوورەکانیش کراوەن.

ئەو بەڕێوەبەرە گشتییە دابەشکردنی بەشە ئاردی مانگی چوار. لەبارەی ئەو هەواڵانەی باس لە قەرەبووکردنەوەی بەشە خۆراکی فەتاوی هاوڵاتیان دەکەنەوە؟ نەوزاد ئەدهەم گوتی: هیچ بڕیارێک بۆ قەرەبووکردنەوەی مادی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان نییە.

نەوزاد ئەدهەم باس کاریگەری ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر بازاڕ دەکات و دەڵێت: پێش هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا گەرم و گوڕییەکی باش بە بازاڕەکانەوە دیار بوو، بەڵام ئێستا وانەماوە، سەرەڕایی بەردەوامی ئاڵوگۆڕی بازرگانی، بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان چۆڵن، هاوڵاتیان ئەو پارە نەختینەی لەبەدەستیانە ناوێرن خەرجی بکەن. سەبارەت بە کەوتنەوە کاری کارگەکانی ناوخۆ؟ بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێم گوتی: زۆرینەی کارگەکانی ناوخۆ کەوتوونەتەوە کار، بەتایبەت کارگەکانی خۆراک و پاککەرەوەکان و چیمەنتۆ و ئاسن و بۆری و کارتۆن. بەگوێرەی ئاماری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکوومەتی هەرێم نزیکەی چوار هەزار کارگەی جۆراو جۆر لە هەرێمی کوردستان هەن.

بازرگانی هەرێم گوتی: ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی تورکیا لە ساڵی ڕابردوودا 12 ملیار دۆلار بووە، 40%ی ئەو ئاڵوگۆڕی کەلوپەلی خۆراکی بووە. هەر ساڵی ڕابردوو هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتی ئێران بایی 6 ملیار دۆلار ئاڵوگۆڕی جۆراو جۆری بازرگانی ئەنجامداوە، کە 50% ئاڵوگۆڕی کەلوپەلی خۆراکی بووە.



ئەو نەخۆشەی لە کۆرۆنا ڕزگاری بووە قسە بۆ میدیاکان دەکات

چاکبوویەکی کۆرۆنا: دژ بە ڤایرۆسەکە لە ڕووی دەروونییەوە خۆم لە تەلەڤیزیۆن و تۆڕی کۆمەڵایەتی دوورخستەوە

خەبات: سلێمانی

هاوکار ڕەشید کە یەکێکە لەو گەنجە چالاکوانانەی لە کاتی قەدەغەی هاتوچۆدا لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێیدا سەرقاڵی ئەنجامدانی کاری خێرخوازی بوون بۆ دابەشکردنی یارمەتی و هاوکاری بەسەر لێقەوماواندا، بەتایبەت لەو ماوەیەدا کە هەندێک لە هاوڵاتیان بەهۆی داخستنی بازاڕ و دووکانەکانەوە بێکارمابوونەوە و نانی ڕۆژانەیان بە ئەستەم دەستەدەکەوت.

هەر لە سەرەتای بڵاو بوونەوەی ڤایرۆسەکە لە شاری وهانی چین، ئەم گەنجە دەست دەکات بە بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر ڤایرۆسەکە و ئەو ڕاپۆرتە جیهانییانەی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لە هەژمارەکەی خۆی بڵاو دەکاتەوە و ڕێنماییە تەندروستییە جیهانییەکانی وەردەگێڕایە سەر زمانی کوردی و بڵاوی دەکردنەوە.

هاوکار وەک خۆی دەڵێت ڕۆژێک پۆستێکی کردووەو داوای کردووە کە هەموو خەڵک خۆیان بپارێزن، چونکە ئەو ڤایرۆسە بگاتە هەرێمی کوردستان ئەوا ئەم دووهەم کەس دەبێت دەیگرێت.

چوار مانگ بەسەر ئەو پۆستەی فەیسبووکیدا تێپەڕ دەبێت، درەنگانێکی شەو هاوکار هەست دەکات قورگی دەکزێتەوەو لوتی دەخوڕێت، گومان دەکات کە تووشی پەتاکەبووبێت، دەستبەجێ تەلەفۆن دەکات بۆ هاوڕێکی پزیشکی کە دۆستێتی و ئامۆژگاری بۆ خۆی ئەنجام دەدات. بۆ سبەی شەو لە یەکی حوزەیراندا ئەنجامەکەی دێتەوەو دەردەچێت کە پۆزەتیڤە و تووشی پەتای جیهانی کۆرۆنای نوێ بووە.

ئێستا زیاتر لە دوو هەفتە بەسەر تووشبوونی هاوکاردا تێپەڕیوە، بۆ گواستنەوەی چیرۆکی توشبوونەکەی هاوکار و چۆنیەتی چاکبوونەوەی، سەردانی ناوبراومان کرد لە ماڵەکەی خۆی لەگەڕەکی ئاشتی شاری سلێمانی.

هاوکار باس لە ژیانی ڕۆژانەی خۆی دەکات لە کونجی ژووڕێکداو دەڵێت: ناوبەناو پەنجەرەی ژووڕەکەم دەکردەوە و سەیرێکی دەرەوەم دەکرد و هەواگۆڕکێی ژووڕەکەم دەکرد. بۆ نان خواردن دەهاتمە مەتبەخ و لەوێ لە قاپ و کەوچکی جیاکراوەدا نانەکەم دەخوارد و دواتر سەرجەمیان بە ئامێری شوشتنی قاپ و قاچاخ پاکژ دەکرانەوە، چونکە پلەی گەرماکەی دەگاتە نزیکەی 70پلەی سەدی و هەر ڤایرۆسێک هەبێت دەیکوژێت.

هاوکات بەدرێژایی ئەو ماوەیە کە ئامادەنەبووە بچێتە نەخۆشخانە و کونجی ماڵەوەی هەڵبژاردبوو بۆ ئەوەی چاکبێتەوە، بەردەوام لەلایەن چەند دکتۆرێکەوە ڕێنمایی تەندروستی کراوە لەوانە بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی د.سەباح هەورامی و د. هادی عەلی.

هاوکار سەبارەت بەوەی کە چی جۆرە دەرمانێکی بەکارهێناوە بە، ڕێنمایی پزیشەکان یاخود بۆ زیاتر باش بوونی ڕەوشی تێکچووی تەندروستیی دەڵێت: جگە لە شروبێک و دەستەیەک پاراسیتۆڵ بۆ نەهێشتنی ئازار، هیچ دەرمانێکم بەکارنەهێنا، ئەمیش لەژێر ڕێنمایی دکتۆر هادیدا بەکارم هێنا، هەر ئەوە بوو. بەردەوام ڤیتامینەکانم بەکاردەهێنا. ڤیتامین سی، دی، بی 12.2، جگە لەوانە بەردەوام پرتەقاڵ و لیمۆ و ئاوی نەعنا و زەنجەفیل و سیرم دەکرد بە عەسارەداو گیراوەیەکم لێدروست دەکرد ئێواران و بەیانیان دەمخواردەوە. هاوکات سوپێکی سەوزەم دروست کردبوو خۆم لە زۆرێک لە سەوزەکان کە تێکەڵم کردبوو، خۆم دروست دەکرد و دەمخوارد. هەمو ڕۆژێک قاپێک دوو قاقم دەخوارد.

نیشانەکانی نەخۆشیەکەلە مندا جیاوازبوو کۆکەو پژمەی زۆرم نەبوو

سەبارەت بە نیشانەکانی نەخۆشیەکە، هاوکار باس لەوە دەکات کە ئەو پژمەو کۆکەی نەبووە، تەنیا قورگ ئێشە، سەر ئێشە، داهێزرانی جەستەی، ئازاری ماسولکە لە شان و پشتدا، سنگ ئێشە و بۆ ماوەی 3-4ڕۆژیش هەستی تام و بۆن کردنی لەدەست داوە. بۆ ئەمەش بەردەوام ڕۆحی نەعنای خستۆتە ناو ئاوی کەتری و گەرمی کردووە و هەڵمەکەی هەڵمژیەوە کە ئەمەش قورگ و سنگی پاک کردۆتەوە و هەستی پێکردووە.

بۆ ئەوەی بەرگری لەشم دانەبەزێ خۆم لە تەلەڤیزیۆن و تۆڕی کۆمەڵایەتی دوورخستەوە

هاوکار بەس لەوە دەکات کە شەڕی ڤایرۆسەکە لەگەڵ مرۆڤدا وەک زۆرانبازی وایە، هەرکاتێک تۆ لاواز بیت ئەو لەوکاتەدا لێت دەدات و دەڵێت: بۆی هەرشتێک هەستم بکردایە بەرگریم لاواز دەکات ڕاستەوخۆ لێی دوور دەکەوتمەوە، بۆ نموونە ئەو ڕاپۆرتانەی باسیان لە مردنی تووشبوانی کۆرۆنا دەکرد، یان باسیان لە مانەوەی کاریگەرییەکانی کۆرۆنا دەکرد لەدوای چاک بوونەوە، هەموو ئەمانە ترسی لا دروست دەکرم و نەخۆشییەکە هەستم دەکرد هێرشی بۆ دەهێنامەوە. بۆیە ناچار هەموو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانم وەلا ناو هەرگیز سەیری کەناڵەکانی ڕاگەیاندنم نەدەکرد، باشتر وایە فەیسبووک و تۆڕی کۆمەڵایەتی لەو ماوەیەی نەخۆشییەدا وازلێبێنیت چونکە خەڵک بە نەشارەزایی تێدەکەوێت، هەرچی بەر دەستبکەوێت بلاوی دەکاتەوە، ئەمەش خراپ دەکەوێتەوە لەسەر باری دەروونی و تەندروستی تووشبووان".

هیچ دەرمانێکم بەکارنەهێنا بۆ تەندروستیم، تەنیا خواردنی سەوزە و میوە و هەندێک گیراوە ڕزگاریان کردم

دەبێت هەموو وزەی لەشت بخەیتە خزمەتی سیستەمی بەرگریتەوە تاکو شەڕی ڤایرۆسەکە بکات


هاوکار ڕەشید باس لەوە دەکات کە نەخۆشیەکە بەردەوام هەوڵی لاواز کردنت دەدات بەڵام ئەگەر بێت و تۆ بڕیارت دابێت لەو بەهێز تربیت ئەوا خاڵی وەرچەرخان دەبێت بۆت و بەردەوام سەردەکەوێت بەسەریدا و دەڵێت: ئەو کاتەی کە هەستدەکەیت ڤایرۆسەکە زاڵە بەسەر دەروونتدا و خەریکە لاوازت دەکات لە ڕووی دەروونەوە، دەبێت تۆ ڕاستەوخۆ خۆت سەرقاڵ بکەیت بە شتێکی لاوەکییەوە، بۆ ئەوەی بیرت لای نەخۆشیەکە نەمێنێت، لەوانە سەیرکردنی فیلم، کتێب خوێندنەوە.

منداڵەکەم بێزاربوو لەماڵ چونکە نەمدەهێشت ئەویش بچێتە دەرەوە

هاوکار ڕەشید باس لەوە دەکات بە درێژایی ئەو ماوەیە منداڵەکەی ڕۆژانە دەهاتە نزیک دەرگاکەو دەیگووت باوکە ئاو ناخۆیت، هەستی دەکرد کە دۆخێکی تایبەت هەیەو ناتوانێت نزیک بێتەوە، یەک دوو جار دەهاتە بەردەرگای ژووڕەکە و سڵاوێکی لێکردووە و نەیهێشتووە نزیکی بکەوێتەوە، هاوکات ڕێگری کردووە لەوەی کە ئەویش بچێتە دەر، نەوەک هەڵگری ڤایرۆسەکە بێت و بچێتە دەرەوەو بەهۆی ئەوەوە چەندین کەسی تر تووشبێت.

هەست بە ڤایرۆسەکە دەکەم کە لەجەستەمدا نەماوە

هاوکار باس لەوە دەکات کە لەماوەی 10 - 12 ڕۆژدا هەستم کرد ڤایرۆسەکەم تێپەڕاندووەو دوای ئەوەی چوومەوە بۆ پشکنین سوپاس بۆ خوا نێگەتیڤ دەرچوو، ئێستاش چاوەڕێ دەکەم 15 ڕۆژی تر تێپەڕێت تاکو بتوانم پلازمای خوێنم ببەخشم بەوانەی کە تووشی ڤایرۆسەکە بوون و دۆخیان ناجێگیرە.





هاوکار ڕەشید:
هەر کە زانیم تووشی کۆرۆنا بووم تەلەفۆنم بۆ هاوسەرەکەم کرد و داوام لێکرد ژووڕێکم بۆ جیا بکاتەوە

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1941:
بە بەشداریی **4.5** ملیۆن سەرباز ، هێزەکانی ئەڵمانیا هێرشی کردە سەر مۆسکۆ.



سالی 1973:
کەنەدا سزای لەسێدارەدانی بە یەکجاری قەدەغە کرد.



سالی 2002:
بومبەلەرزەیەکی بەهێز لە رۆژئاوای ئێران رووبدا **261** کەس گیانیان لەدەست دا.



سالی 2004:
حکوومەتی بەحرێن شەش کەسی سەر بە ڕێکخراوی قاعیدەی ڕاگەیاند.



سالی 2009:
سەرۆکی کۆماری ئەنگۆشیا لە هەوڵێکی تیرۆرستی ڕزگاری بوو.



سالی 2019:
لە وڵایەتی ئەمهەرەی باکووری ئەسیوپیا کۆتایی بە کودەتایەکی سەربازی هێنرا.


ڕووسیا کۆتایی بە (تاک جەمسەریی) لە جیهاندا دێنێت

ئا:ڕەمزی میرەکانی

بەشی دووەم کۆتایی

پێش هاتنی ساڵی **2020** ،پرسیارێک لە بارەی پەیوەندی نێودەوڵەتی وڵاتەکەی، لە سەرۆکی ڕووسیا ، ڤلادیمێر پۆتین کرا، ئەویش بە متمانەوە وەڵامی دایەوە، وڵاتەکەی لە (شکاندنی تاک جەمسەریی و خستنەڕووی پرۆسەی هێنانەکایەی سیماکانی سیستمێکی تازەی نێودەوڵەتی فرەجەمسەر) سەرکەوتوو بووە. ڕووسیا لە ساڵانی کۆتاییدا، زۆر جار ئەو دەستەواژەیەی دووبارە کردووەتەوە، بەڵام شتە تازەکەی ئەوەیە ، گەورەکەی کرملێن، دوای ئەو ڕستەیە دووپاتی کردەوە ، بەوەی (جیهانە فرەجەمسەرەکەی سبەی، دەبێتە ژینوار و کەس ناتوانێت نکۆڵی لێ بکات) ، هەرچەندە هەندێ هێز دەیانەوێت هەژموونی خۆیان بەسەر سیاسەتی جیهاندا بەسەپێنن.

ئەو وڵاتانەی کەبە هەموو شێوەیەک دەیانەوێت، خۆیان لەژێر هەژموونی ڕووسیا دەربهێنن و پەیوەندی جێگرەوە، لەگەڵ ناتۆ و یەکێتیی ئەورووپادا دروست بکەن



بەڵام ڕووی دووەمی گرنگی ئەو ڕاگەیاندنە ئەوەیە ، مۆسکۆ، کار لەسەر یارمەتیدانی چین، بۆ بردەودان بە تۆڕێکی هاوشێوەدا دەکات، بە گوێرەی وتەکانی سەرۆکی ڕووسیا بێت، چین،بەتەنیا دەتوانێت تۆڕێکی گرتنی تەواو دروست بکات، بەڵام هاریکاری ڕووسی-چینی، ڕەنگدانەوەی ئاستی پەرۆشی هەردوو وڵاتە ، لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی هەڤرکییە هاوبەشەکاندا. پەیوەندیش لەگەڵ چین، کە ئەمسالەکە وەکو هاوبەشی یەکەمی بازرگانیی مۆسکۆ، شوێنی یەکێتیی ئەورووپای گرتووەتەوە، قەبارەی ئالوگۆڕی نێوانیان خۆی لە 100ملیار دۆلار دەدات، لە مێژە تەنیا لەسەر پەیوەندی ئابووری و بازرگانی، لە دیدی ڕووسەکانی دروستکەری بڕیار نەوەستاوە، بەڵکو بەرەو هاوبەشییەتییەکی ستراتیژی گشتگیر پەڕیووەتەوە، کە لە هاوهەڵوێستی لە هەمبەر کێشانی سیماکانی سیستمی نێودەوڵەتی دەردەچێت و ، بەرەو هاودەنگی لەسەر میکانیزمی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی جیاواز دەچێت، تاکو دەگاتە توخمێکی گرنگ، ئەوەی (سیاسەتی سزاکانی ئەمریکا) ، کە هەردوو لایەنی گرتووەتەوە، دابینی کردووە، ئەوەش بەرەو دامەزراندنی میکانیزمێکی هاوبەش، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان هەنگاو دەنێت. هەرچەندە مۆسکۆ ڕایگەیاندووە، هەوڵ بۆ دامەزراندنی (هاوپەیمانییەتییەکی سەربازیی) لەگەڵ چین نادات، بەڵام بە جوولەکردنەکانی لەگەڵ پەکین، بە گەشەکردنی هەڵوێستەکان لە لایەنی بەرامبەرەوە بەستاوەتەوە، بۆیە ڕاگەیاندنی پۆتین، بەوەی وڵاتەکەی بە بایەخەوە (چاودێری دروستکردنی هاوپەیمانییەتییەک دەکات، کە لە ئەمریکا ، ژاپۆن و کۆریای باشوور پێکهاتبێت) ، دووپات کردنەوەیە لەسەر ئەوەی، مۆسکۆ پەکین، بەیەک هەڵوێستی هاوبەش، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جوولەکردنەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا هەنگاو دەنێن.

پەڕینەوە لە دەروازەی سووریاوە

مۆسکۆ لە ساڵی **2019**دا، لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی دەستوەردانی ڕاستەوخۆی لە جەنگی سووریا ، لە کۆتایی مانگی ئەیلوڵی ساڵی **2015** بەردەوام بوو. هەرچەندە زیاتر لە جارێک دووپاتی کردەوە، کردەی سەربازیی فراوان لە سووریا کۆتایی هاتووە، بەڵام ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی سووریا ، بەهێشتا بۆ ڕووسیا ، بە هەڤرکییەکی بنەڕەتی دادەنرێت، لەبەر ئەوەی ڕووداوەکان پارەکە، گەشەی فراوانی بەخۆوە بینی، کە بە هاودژی هەڵوێستەکانی ئەمریکا ، لە بارەی کشانەوەی لە سووریا ، تاکو دەگاتە هێشتنەوەیەکی سنووردار واشنتن گرێدرا ، بەڵام بۆ مۆسکۆ، لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی فورات مایەی نیگەرانییە. مۆسکۆ، خۆی لەبەردەم ڕاستییەک بینییەوە، ئەوەیش ئەوەیە ، توانی لە گێڕانەوەی بەشی هەر گەورەی خاکەکانی سووریا ، بۆ ژێر کۆنترۆڵی دیمەشق سەرکەوتوو بێت، بەڵام پێدەچێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی مانەوەی ئەو بەشە ، کە زۆرینەی شۆڕشی سووریا لە خۆ دەگرێت، لەژێر کۆنترۆڵی ئەمەریکا سەرکەوتوو نەبێت، ئەوەش مانای بەربەست خستنە بەردەم هەموو پڕۆژەکانی ڕووسیا ، بۆ پاڵنانی ڕۆژهۆی ئاوەدانکردنەوە، گێڕانەوەی پەرنابەران و دابینکردنی ئاراستەیەکی سیاسیی، بە شێوەیەک کە هاوتای هەوەسەکانی کرملێن بێت دەگەڕێنێت. بە هاوەدمی لەگەڵ ئەو کێشەیەدا، مۆسکۆ خۆی لەبەردەم ڕووبەڕووبوونەوەی چاوتێبڕینەکانی ئێران، بۆ بەگڕخستنی پشکی سەرەکی لەو پڕۆژانەوە بەڕێوەچوون. تووخمی دووەم خۆی لە فراوانکردنی جێپێی بوونی سەربازیی دەنوێنێت. دوای کشانەوەی ئەمەریکا لە ناوچەکانی باکووردا، هێزەکانی ڕووسیا ، دەستیان بەسەر چەند بنکەیەکی ئاسمانی گرنگدا گرت، تێیدا دەستیان بە چاکردنەوە و تازەکردنەوە کرد، کە وای دەردەخات، مۆسکۆ، بەنیازە بۆ ماوەیەکی زۆر لەوێ بمێنێتەوە. لە بەشەکەی دیکەی بوونی ڕووسیا لە سووریادا، مۆسکۆ، لە ڕنینەوەی ئەنجامەکان لەسەر ئاستی باشترکردنی پەیوەندییەکانی و بوونی هەرێمایەتی بەردەوام بوو. بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی پێشوودا، بوونی سەربازیی مۆسکۆ، لەوانەیە هەستی وەڕەسی لە پایتەختەکانی عەرەبی لە دژی بوروژێنێت. بوونی سەربازیی لە سووریا ، ڕۆڵی لە باشترکردنی ئاراستەی کراوەوەی هەرێمایەتی بەڕووی مۆسکۆدا هەبوو، لە میانی تێگەیشتنی زیاتری لایەنە عەرەبییە کاریگەرەکان، بەوەی بێجگە لە لەیەکتری گەیشتن لەگەڵ مۆسکۆ، هیچ شتێکی دیکە ، بۆ پێشهاتەکانی داهاتوو لە سووریا و ناوچەکەدا نییە. هەروەها لە چوارچێوەی قنیات بوون بە پێویستی گفتوگۆکردن لەگەڵ مۆسکۆ، لەسەر ڕێچکەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی چاوتێبڕینەکانی هەرێمایەتی ئێراندا.لەو چوارچێوەیەدا، لە ساڵی **2019**دا، سەردان و دیدارەکان لەسەر ئاستی سەرکردەی وڵاتە عەرەبییەکانی ئەفریقیا. ئەو کەشوهەوایانە هانی مۆسکۆی دا، بوونی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی وەکو ئاسایش لە ناوچەی کەنداو زیاتر بکات، هەر بۆیە مۆسکۆ، دیدی جێگرەوەی بۆ خستنەڕووی ئەمریکای، لە بارەی میکانیزمی سەلامەتی دەریاوانی و شێوازەکانی باشترکردنی ڕەوشی ناوچەکە، لە میانی ئەنجامدانی گفتوگۆیەکی کەنداوی-ئێرانی لووتکە، لە نێوان مۆسکۆ و پایتەختەکانی عەرەبی، بۆ خستنەڕووی دیدەکان بوون، بەوەی هەردوو لا کار لەسەر باشترکردنی هاریکاری لە هەموو بوارەکاندا دەکەن. ئەوەش لە میانی سەردانەکەی سەرۆکی ڕووسیا ، بۆ سعودیە ئیمارات دەرکەوت، هەروەها لە ڕێکخستنی یەکەم لووتکەی ڕووسی ئەفریقیش دەرکەوت، ئەوەی زۆربەی سەرکردەکانی کیشوەرەکە تێیدا بەشدار بوون، لەوانە خستەڕوو. هەرچەندە ئەو دەست پێشخەرییەی ڕووسیا ، ئاسوودەییەکی فراوانی لە ناوچەکەدا نەبینی، چونکە پشتی لە سیاسەتە هەرێمایەتییەکانی ئێران و دەستوەردانی ئێرانی لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکەدا کرد، کەچی مۆسکۆ، هێشتا پێی وایە، بناغەیەکە بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ لە نێوان لایەنەکانی ئەو ناوچەیەدا.

سەرچاوە:
www.aawsat.com

وێنەو کۆمێنت

تویتەر هەزاران ئەکاونتی دیکەی داخست..

کۆمپانیای تویتەر ڕایگەیاند کە دەیان هەزار ئەکاونتی داخستووە کە پەیوەندیان بە حکوومەتی چین و ڕووسیا و تورکیاوە هەیە و بۆ مەبەستی پروپاگەندەکردن و هەڵخەڵەتاندنی ڕۆژنامەنووسان بەکار هێنراون.
سەبارەت بە وردەکاریی ئەم پرۆسەیە، تویتەر ڕایگەیاند ژمارەی ئەکاونتە داخراوەکان بەم شێوەیە بوون:
23 هەزار و **750** ئەکاونتی داخراو پەیوەندیان بە چینەوە هەیە و لەلایەن **150** هەزار ئەکاونتی تروە پشتگیریان لێ دەکرێ ، هەروەها نزیکەی **7340** ئەکاونتی دیکە سەر بە تورکیان و **1152**ی دیکەش پەیوەندیان بە ڕووسیاوە هەبووە.تویتەر باسی لەوەش کردووە کە ئەگەرچی ئەم ئەکاونتانە داخراون بەڵام بەهۆی ئامانجی تۆڕینەوەی زانستی ناوەڕۆکیان لە پێگەی زانیاریی تایبەتدا هەڵگیراوە.



مێژووی پێکدادانەکانی نێوان چین و هیندستان لەسەر سنووری نێوانیان



گرژییەکانی نێوان هیندستان و چین دوای کوژرانی **20** سەربازی هیندستان کە ئەفسەرێکیشیان لەنێودا بوو سەرلەنوێ سەری هەڵدایەوە و ئەوەی بووەتە جێی سەرنج ئەوەیە دەیان ساڵە گرژی لەو شێوەیە لەنێوان ئەو دوو وڵاتە روو دەدەن.بەپێی ئەو رێککەوتننامەیەی لەنێوان هیندستان و چین لە **1993** واژووی لەسەر کراوە بڕیار دراوە کە نابێت ئەو سەربازانەی لەسەر سنوور دەورییە دەکەن، چەکیان هەڵگرتبێت.

هیندستان رایگەیاند کە یەکەکانی چین چوونەتە ناو 10 کیلۆمەتری هێڵی کۆنترۆڵی فییلی و لە داوڵات بێگ ئۆڵدی کەمپیان کردووەتەوە کە ئەو هێڵە دەکەوێتە نێوان هەردوو وڵات

.

هەردوولا یەکتر تۆمەتبار دەکەن

گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی چین، کاو لیسیان رایگەیاندووە کە دوێنێ سەربازانی هیندستان بە شێوەیەکی زۆق رێککەوتننامەکەیان لە ناوچەی لاداخ پێشێل کردووە، دوو جار بە شێوەیەکی نایاسایی بە سنوورەکەدا تێپەڕیوون و هێرشی ئیستیفزازییان کردووەتە سەر سەربازانی چین. لەلایەن خۆیەوە گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی هیندستان، ئانوراگ سریڤاستاڤا رایگەیاند کە لەو باوەڕە دایە کێشەکانی ناوچە سنوورییەکان بە رێگای دیالۆگ و ئاشتی چارەسەر دەکرێن. لە ماوەی ئەم **70** ساڵەی رابردوودا، ئەم دوو وڵاتە کێشە و ناکۆکییان هەیە لەسەر سنوورەکانی نێوانیان.

گەڕانەوە بۆ مێژوو

1962 - 1947:

1-چین رێگەیەکی بە درێژایی هەزار و **200** مەتر بونیات نا کە ڕۆژئاوای ناوچەی تیبێت و هەرێمی خۆڕێبەری ئویگوری سینجان بەیەکەوە دەبەستەوە. رێگاکە بە **179** کیلۆمەتر لە باکووری هێڵی جۆنسۆن بە ناوچەی ئاکسایی چینداتێدەپەڕی کە هیندستان بە بەشێک لە خاکی خۆی دەزانێت. بە پشتبەستن بە رێککەوتنی سەرۆکوەزیرانی هیندستان، جەواهیر لال نەهرۆ و هاوتا چینییەکەی، سو ئێنلای لە **1960**دیدار و کۆبوونەوە لەنێوان بەرپرسانی هەردوو وڵات ئەنجام دران بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی سنوور. بەڵام ئەم دوو وڵاتە هەر نەگەیشتنە رێککەوتنێکی یەکجارەکی و لە ئاکامی ئەو جەنگەی بەم هۆیەوە لە **1962** لەنێوانیاندا رووی دا، سێ هەزار سەربازی هیندستان و **700**سەربازی چین کوژران.

2- پێکدادانەکانی "لاتو لا" و "چۆن لا" لە **11**ی ئەیلوولی **1967**:

سوپای چین هێرشی کردە سەر دوای ئەوەی چین دەستی بە دروستکردنی رێگایەک کرد بۆ ئەو ناوچە سنووریە، هیندستان هێزی سەربازی ڕەوانەی ناوچەکە کرد.

8- ئابی 2017:

لە ڕووداوەکانی دەریاچەی پانگۆنگ کە دەکەوێتە بەرزی چوار هەزار و **350** مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە، ژمارەیەکی زۆر سەربازی هەردوو وڵات بریندار بوون. ڕاگەیاندنەکانی هیندستان باسیان لەوە دەکرد کە **72** سەربازی وڵاتەکەیان بریندار بوون و بەشێکیان گەیەندراونەتە نەخۆشخانە.

9- پێنجی ئایاری 2020:

لە دەوری دەریاچەی پانگۆنگ کە لە هەرێمی لاداخی هیندستانەوە تا هەرێمی خۆجێی تبت لە چین دێژدەبێتەوە، پێکدادان لەنێوان سەربازانی چین و هیندستاندا ڕوویدا. لەو ڕێنانەدا کە لە ڕاگەیاندنەکاندا بڵاو کراونەتەوە ئەوە دەردەکەوێت کە سەربازەکان بە بۆکس لەیەکتر دەدەن و بەرد دەگرنە یەک.

10 -10ی ئایاری 2020:

لە دۆڵی موگوسانگ لە ویلایەتی سیکیمی هیندستان سەربازانی هەردوو وڵات ڕووبەڕووی یەک بوونەوە. بەگوێرەی هەواڵێکی کەنالی CNN لە پێکدادانەکاندا حەوت سەربازی چین و چوار سەربازی هیندستان بریندار بوون. لە هەواڵێکی "Press Trust of India" ئەوە هاتووە کە **150** سەرباز لە ڕووداوەکانەرە گلاون.

11-21 ی ئایاری 2020:

یەکەکانی چین وەک ناڕەزاییەک بەرامبەر دروستکردنی رێگا لەلایەن هیندستانەوە، چوونە ناو دۆڵی گالوان لە ویلایەتی لاداخ.

12- 24 ی ئایاری 2020:

یەکەکانی چین لە ناوچەکانی" Hot Springs, Patrolling Point 14 ve Patrolling Point 15" چادرگەیان هەڵدا و لە هەر یەکێک لەو ناوچانە **800-1000**سەربازی چینی چادری هەڵدا. هەروەها ئۆتۆمبێلی گەورە و تیمی چاودێری نێردرانە ناوچەکە.

15 -13ی حوزەیرانی 2020:

لە دۆڵی گالوان لە ویلایەتی لاداخ پێکدادان لەنێوان سەربازانی چین و هیندستان ڕوویدا و **20** سەربازی هیندستان کوژران. ڕاگەیاندنەکانی هیندستان بانگەشەی ئەوەیان کرد کە **43** سەربازی چینی کوژراون یان بەسەختی بریندار بوون.

پێنج ڕێککەوتن لەنێوان چین و هیندستان

چین و هیندستان لەسەر ناکۆکییەکانی سەر سنوور، پێنج ڕێککەوتنیان ئەنجامداوە کە بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوون:

1993: ڕێککەوتنی سەقامگیری تەواوی هێڵی چاودێری فیلی لەسەر سنووری چین-هیندستان.

1996: ڕێککەوتنی تایبەت بە ڕێوشوێنەکانی زیادکردنی ئاسایشی ناوچەی سەربازی هێڵی چاودێری فیلی لەسەر سنووری چین-هیندستان.

2005: پڕۆتۆکۆڵی جێبەجێکردنی ڕێوشوێنەکانی زیادکردنی ئاسایشی ناوچەی سەربازی هێڵی چاودێری فیلی لەسەر سنووری چین-هیندستان.

2012: دانانی میکانیزمی کارکردن بۆ هەماهەنگی و ڕاوێژکاری تایبەت بە پەیوەندییەکانی سنووری چین-هیندستان.

2013: ڕێککەوتنی هەماهەنگی پاراستنی سنووری نێوان چین-هیندستان.



مانشێت



ئێندیپێندێنت:
لە باخێکی شاری ریدینگی بەریتانیا کەسێک بە چەقۆ هێرشی کردە سەر ژمارەیەک خەڵک و لە ئەنجامدا سێ کەس گیانیان لەدەست دا و سێی دیکە بریندار بوون.



سکای نیوز:
دوای توشبوونی بە ڤایرۆسی کورۆنا، ئەحمەد رازی یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی تۆپی پێی عێراق گیانی لەدەست دا.



ئیلاف:
لە چەند ناوچەیەکی مەکسیک ژمارەیەک گۆڕی بە کۆمەڵ دۆزرانەوە کە تەرمی **215** کەسیان تێدابوو.



بی بی سی:
جارێکی دیکە لەسەر سنووەرکانی نێوان هیند و چین گرژی و ئاڵۆزیی ڕوویدایەوە و هیندیش لایەنی بەرامبەر تۆمەتبار دەکات.



ئەی ئێف پی:
لە ماوەی **24** کاتژمێری ڕابردوودا کەمتر لە **600** کەس لە ئەمەریکا بەهۆی کورۆناوە گیانیان لەدەست دا.



فرانس 24:
حکوومەتی چین بەنیازی دامەزراندنی ئانجوومەنی ئاسایشی نەتەوەییە لە هۆنگ کۆنگ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش ناڕازیە.

ئایا مانگ بەرگە هەوای هەبووە؟



کاتێک لە شەودا سەیری مانگ دەکەیت، گۆیەکی ڕەنگ سپی و خۆڵەمێشی بێ گیان و ژیان و وشک دێتە پێش چاومان، بەڵام پسپۆڕان دەڵێن: ڕاستی یەگجار زۆر زیاترو سەیرتر هەیە دەربارەی ئەو تاقە پاشکۆیەمان کە هیچ مەرج نییە بیانبینین یان هەست بە بوونیان بکەین.

لەم بارەیەوە، هەردوو لێکۆڵەر (دێبرا نییدهام) ی پسپۆڕ لە بواری گرکانی هەسارەکان و (دێڤید کینگ) ی پسپۆڕ لە زانستی هەسارەکان، کە هەردووکیان سەر بە (سەنتەری فرینی بۆشاییگەڕیی مارشاڵ) تایبەت بە (ئاژانسی ناسا) ن پێشبینی دەکەن کەوا چەند ملیار ساڵێک پێش ئێستا، مانگ خاوەنی بەرگە هەوایەکی تایبەت بەخۆی بووەو لە خودی بەرگە هەوای ئێستای هەسارەی (مەریخ) ئەستوورتر بووە، وە لە هەمان کاتدا لە توانای ئەو بەرگە هەوایەدا هەبووە کەوا دیاردەیەکی وەک سەرهەڵدانی تەوژمی (با) و هەڵکردنی ڕەشەبایەکان و لەبنەڕەتیشەوە، هۆکاری سەرەکی بوونی ئاو بووبێت لەسەر ڕووی مانگ، کە بەداخەوە، ئەگەر چی ئەو بەرگە هەوایە ئێستا نەماوە، بەڵام عەمباری مەزنی ئاو لە ژێرەوەی ڕووی خاکی مانگدا ماوەتەوەو لە ناوەڕاستی نەوەتەکانی ڕابردوودا دۆزرایەوە.

"ئەو پێشبینییە وادەکات بیرکردنەوەمان دەربارەی سروشتی مانگ بەتەواوی بگۆڕدرێت و ببێتە یەکێک لە پڕ بەهاترین و کاریگەرترین تەنی ئاسمانی بۆ لێکۆڵینەوەو دۆزینەوەی زانستیدا"، لە زاری (دێبرا نیدهام).

دۆزینەوەی بوون و ئەستوورایەتی و پێکهاتەی بەرگە هەوای کۆنی مانگ لەو کاتەوە بووە، کەوا حاڵیبوونێک دروست بوو لە بڕی ئەو گرتاوە گرکانیانەی کە نزیکەی 3.9 ملیار ساڵ پێش ئێستا لەناخی مانگەوە دەرچووە بۆ ڕووەکەی و ئێمەش ئەمڕۆ لەسەر شێوەی ڕووبەری تاریکدا دەیبینین، وە لەمبارەیەوە، هەردوو پسپۆڕ (نیدهام و کینگ) سوودێکی گەورەیان وەرگرتووە لە شیکردنەوەی بەردە (بازلتییەکان) ی ڕووی مانگ، ئەوانەی لە ڕێگەی گەشت و کەشتیوانەکانی پێشووتری بەردانەی لەگەڵ تەقینەوەکەدا بەرزبوونەوە ئاسمانی ئەو شوێنە، سەلماندی کەوا ئاو لەسەر شێوەی سەهۆڵ لەسەر ڕووی مانگ و بە تایبەتی لەجەمسەری باشووریدا هەیەو لەهەمان ساڵی دۆزینەوەکەی کەشتی (LCROSS) کە 2008 بوو، پسپۆڕان ئەوکاتە توانیان بڕێکی لەیەکچووی (گازە فریوەکان) بدۆزنەوە لەنێوان بارستە فریوەکانی نێو تەقینەوەی مووشەکەکەی (LCROSS) و ئموونەی ئەو خاک و بەردانەی لەمیانەی گەشتەکانی (ئەپۆڵۆ 15و 17) ەدا هێنرابوونەوە سەر زەوی، لەوانەی بوونی بڕێکی زۆر بەرچاوی (ئاو)، هەر بۆیە، ئەو لێکۆڵینەوە نوێیە دەیسەلمێنێ کەوا لەمێژووی هەرە کۆندا، مانگ خاوەن بەرگە هەوایەکی گەورە بووەو خودی مانگیش یەگجار زۆر جیاوازتر بووە لەوەی کە ئێستا وەک بیابانێکی وشکی بێ ژیان دەکەوێتە بەرچاو.

ئەگەر بۆ یەکجاریش لە ڕێگەی تلسکۆپێکەوە سەیری ڕووی مانگ بکەی، ئەوا دێمن و بیرۆکەیەکت پێ دەبەخشێ لەسەر بوونی مێژوویێکی کۆنی زیندوو و چالاک کە ئەمڕۆکە هەگیز نەماوە، چونکە لێکۆڵینەوەو دەرەنجامە هەرە تازەکانی ئێستا سەلماندی کەوا، ئەو دراوسێیە فەلەکییە هەرە نزیکەمان، ڕۆژێ لە ڕۆژان خاوەن بەرگە هەوایەکی وەک مەریخی کۆن بووە، هەر ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی پرسیاری زۆر زیاتر لەسەر ڕابردووی ئەم تاقە پاشکۆیە ئازیزەی هەسارەکەماندا.

پرۆژەی (ئەپۆڵۆ) هێنراونەتەوە سەر زەوی، بە تایبەتی لە دەرخستنی بڕی (گازە فریوەکان – Volatiles) بۆ نێو بەرگە هەوا لە دەرەنجامی تەقینەوەی گرکانەکان لەمێژووی هەرە کۆنی مانگدا.

دەرەنجامە سەرەتاییەکان دەریانخست کەوا، ئەو بەرگە هەوایەی کۆنی مانگ بڕماوەی نزیکەی 70 ملیۆن ساڵ بەردەوامبووەو لە بنەڕەتەوە پێکهاتبوو لە (یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن و گۆگردو ئاو)، بەڵام دوابەدوای کەمبوونەوەی چالاکیی گرکانەکان، بڕی گازە فڕەدراوەکانیش بۆنێو بەرگە هەوایەکە کەمتر دەبوونەوە، تا وایلێهات چالاکیی گرکانیی لەسەر ڕووی مانگ بە تەواوی وەستاو لە دەرەنجامدا، بەرگەهەوایەکەشی ڕووەو لاوازی دەچوو تا لەکۆتاییدا لەنێو بۆشایی ئاسماندا ونبوو یاخود ئەو گازانە نیشتنەوەو تاهەتایە بوونە بەشێک لەپێکهاتەی کیمیایی خاک و خۆڵ و بەردەکانی ڕووی مانگی ئەوڕۆکەمان.

لەلایەکی دیکەوە، پسپۆڕان ڕوونیان کردەوە، کەوا لە میانەی ئەو تەقینەوە گرکانیانەی مانگدا، بڕێکی یەگجار زۆری ئاو سەربەست دەکرا بۆنێو بەرگە هەواو ڕووەکەیدا، تا ئەو ڕادەیەی گەیشتبووە 3جار ئەوەندەی بڕی ئاوی نێو (کەندای چلیابینسک) لە (ڕووسیا).

یەکەم هێمای بوونی ئاو لەسەر ڕووی مانگ لەساڵی 1994دا گەیشتەوە زەوی، کاتێک کەشتی ئاسمانیی (NASA Clementine) پاشماوەی کارتێکردن و ئاسەواری ئاشکرای سەهۆڵی ئاوی لە هەردوو جەمسەری باکوورو باشووری مانگی دۆزییەوە، پاشان لەساڵی 1998 و لەلایەن کەشتی ئاسمانیی (Lunar Prospector) هێمای زۆر بەهێزو ئاشکرای بوونی بارستایی گەورەی (هایدرۆجێن) ی دۆزییەوە، بەڵام تا ئێستا 100% یەکلایی نەبۆتەوە، تاخۆ ئەو بارستانەی ژێرەوەی ڕووی خاکی مانگ ئاوە یان نا، بەڵاو دوای دە ساڵ، مووشەکێکی هاوێژراوی کەشتی ئاسمانیی (LCROSS) و تەقینەوەی ئینجا وەرگرتن و شیکردنەوەی داتا لەسەر ئەو بارستە خۆڵ و



بەرزترین ئاستی خۆرگیرانی نیمچەیی دوێنێ 2020.6.21 کاتژمێر 08:38 ی بەیانی لە ئاسمانی شاری (هەولێر) و تەواوی هەرێمی کوردستاندا.

فۆتۆ: ئازی چەتۆ حەسەن / ڕێکخراوی فەلەکناسی کوردستان

داتاکانی وەرزیی بۆ باری کەش و ئاوو هەوای جیهانیی بڵاوکرایەوە




ڕێکخراوی کەشناسی جیهانیی WMO سالانە بڵاوکراوەیەکی تایبەتی هەیە بەناوی (ئەپدێیتی داتاکانی وەرزیی بۆ ئاوو هەوای جیهانیی) کە تیایدا پێشبینییەک و خوێندنەوەیەکی سەرەتایی بۆ باری ئاوو هەواو بارانبارین بۆ ماوەی چەند مانگێکی داهاتوو دەکات، وە بۆ ئەمساڵ پێدەچێت بەهۆی دابەشبوونی پلەکانی گەرمای ڕووی ئاوی دەریاو زەریاکان کە لە ماوەی نێوان ئایار تا کۆتایی مانگی حوزەیراندا دڕێژە دەکێشێت، لە دەرەنجامدا، جۆرێک لە بەرزبوونەوەیەک لە پلەکانی گەرما لە ناوچەکانی باکووری هێڵی کەمەریی زەوی، واتە لە نیوەگۆی باکووردا بەخۆیەوە دەبینێت، وە یەکێک لەهۆکارەکانی ئەو بەرزبوونەوەیەی پلەی گەرمییی دەگەڕێتەوە بۆ دیاردەی قەتیسبوونی گەرمیی جیهانیی.

سەرەڕای نەبوونی کاریگەریی گەرمداهاتن کە هاوتایە لەگەڵ ڕووداتی دیاردەی (ئەلنینیۆ) کە ئەوەیان بریتییە لە گەرمداهاتنی چینەکانی سەرووی ئاوی (زەریای هێمن) وەک زمانەیەک لە ڕۆژئاوای (پیرۆ) تا مەودایەکی دڕێژ لەنێو ئەو زەریایەدا، بەڵام پلەکانی گەرمیی نزیک لە ڕووی زەوی لەسەر ئاستی جیهانیدا ئاستی پێوانەییان تۆمارکردووە، بۆ نموونە نیسانی ئەمساڵ بووە گەرمترین مانگی نیسان کە تاوەکو ئێستا تۆمارکراوە پاشان نیسانی ساڵی 2016 بە پلەی دووەم دێت، هەروەها پلەکانی گەرمیی لە مانگەکانی کانوونی دووەم و شوبات و ئاداری ئەمساڵیش دووەم بەرزترین پلەکانی گەرمایان تیادا تۆمارکراوە.

پێشبینی دەکرێت کەوا ڕێژەی بارانبارین لە سەرووی ڕێژەکانی خۆیان بن لەو ناوچانەی کە ڕاستەوخۆ دەکەونە سەرووی هێڵی کەمەری زەوی لەنێو (زەریای هێمن) و ڕۆژهەڵاتی (زەریای هیندی) تا ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتیدا، هەروەها لەسەر (ئۆسترالیا) و ناوچەکانی ڕۆژئاوانی زنجیرە دوورگەکانی (ئیندۆنیسیا).

هەروەها پێشبینی دەکرێت کەوا ڕێژەی نزمتری باران بارین تۆماربکرێت، کە کەمتر دەبێت لە ڕێژەکانی پێشتری خۆی لە ناوچەکانی نێوان باشووری ڕۆژئاوا تا باکووری ڕۆژهەڵات و باکووری (زەریای هێمن)، هەروەها بارینی کەمتری بارانلە ڕێژەکانی پێشتری خۆیان لە ناوچەکانی باشووری (ئەمریکای باشوور) و ناوچەی حەوزی (دەریای کاریبی) و (ئەمریکای ناوەڕاست) و نیمچە کیشوەری (هیندستان) دا.

کاکڵی زەوی تەوژمی ئاسنیی دروست دەکات




لە دۆزینەوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش و کەمێنەدا، زانایانی (بەریتانیاو دانیمارک) توانیان بگەنە ئەو ڕاستییەی کەوا لە ناوجەرگەی زەویدا، تەوژمی یەگجار زۆر مەزنی ئاسنی شلبووەوە لەناو کاکڵەی زەویدا هەیە!

پسپۆڕان دەڵێن، ئەو تەوژمە ئاسنییە لە چینێکی دەرەکیی شلی کاکڵی زەویدا دروست بووە، لە ناوچەیەک کە دەکەوێتە ژێرەوەی پسپۆڕانی فەلەکناسی سەربە (تلسکۆپی ئاسمانیی هابل) بەم دواییە توانیان (پاشکۆیەکی هەرە دوورو بێدەنگ!) بدۆزنەوە کە بەشێوەیەک لە دواوەی یەکێ لە دوورترین هەسارە بچووکەکانی دواوەی هەسارەی بچووکی (پلوتۆ) وە خۆی حەشاردابوو.

هەسارە بچووکەکە ناسراوە بە (ماکیماکی) کە یەکێکە لەو تەنە ئاسمانیانەی دەکەونە نێو ناوچەی ناسراو بە (پڕێنی کوپەر) و تیرەی ئەو پاشکۆیەی بە دەوریدا دەخولێتەوە دەگاتە 161 کیلۆمەترو ناونراوە (MK 2)، بەڵام بەهۆی دووری و تاریکییەکەیەوە، ئەو پاشکۆیە توانیبووی بۆماوەیەکی زۆر دوورو دڕێژ خۆی بشارێتەوە تا ئەوکاتەی کەوتە بەرچاوی (تلسکۆپی ئاسمانیی هابڵ) ەوە.

جەمسەری بەستووی باکوور بە پانتایی 420 کیلۆمەترو لە ساڵی 2000ەوە بە ڕێژەی 40 کیلۆمەتر لە ساڵێکدا فراوانتر دەبێت و بەڕای زانایانی پسپۆڕ لە بواری فیزیای زەویدا، لە توانای ئەو تەوژمەیە کە کایەی موگناتیسی زەوی دروست بکات.

لێکۆڵەرەوان پرۆسەیەکی ڕوانگەکردنی تەواویان ئەنجامداوە بۆ ئەو تەوژمە ئاسنییە لە ڕێگەی پرۆژەی (SWARM) کە پێکهاتووە لە 3 مانگی دەستکردی سەر بە (ئاژانسی بۆشاییگەڕی ئەورووپی – ESA) و تایبەتن بە ڕوانگەکردنی بەرگی موگناتیسی هەسارەکەمان. کاکڵی زەوی بە چینێکی شل دەڕوە دراوەو تیرەی دەگاتە 2200 کیلۆمەترو کاکڵیش لە چینێکی ڕەقی ئاسنیی ژ نیکلیی پێکهاتووەو تیرەی دەگاتە نزیکەی 1220 کیلۆمەتر.



ڕاهێنەری بەرشلۆنە بەرگری لە گریزمان دەکات

لەوکاتەوەی ئەنتوان گریزمان ئەستێرەی هەڵبژاردەی فەرەنسا چووتە کەتالۆنیا، نەیتوانیوە ئاستی ڕاستەقینەی خۆی لەو یانەیە پێشکەش بکات، یەشێوەیەک کە زۆرێک فشاری دەخەنە سەر کە ریزەکانی بەرشلۆنە جێبهێڵێت.

ماوەیەکە لە میدیاکانی ئیسپانیا باس لە ئاست خراپی ئەو ئەستێرە فەرەنسیە دەکەن و پێیان وایە کە نەیتوانیوە وەک نایماریش لەوێ خۆی دەربخات، و ئەم دەنگۆیانەش وای لە ڕاهێنەری بەرشلۆنە کرد کە لەسەر گریزمان بێتەدەنگ و ڕایدەگەیەنێت کە گریزمان یاریزانێکی خاوەن ئاستێکی بەرزە و هەموو کات لەناویاریگا جێی مەترسی بووە و من بۆخۆم زۆر مورتاحم کاتێک گریزمان یاری دەکات.

ئەحمەد رازی بەهۆی کۆرۆنا کۆچی دوایی کرد



یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی عێراق، ئەحمەد رازی بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COVID-19)، کۆچی دوایی کرد.

میدیاکانی بڵاویانکردەوە کە ئەحمەد رازی لە میانی وەرگرتنی چارەسەر لە نەخۆشخانەی نوعمان لە شاری بەغدا، بەهۆی کاریگەرییەکانی ڤایرۆسەکە لە جەستەیدا، ڕەوشی تەندروستیی تێکچوو و دواتر کۆچی دوایی کردووە.

بەپێی زانیارییەکان بڕیاربوو ئەمڕۆ ئەحمەد رازی بە مەبەستی چارەسەر بگواسترێتەوە بۆ ئوردن.

لە 13ی ئەم مانگە، تووشبوونی ئەحمەد رازی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕاگەیەندرابوو کە بەهۆیەوە گواسترابووەوە بۆ نەخۆشخانەی نوعمان.

هەفتەی ڕابردوو ئەحمەد رازی دوای باشبوونی ڕەوشی تەندروستیی نەخۆشخانەی جێهێشتبوو و گەڕابووەوە ماڵەوە، بەڵام دوای ڕۆژێک لە دەرچوونی لە نەخۆشخانە دووبارە ڕەوشی تەندروستیی خراپ بوو و گوستراپەوە بۆ نەخۆشخانە.

تا ئێستا، 29 هەزار و 222 کەس لە عێراق تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و لەو ژمارەیەیش هەزار و 13یان گیانیان لەدەستداوە و 13 هەزار و 212ی دیکەیش چاکبوونەتەوە.

سانجێرمان دوو گورزی کوشندەی بەرکەوت



یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی دوو گورزی کوشندەی بۆ خولی یانە پاڵەوانەکەی ئەوروپا بەرکەوت.

بەهۆی کۆتایی هاتنی بژندەکانیان و گەیشتن بەرێکەوتنی جێهێشتنی یانەکە لە کۆتایی وەرز، پاریس سانجێرمان لە توانای هەردوو یاریزانی یانەکە (ئیدیسۆن کاڤانی و تۆماس مۆنییێر) بێبەشبوو، ئەو دوو یاریزانە لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا ناتوانن لەگەڵ یانەکە بەردەوامبن و بەوەش یانەکە گورزی کوشندەی بەرکەوت. هەرچەندە ئەو دوو یاریزانە گەڕاونەتەوە پاریس و بەشداریان لە مەشقەکانی یانەکەدا کردووە کە بۆ خۆئامادەکردن بۆ قۆناخی هەشتی چامپیۆنزلیگ و یاریی کۆتایی جامی خولی فەرەنسی و سوپەری فەرەنسی.

یانەی ئینتەرمیلانی ئیتالی زۆر نزیکە لە گواستنەوەی کاڤانی و مونییێر کە دەتوانێ بەخۆڕایی بیانگوازێتەوە یانەکەی.

شاختار بووە پاڵەوان



یانەی شاختار دۆنسکی ئۆکرانی پێش تەواوبوونی پێنج گەڕی خولەکە، بەبێ ڕکابەر بووە پاڵەوانی خولەکە و ڕاستەوخۆ سەرکەوت بۆ خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا.

دوای ئەوەی بە ئەنجامی سێ گۆڵ بە دوو گۆڵ لە یانەی ئۆلیکساندریای بردەوە، یانەی شاختار جیاوازیی خاڵەکانی لەگەڵ یانەی دینامۆ کییێڤی دووەم بۆ 19 خاڵ بەرزکردەوە.گۆڵەکانی شاختار تایسۆن گۆڵێک و تێتێ دوو گۆڵیان تۆمارکرد.

بەم بردنەوەیە یانەی شاختار پێش پێنج گەڕ لەتەواوبوونی خولی ئۆکرانی بووە پاڵەوان، ڕاستەوخۆش بەشداری لە قۆناخی کۆمەڵەکانی چامپیۆنزلیگ دەکات.



زێدان: ڕاست نییە ئەوانەی دەڵێن ناوبژیوانان مجامەلەی ریال دەکەن

زێنەدین زێدان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوە کە گوایە ناوبژیوانان مجامەلەی ریال مەدرید دەکەن لە یارییەکانی خولی ئیسپانیا.

زێدان دەڵێت: هەموو کەسێک مافی خۆیەتی چی دەڵێت، بەڵام هەمووان ریال مەدرید دەناسن، سێ جار لەسەر یەکتری نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپای بەدەستهێناوە، پێویستی بەیارمەتی هیچ کەسێک نییە، پێویستە هەمووان ڕێز لە ناوبژیوانانی لالیگا بگرن.

ئەم لێدوانەی ڕاهێنەری ریال مەدرید لەدوای ئەوەوە هات کە پیکێ ئەستێرەی بەرشلۆنە پێشتر ڕایگەیاندبوو کە ریال مەدرید هیچ خاڵێک لەدەست نادات چونکە لەلایەن ناوبژیوانانەوە یارمەتی پیدەگات.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵ:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu.21. Jun. 2020 No: (5957)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

لە کوردستان هونەرمەند وەک سەربازی ون وایە، بەتاییەتیش هونەرمەندانی بواری شانۆ

هونەرمەند سەمیعە: هونەر وایکرد کەسایەتی خۆم بدۆزمەوە و تێکەڵ بەدونیایەکی گەورە ببم



دیمانە: پەریها عومەر

هونەرمەند سەمیعە محەمەد، ناسراوە بە سەمیعە هەڵەبجەی لە دایکبووی ساڵی (١٩٧١)ی هەڵەبجەیە، خوێندنی سەرەتای و ناوەندی لە هەڵەبجە تەواو کردووە، پاشان چۆتە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بەشی شانۆ، پاش تەواوکردنی پەیمانگا لە ساڵی (١٩٩١) لەهەڵەبجە ئەبێت بە مامۆستا و هەر لەوێ دەستیکردووە بەکاری هونەری لەگەڵ تیپی شانۆی هەڵەبجە بووە بە ئەندامی دەستەی تیپەکە. لە خانەوادەیەکی هونەری کەورەبووە، براو خوشکەکانی هاندەری سەرەکی بوون و هاوسەرەکەشی پاڵپشتی کردووە لەکارەکانی.

سەمیعە لەم دیمانەیەدا باسی ژیستای هونەری کوردی دەکات و دەڵێت: هونەر لە ژێستادا سەربازی ئەم هەموو نەهامەتی و بێ دەرامەتییەی هەیە تا رادەیەکی باش بەردەوام بووە. ئەمەش بە هۆی دڵسۆزی هونەر دۆستەکانەوە بووە، لەم وڵاتەی ئێمەی هونەرمەند تەنها وەکو سەربازێکی ونبوو کارمان کردووە بەتایبەتی لە بواری شانۆ و دراما.

هەروەها باس لە ڕۆڵی ئاسایی و ڕۆڵی سەرەکی کرد و گوتی: ڕۆڵی ئاسایی بێت یان سەرەکی بەلای منەوە هیچ جیاوازی نییە، ئێمە هونەرمەندین دەبێت هەموو کارەکتەرەکان بەلامانەوە ئاسای بێت کە ئەو ڕۆڵەت بۆ پێشنیار دەکەن دەبێ وەکو خۆی بیبینیت، بەڵام زۆر کات دەگەڕێتەوە بۆ بوونی کاتەکە، چونکە ڕۆڵی سەرەکی ماوەیەکی زۆری دەوێت بۆ کاتی وێنەگرتن.


هەروەها لەبەشێکی دیکەی قسەکانیدا دەڵێت: هونەر زۆر شتی بە من بەخشیووە، هونەر ئەوەی بەمن بەخشی کە بزانم کەسایەتی خۆم بدۆزمەوە نەوەکو لە یەک چوارچێوەدا بمێنمەوە تێکەڵ بە دوونیایەکی گەورەی کردم.

هەروەها ئەم هونەرمەندە لە بەردەوامی قسەکانیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات باس لەو کارانەش دەکات کە تێیدا بەشداری کردووە: من یەکەم کارم ساڵی (1982) بەناوی جگەرگۆشەکان بوو لە شاری هەڵەبجەی شەهید.پاشان لە تیپی پێشڕەوی شانۆی هەڵەبجەبووم بەپێنج ساڵ زیاتر لە 15شانۆ گەری بەشداربووم، هەروەها لەساڵی(1987) لەگەڵ تیپی شانۆی سلێمانیش کارمکردووە ئەویش شانۆی درندەی تووروس بوو لە سلێمانی و هەولێریش نمایشکرا، هەروەها لەهەموو فیستیڤاڵەکانی پەیمانگا بەشداریم کردووە. لە یەکەم کاری سینەمایدا بەشداربووم ئەویش وڵاتی بێ ئاسمان بوو دوای ئەویش فیلمی ڕاپەرین لە ساڵی (1998) بوو. دوای ئەوەش دەستم کرد بەکاری درامـا، لەساڵی (2001) لەگەڵ هونەرمەندی کورد خوا لێخۆشبوو حوسێن میسری ئینتر لێرەوە دەستم بەکاری درامـا کـرد. وەک ئەو درمایانەیە کەبەشداریم تێدا کردووە بریتێن لە:

خەمی چۆلەکان - ڕەشەی پۆلیس - حەسەنەفەنی - جومعە- نیشتیمان- ساتەکانی ژیان - ئەستێرەی بەختەکان - پەپولەماندووەکان- گەردەلول- سایە- سۆما- ریحانە- سەراب- سەمای تەرزە، بوون.

هەروەها باسی کاری تازەشیکرد گوتی: دواکاری ئەم ساڵیشم فیلمی ڕێگابوو لەسینەما سالم نماشکرا تائێستاش بەردەوامم لەکاری هونەری و خەریکی کارێکی دیکەم.

یەک هەناسە



نیسماعیل بەرزنجی
هەمور دووشەمەیەک دەینووسێت

ڕۆژانی کەرەنتین

11/5/2020

لەناو
ئەو هەموو حەیواناتە بەستەزمانانەی گەردوون
منی مرۆڤ، چەند درندەم!

***

لە ناو
ئەو هەموو گوڵ و گوڵزار و چیمەنەی گەردوون
منی مرۆڤ
درکێکی چەند تیژ و بە ئازارم!

***

لە ناو
ئەو هەموو تەیر و تواوە دەنگ خۆشانەی گەردوون
منی مرۆڤ
دەنگم چەند ناسازە

***

2020/5/12

نیو سەعات
خەریکی مێشێک بووم
نەمتوانی لەخۆمی دوورخەمەوە
خوایە
شەڕ چۆن بە من دەکرێت!

***

ئاو.. و ئاو بچی
زۆر لەوە خۆشترە
شەڕ و شەڕ و
ڕق و ڕق بچی

***

کوردی ئێمە نەزان و پاشکەوتن
پێکەوە پووش و ئاگر و نـەوتن
«حاجی قادری کۆیی»

چەند تەکنیکێکی سادە بۆ گەڕان لەنێو گووگڵ

هەردەوان: یەکەم: دۆزینەوەی وێنە، بۆ دۆزینەوەی وێنەیەک کە سەرنجی ڕاکێشاویت و هیچ زانیارییەکت لەسەری نییە یاخود دەتەوێت بزانیت لە کوێ گیراوە و چ کاتێک گیراوە، ئەوا وێنەکە لە کۆمپیوتەرەکەتدا سەیڤ بکە و دواتریش بڕۆ سەر گووگڵ و لەوێش بچۆرە سەر ئەو کامێرا بچوکەی کە دانراوە و لەوێوە وێنەکە دەدەیتە گووگڵ و چەندین وەڵامت دەست دەکەوێت.**دووەم**: ئەگەر دەتەوێت کارێکی بە پەلەی ژمێریاری ئەنجام بدەیت و هیچ ژمێرەرێک (حاسیبە) یەکت لەبەر دەست نەبوو، ئەوا دەتوانیت ڕاستەوخۆ ئەو کردارەی دەتەوێت لە گووگڵدا بیکەیت، بۆ نمونە ٢+٢ بنوسە لە گووگڵدا و ڕاستەوخۆ گووگڵ ئەنجامەکەت پێ دەدات.**سێیەم**: کەش و هەوا، ئەگەر دەتەوێت بزانیت کەش و هەوا چۆنە و چۆن دەبێت، ئەوا تەنها بنوسە کەش و هەوا و ناوی شوێنە بنوسە و ئەنجامێکی زۆر خێرات دەست دەکەوێت، بێ ئەوەی بتباتە نێو هیچ پێگەیەکییترەوە.**چوارەم**: نرخی شتومەک، بۆ ئەوەی نرخی شتێک بزانیت، تەنها ناوی شمەکەکە لە گووگڵدا بنوسە و نیشانەی $ یان هەر دراوێکیتر بخەرە پێشی و نرخەکەیت بۆ دەنوسێت.**پێنجەم**: بەهای خۆراکی، نازانیت بۆ خوانی ئێوارە پیتزا یان برنج ئامادە بکەیت؟ بنوسە (برنج VS پیتزا) بۆ ئەوا لیستی ئەو دوو خۆراکەت لە تەنیشت یەکەوە بۆ دێت و کۆمەڵێک زانیاری گرنگت سەبارەت بە بەها خۆراکی و سود و زیانەکانی بۆ دەخاتە ڕوو. **شەشەم**: پێناسەی چەمکەکان، ئەگەر دەتەوێت مانای وشەیەک بزانیت جا ناوبێت، شوێن بێت، کەرەستە بێت یاخود هەر شتێکبێت کە بە خەیاڵتدا بێت ئەوا تەنها وشەی بنوسە، ئەوا چەندین فەرهەنگ و لێکدانەوە دەخاتە بەردەستت. **حەوتەم**: زانیاری مێژوویی، ئەگەر دەتەوێت بۆ هەواڵێک بگەڕێیت کە لە ساڵی ١٨٨٠دا بڵاوکرابێتەوە، ئەوا گوگڵ ئەم بژاردەیەی خستوەتە بەر دەستت تا بتوانیت بە نێو هەواڵی ١٠٠ ساڵ پێش ئێستادا بگەڕێیت : **News-paper هەشتەم**: گەڕانی وورد، دەتەوێت ئەنجامی ئەو وشەیەی کە داوات کردووە بە دیاریکراوی بێتە بەردەستت و ئەو شتە زیادانەی تێدا نەبێت کە تۆ بەدڵت نییە، ئەوا کاتێک ئەو وشەیە دەنوسیت ئەم ئایکۆنە (-) بخەرە پێشی، بۆ نمونە (jaguar-)ی: **نۆیەم**: خواردن ئامادەکردن، ئەگەر ناوی ژەمی ئەو خواردنە بنوسیت کە دەتەوێت ئامادەی بکەیت، ئەوا تەنها ناوەکەی بنوسە و چەندین جۆر چۆنێتی دروستکردن و کاتی پێویست و کەرەستەی ئامادەکردنەکەی دەخاتە بەر دەستت.



ئەو مۆبایلە زیرەکانەی کە چاککردنەوەیان ئاسانە

هەردەوان: لەوانەیە مۆبایلەکەت بەباشترین دابنێیت چونکە دوای ماوەیەکی زۆر بیرکردنەوە هەڵت بژاردووە و لەگەڵیدا ڕاهاتوویت، بەڵام شارەزایان باس لە تایبەتمەندی یەکێک لە مۆبایلە بەناوبانگەکان دەکەن کە وادەکات باشترین بێت.لەکاتێکدا مۆبایلەکەت کێشەیەکی تێدەکەوێت دەستبەجێ دەچیتە لای کەسێکی شارەزا و دەتەوێت بەزووترین کات و بەئاسانی چاکبکرێتەوە، شارەزایان باس لەو مۆبایلە دەکەن کە بەکاتێکی کەم چاک دەکرێتەوە و هیچ کێشەیەکی گرانی نییە کە چاککردنەوەی ئەستەم بێت، ئەویش (LG G5)ـە و هەموو پارچەکانی بەئاسانی دەگۆڕدرێن و لەیەک جیادەکرێنەوە و پاتریەکەشی دەردەهێنرێت.

هاوکات دوای ئەویش گووگڵ پێکسڵ و ئایفۆن ٧ لەپلەی دووەمدا دێن و شارەزایان بەئاسانی چاکیان دەکەنەوە، بەڵام گالاکسی ئێس ٧ وەک ئەوانی پێشوو نییە و لەکاتی چاککردنەوەدا ماوەیەکی زۆری دەوێت و هەندێک جاریش چاک ناکرێتەوە.



ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید 19)

ڤایرۆسی کۆرۆنا
ئەو ڤایرۆسە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر کۆئەندامی هەناسە (وەک ئەنفلۆنزا).

ڕێگاکانی بڵاوبوونەوە:
ڤایرۆسەکە بە بەریەکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەسی تووشبوودا بڵاودەبێتەوە، کاتێك کەسی تووشبوو دەپژمێت یان دەکۆکێ، یان بەریەکەوتن و یان ئەو شلانەی لە دەم و لوتەوە دەردەچن.

جیاکەرەوەکانی:
جیاکەرەوە و ناسەرەوەی ئاسانی ئەم ڤایرۆسە ئەوەیە کە کەسی تووشبوو ئاو لە لووتی دێت و لەوزەکانی دەناوسێن و دەپژمێت و تا دەگرێت، لە هەندێ کەسدا سیپەکانی دەناوسێن و هەناسەدانی زەحمەت دەبێت.
نەخۆشییەکە ئاسان بڵاودەبێتەوە (زۆر کوشندە نییە)، مەترسی زۆر لەسەر بەساڵاچوان و ئەو کەسانە هەیە کە نەخۆشی (وەک ڕەبۆ و شەکرە و نەخۆشییەکانی دڵ)یان هەیە.

نیشانە سەرەکییەکان



تەنگە نەفەسی (حاڵەتی تووندی نەخۆشییەکە)

خۆپارێزی لە دەرەوە
لەئێستا هیچ پێکوتەیەکی خۆپارێزی نییە بۆ نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا.
بەشێوەیە دەتوانیت خۆت بپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا:
- شۆردنی دەستەکان بەبەردەوامی (کاتژمێری جارێك) بە جێلی تایبەتی کهولی یان بە ئاو و سابوون.
- لەکاتی کۆکین و پژمیندا دەم و لووتت داپۆشە.
- لەکاتی وەستان و گفتوگۆدا لەگەڵ کەسی بەرامبەر (بەتایبەت ئەگەر ئەنفلۆنزا یان هەر نەخۆشییەکی وەرزی هەبێت) بەدووری (1 مەتر) بووەستە.
- باشترە خۆت بپارێزی لە بەریەکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکدا (وەک تۆقەکردن و ماچکردن ...).
- بەکارهێنانی ماسک لە شوێنی قەرەباڵغدا.



خۆپارێزی لە ماڵەوە
ئەگەر نیشانەی نەخۆشی سەرەتاییت هەیە یانیش هەست بە ماندووبوون و داهێزان دەکەیت، باشترە:
- پشوو وەربگریت و بخەویت.
- خۆت گەرم داپۆشە.
- شلەمەنییەکان زۆر بخۆرەوە.
- گۆشت زۆر بکولێنەو و سەوزە و میوە جوان بشۆرەوە.
- ماڵ و ژوورەکان بەگەرمی بهێڵەوە تاوەکو زاڵ بیت بەسەر هەورکردنی لەوزەکان و نەهێشتنی کۆکە.

چارەسەریە پزیشکییەکان
ئەگەر هەست بە تا و کۆکە کرد، بۆماوەی 14 ڕۆژ لەماڵەوە بمێنەوە بۆ پارێزگاریکردن لە تە ندروستی خۆت و خەڵکی.
ئەگەر لەو ماوەیە باری تەندروستیت باشتر نە بوو، پێویستە سەردانی نەخۆشخانە بکەیت و حاڵەتەکەت بە پزیشك ڕابگەیەنیت تاوەکو چارە سەری پێویست وەربگریت.

سەرچاوە: ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی